# مامۆستای کورد

١٤



بەهاری ١٩٩٢

# مامۆستای کورد

ژماره ١٤، بەهاری ١٩٩٢

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

◆◆◆

ناونیشان: Address:

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

◆◆◆

ژمارەی پۆستگیرۆ ( حیسابی پۆست):
Postal Giro No. / Postgironr 43 55 59–0

## ناوەڕۆک

٢ مستووره، نیگار: قەرەنی جەمیل
٣ ژنەکوردێک، نیگار: محەمەدی نیکپەی
٤ شیعرێکی ناتەواو: شوان گەرمیانی
١٩ کاروانێ مە: قەدریجان
٢٠ ئۆنتۆلۆژیی زات: محەمەد کەمال
٢٩ کلاش ( شیعر): خ. سرەوت
٣٠ لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی ورمێ ( بەشی دووەم ).
٤٠ دیوانی شێخ رەزا
٤٢ ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژێر دەڕوا: هەژار
٤٨ کۆچی دوایی ی مەلا قادری مودەڕڕیس
٤٩ کتێبخانەی مامۆستای کورد
٥١ ڕانانی کتێبان: سۆڤێت و عێراق
گوزەرانی کوردستان
٥٨ زنجیرەسیمینارێک لە بارەی کوردستانەوە
٦٠ مەسەلەیەکی بەرگری (چیرۆک):گراهام گرین

تابلۆکانی سەر هەردوو بەرگ:هونەرمەند قەرەنی جەمیل



مەستوورە : ماهشەرەفخانمی کوردستانی          نیگار : قەرەنی جەمیل



ژنە کوردێک　　نیگار : محەمەدی نیکپەی

# شیعرێکی ناتەواو، مۆمێکی نیوەتەمەن

مەرگی شاعیری نیشتمانپەروەر

ئەحمەد موختار جاف

شوان گەرمیانی

## شاعیری

شەهید ئەحمەد موختار جاف هەمیشە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بووە کە دەبێت هەموو نەتەوەی کورد دەست بە دەستی یەکدا بکەن و لە پێناوی سەربەخۆییدا خەباتێکی بێوچان دەست پێ بکەن و تا ڕۆژی سەرکەوتن لەو ڕێگایە لانەدەن. بێگومان بووە کە دەبێت ڕێگای ئازادی بە هونەر و زانست و پێشکەوتن برازێننەوە و ئەمجا لەوەش غافڵ نییە، بۆ ڕزگاریی خاکی وڵات، هاوهەنگاو لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا، دەبێت نەتەوەی کورد تەنیا متمانەی بەهێزی تایبەتیی خۆی هەبێت. جا بۆیە دەڵێت:

ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد

دێنەوە مەیدان بە عیلم و سنعەت و عیرفانەوە

تا دەڵێت:

لەشکرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق ڕێک ئەخەن

جوان و ڕازاوە بە تۆپی لاکەلی ئەڵمانەوە

بەچکە شێرانی عەشایەر بۆ قڕانی دوشمنان

هەروەکوو ڕۆستەم ئەکەونە هات و چۆ و جەولانەوە(١)

لەلای شاعیر، بێگانە، ڕەش بێ یان سپی، سوور بێ یان زەرد، هەر بێگانەیە و نابێ پشتی پێ ببەستی و باوەڕت بە گفت و بڕیاری هەبێت و بەقسەی هەڵخەڵەتێیت...وەک دەڵێت:

گەر لە غەیری میللەتی خۆم بێ و ئومێدی چاکەکەم

شێت و بێعەقڵم لە شەیتان ئیدیعای ئیمان ئەکەم (٢)

بیری نەتەوایەتی و خەباتی نەتەوایەتی لە پێناوی سەربەخۆیی نیشتماندا، بە هەموو خاوێنی و پاکییەکەوە باڵی خۆی کێشابوو بەسەر ئەندێشە و بیر و باوەڕی شاعیردا و جگە لەو بیروباوەڕە لە خولیایەکی تردا نەبووە.. وەک دەڵێت:

مەزهەب و دینی لە قەبرا لێ بپرسن وا ئەڵێت


خاکی کوردستانە (ئەحمەد) مەزهەب و ئیمانەکەی (٣)

پیاچوونەوەیەک بە دیوانی شاعیردا بە تەواوی ئەو بیرە نەتەوایەتییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و هیچ گومانێکمان بۆ ناهێڵێتەوە.

جا با بێینە سەر ئەو باسە کە چۆن شاعیر لە زەمانێکدا وڵاتەکەی پارچە پارچە کراوە و هەر لایەکی لە ژێر چەکمەی بێگانەیەکی دڕندەدایە و لە هەمان کاتدا هەر ناسراو و ناودارو دەسەڵاتدارێکی کوردیش بۆ ئەوەی کاروانی سوود و قازانجی لەدەست دەرنەچێ، خۆیان هەڵواسیوە بە بێگانەیەکەوە، کەچی شاعیری شەهید، کوڕی پاشا، برازای پاشا و نەوەی پاشا خۆی لەو کاروانە دەپارێزێت و ڕێبازێکی تر بۆ خۆی هەڵدەبژێ و وەکوو شۆڕەسوارێکی سالار، تەنیا لە گۆڕەپانی بیر و ئەندێشەی سەربەخۆیی نەتەوەکەیدا تاوتاوان و ڕمبازی دەکا.موختاری شەهید، لە بنەماڵەیەکی بەهێز و دەسەڵاتداری کورد بوو، باپیری حەمە پاشای جاف بوو، لە ناوەڕاستی هێزەکانی ئێران و عوسمانی و ئەردەڵان و باباندا بوو بەڵام سەری بۆ

هیچ کامێکیان دانەهێلآیە خوارەوە و تەنانەت لە گەڵیاندا بەشەڕ چووە و هەمیشە لە بڕیاری خۆیدا ئازاد بووە.

دژایەتیی نێوان حەمە پاشا و ئیمارەتی بابان لەسەر کوشتنی عەبدوڵا بەگی برای بووە. عەبدوڵا بەگی براگەورەی کە یەکێک بووە لە دوانزدە سوارەی مەریوان و فەرماندەی هێزی سوپای بابانەکان بوو، لەگەڵ خوشکی ئەمیری باباندا دڵیان دابوو بە یەک، ئەمیری بابان ئەمەی بە کەمشانی و کەمایەتیی بنەماڵەی خۆی دەزانی، بە هەموو توانایەکییەوە نەیدەهێلا ئەو پەیوەندییە سەر بگرێت. لە شەڕێکدا لەگەڵ ئەردەلانەکاندا زامار دەبێت و ئەمیری بابان ئەمە بە فرسەت و هەلێکی باش دەزانێ، فەرمان ئەدا بە پزیشکێک لە جیاتی دەرمان کردنی، زەرنیخ بکەن بەسەر زامەکەیدا و بەو شێوەیە دەیکوژێت. بەڵام خوشکی ئەمیری بابان، کاتێ دەبینێت یاری قارەمانی بەو شێوەیە دەکوژن، ئەویش بەسەر تەرمەکەیدا خۆی دەکوژێت و بەو جۆرە پیلانی ئەمیری بابان ئاشکرا دەبێت. مامۆستا جەمال بابان، ئەم رووداوەی کردووە بە داستانێک و لەسالآنی شەستدا لە چاپی داوە. دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی دەیانەوێ دڵی بە دەست بێنن و بۆ لای خۆیان رایکێشن. بۆ ئەم ئامانجەش هەنگاوی زۆریان ناوە، وەک دەبینین سوڵتانی عوسمانی، لە بابولعالییەوە خەلاتی پاشای بۆ دەنێرێت. شای ئێران ناسرەلدینی قاجار، بۆ ئەو مەبەستە، لە تارانەوە وەستا و ئەندازیار دەنێرێت بۆ دەشتی شێروانە و بەسەر گردی شێروانەوە، کۆشک و قەلای بۆ دروست دەکات[٤]، کاتێک هەر ئەو شایە دێت بۆ ناوچەی زەهاو و قەسری شیرین، لەو باوەڕەدا دەبێت حەمە پاشا دێتە پیریەوە و سەری بۆ دادەنوێنێ. بەڵام تیری شا لە سەنگ ئەدا و ناگاتە ئارەزووی خۆی. چونکە حەمەپاشا لە جیاتی خۆی مەحموودی کوڕی دەنێرێت بۆ لای شا. شای ئێران ئەم هەنگاوە بە رووی خۆیدا ناهێنێ و بۆ ئەوەی باشتر خۆی لە ئامانجی نزیک کاتەوە، خەلاتێکی فراوانی کوڕی پاشا دەکا و ئەمجا دێت بە شان و باڵ و یاڵی ئەسپەکەی کوڕی پاشادا. خۆ دەبوایە مەحموود لە جیاتی ئەو خەلاتانە ئەسپەکەی پێشکەش بە شا کردایە بەڵام هەر بە سواری ئەو ئەسپە دەگەڕێتەوە بۆ کۆشکی شێروانە. کاتێک پاشا ئەم باسەی پێ دەگا، پاش ماوەیەک ئەو ئەسپە دەنێرێت بۆ تاران و خەلاتی ناسرەلدین شای دەکا و ئەویش لە



گەشتەکەیدا بۆ رووسیا وەک لەسەفەرنامەکەیدا تۆماری کردووە بە شانازییەوە دەڵێت: ئەسپی جافیم پێشکەش بە تزاری رووس کرد.

باوکی شاعیر، وەسمان پاشای جاف بوو. وتەیەکی پێشینانی عارەب هەیە دەڵێت: «سید القوم خادمهم» واتە گەورەی هۆزێک خزمەتگوزاری ئەو هۆزەیە. ئەم وتەیە پڕ بە باڵای زاناو هاوسەری عادیلە خاتوونە. ئەگەر بە وردبینییەوە چاوێک بخشێنین بە رشتەی مرواریییەکانی زانای خواڵێخۆشبوو سەجادیدا دەبینین چەندە بە نەرمی و لەسەرخۆیی و دڵسۆزییەوە لەگەڵ هۆزەکەیدا جووڵاوەتەوە. هەم فەرمانڕەوا و رێنوێن و ریش‌سپیان بووەو هەم داوەر و دادپەروەریان بووەو پارێزەری مافی ماف خوراوان و مافیانی داوەتە دەستیان. سەروکاری هەمیشە لەگەڵ زانا و هۆنەر و خاوەن ئەندێشەدا بووە. یارمەتییانی داوە و رێزی لێیان گرتووە. شاعیری بەناوبانگ و بلیمەتی کورد شێخ رەزای تاڵەبانی کاتێ هەجوی دەکا، ئەو لە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵات و دەست رۆیشتندا بووە و هەزاران چەکدار و سوارکاری لە دەوروبەر بووە، کەچی هەم خۆی و هەم عادیلە خاتوونی هاوسەری زێدەتر رێزی لێ دەگرن. لەم سەردەمەی ئێمەدا، رابەران کە جێگەی خۆیان هەیە، تەنانەت ئەگەر تاقە چەکدارێک لە لایەن هۆنەرێکەوە، ئەویش لەسەر کردار و رەفتارێکی نارێک، هەجو کرێت و بۆنی شیعرەکانی شێخ رەزای لێوە بێت، ئەو هۆنەرە شی و شێتاڵی دەکەنەوە و لاشەکەی بە گوللە دەکەن بە بێژینگ.

مامی شاعیری شەهید مەحموود پاشای جافە، ئەو کەسەی کە هەر مرواریییەک لە دەمی هۆنەران و وێژەوانانی کورد هاتۆتە دەر، لە کەشکۆڵەکەیدا(٥) تۆماری کردووە و لە فەوتان و نەمان، پاراستوویەتی.

ئەو پاشایەی، کاتێ سەرنوێشتی سەردارانی کوردی بابان و بتلیس و ئەردەڵان دێنێتە پێش چاوی خۆی، ئەو باوەڕە لە مێشکیدا دەچەسپێت کە بێگانە هەر بێگانەیە و هەر ئان و سات بۆی بلوێت، ژەهری کوشندەی خۆی بەسەر کوردا دەڕژێنێ. هەر ئەم باوەڕە پاڵی پێوە دەنا تا لە خولیای بەشداری و ئەنجامدانی کارێکی تێکڕایی و رێکو پێکی وادا بێ کە هەموو خاکی کوردستان بگرێتە بەر. جا بۆیە بناخەی پێوەندییەکی بەتین لەگەڵ رۆشنبیران و ئازادیخوازانی راستەقینەی کورد و کۆمەڵەکانیاندا لە ئەستەمووڵ دادەمەزرێنێت. ئەم پێوەندی و ئەندێشە و جووڵانەوەی پاشایە دەگاتە دەم راپۆرتنووس و جاسووس و سیخوڕەکانی عوسمانیی داگیرکەر. سوڵتانی عوسمانی بە ناوی خەڵاتەوە بانگی دەکا بۆ ئەستەمووڵ و دەیخاتە ژێر چاودێرییەوە.

پاشا ناچار هەڵدێت و لە رێگای زەریاوە خۆی دەگەیەنێتە ناوچەی گورجستان و ئازەربایجان و بە بەرگی دەروێشییەوە، لە ئێرانەوە خۆی دەگەیەنێتە شارەزور و هەڵەبجە. لە شاری باکۆدا بۆ یادگار بەو بەرگەوە وێنەیەک دەگرێت و بە هەندێ شیعری فارسی چوارچێوەی دەڕازێنێتەوە. لە زۆربەی ماڵە بەگزادەکانی جافدا، ئەو وێنەیە هەڵواسراوە.

مێجەر نۆئێل، لە یادداشتەکانیدا دەڵێت: مەحموود پاشای جاف تەنیا ناسراو و دەستەڵاتدارێکی کوردستانی خواروو بوو کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و مافی نەتەوایەتیدا هەوڵیان داوە، پێوەندیی هەبووە و هاوکاریی کردووە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

پاش ئەوەی رژێمی عوسمانی بەلادا هات و دەزگای خیلافەت کۆتایی‌ی پێ هێنرا، لە هەندێ ناوچەکانی عوسمانیدا وەکوو شاری مووسڵ، بەهۆی ئەو رووداوەوە، خەمباریی خۆیان بە گریان و شیوەن و قوڕپێوان نیشان ئەدا. لەناوچەکانی تردا ئەو هەڵوێستە شێوەیەکی توندتر و تیژتری گرتە خۆی. جا بۆیە لە کوردستانی خوارووودا ئەو شێوەیە بە پشتیوانیی رۆڵی ئاشکرا و نەشاراوەی پیاوە ئایینیەکانەوە بە زەقی دەبینرا و یادی «وا اسلاماە»ی سەدەکانی پێشیان دەهێنایەوە یاد. هیچ گومانیش لەوەدا نییە، لە سەرەتای ئەو جووڵانەوە لە ناوچەی سولەیمانیدا مەبەست تەنیا لە پێناوی «ئیسلام» و گەڕانەوەی «أمیر المؤمنین»دا بوو. جا بۆیە مەحموود پاشا کە لە خولیایەکی تردا دەبێت، دژی ئەو جووڵانەوە و سەرکردە ئایینیەکان رادەوەستێت. لە زمانی ئەوەوە دەگێڕنەوە دەڵێت: من هیچ باوەڕم بەو کەسانە نییە ئەگەر خورەی مێزکردنێک لە پاڵ دیوار یا بەردێکدا ببیسن، یاسا و ئامانج و ئایینی خۆیان لە بیر دەکەن و بانگ هەڵئەدەن: ئەو کانی و کارێزەیە هی منە و کەچی ئێستاکە ئالای ئیسلامیان هەڵکردووە و دەیانەوێت عیسائاسا مردوو زیندوو کەنەوە. هەر ئەم وتەیە پاش چەن ساڵێک نووسەرێکی کورد دەیقۆزێتەوە و لە کتێبەکەیدا تۆماری دەکا !!

مەحموود پاشا کاتێ دەبیسێت قەڵەوزەکانی قزەڕبات و شارەبان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی خێڵە عارەبەکانی هاوسێیانەوە، بە هێزێکی فراوانەوە دەچێتە هانایانەوە و تا کێوی حەمرین لەو عارەبانە پاک دەکاتەوە. خۆ تاوەکوو ئێستاکەش لەناو خێڵە عارەبەکانی کروی و بەنی رەبیعەدا، وتەی ئەو سەرکردە عارەبە هەر بەسەر زوبانەوەیە کە لە کاتی هەڵاتن و بازدان بە ئەسپ بەسەر ئاوی باڵەجۆدا، دەپاڕێتەوە لە ئەسپەکەی ، دەڵێت:« دخیلك یا شگرە، محمود پاشا ورایە»(٦).

کاتێ ئینگلیز، کوردستانی خواروو داگیر دەکا، مەحموود پاشا چووبووە ساڵەوە و چاوی کز بوو بوو و سەرئەنجام بینایی‌ی خۆی لەدەس ئەدا. خوێشەکانی بە دڵسۆزییەوە دەڵێن بەداخەوە وابینابیت لەدەس دا، بەڵام پاشا لە وەڵامیاندا دەڵێت: ئۆخەی وا کوێر بووم و ئیتر بێگانە لە شارەزووردا بە چاو نابینم.

تاکوو ئێستاش لە ناو هۆزەکانی جافدا، ئەو وتە بەناوبانگەی سەبارەت بە بارو دۆخی ئەو سەردەمەوە کە دەڵێت: کاتێ ئەمتوانی نەمزانی، کاتی ئەمزانی نەمتوانی. هێشتا هەر بەسەر زمانەوەیە.

دایکی شاعیر، عادیلە خاتوونی کچی قادر بەگی ساحیبقڕان بوو. لە زۆر سەرچاوەی سەردەمی سەدەدا باسی دانایی و هۆشیاری و لێهاتوویی کراوە و لە ئاسمانی مێژووی ئافرەتی کوردا، وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار، جێگای تایبەتی

خۆی هەیە. تایەر بەگ، شاعیری بەناوبانگ و دڵتەڕو خامەزێڕین، برای گەورەی شاعیر بوو.

لە ناو خزمانی شیروانەییدا، پێوەندیی گەرمی لەگەڵ حەمەبەگی فەتاح بەگدا هەبوو، چونکە هاوبیر و هاوئەندێشەی یەکتربوون و لە ساڵانی پەنجادا، چیرۆکێکی دەستنووسی حەمە بەگم لە کتێبخانەکەی حەمە سەعید بەگدا لە کەلار دیوە، سەبارەت بە رەنج و ئازاری میللەت لە سەردەمی شەڕی سەفەربەرلکدا بوو. ئەو چیرۆکە تا ساڵی ٦٦یش هەر لەو کتێبخانەدا مابوو، بەڵام کاتێ لەو ساڵەدا ماڵەکەی داگیرکراو بوو بە بارەگای چەکدارەکان، ئەو کتێبخانەیە کە یەکێک بوو لە گەورەترین کتێبخانەی تایبەتی لە کوردستاندا و بریتی بوو لە زێدەتر لە ٧ هەزار کتێبی دەستنووس و چاپی بە زمانی کوردی و عارەبی و تورکی و فارسی، هەمووی تاڵان کرا. هەندێک لەو کتێبانەم لە لای کتێبفرۆشەکانی کەناری جادەکانی کرماشان و هەمەدان دی کە مۆری ئەو کتێبخانەیەی پێوە بوو. بەو دیمەنە، سەفەرنامەکەی ئەولیا چەلەبی و داستانی خانی بتلیس و تاڵان کردنی ماڵ و کتێبخانەکەی عەبداڵ خانی پایە بوڵەند بە دەست یەنی چری تورکەوە کەوتەوە یاد. ئەو چیرۆکەش کە بریتی بوو لە دەفتەرێکی سەد لاپەرەی ئاسایی و مێژووی ساڵی ١٩٢٠ی زایینی لەسەر نوسرابوو، لەو تاڵانەدا تیا چوو.

شاعیری شەهید و حەمەبەگ، پێکەوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو مارف جیاووک، لە کاتی نووسینی یاسای بناخەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و تا ئەو کاتەیش کە ئەندامی پارلەمان بوون سێ قۆڵی سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی بڕیارەکانی «عصبة الأمم» سەبارەت بە کوردستانی خواروو. هەڤاڵانی شاعیر، شەهیدی خوێن گەرمی شاری هەڵمەت و قوربانی، مەحموود جەودەت و دڵسۆزانی نیشتمان، مارف جیاووک، ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عەبدولواحید نووری و شێخ نووری شێخ ساڵەح و شێخ سەلام و میرزا مارف و ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا حەسەنی قازی و هۆنەرانی بەناوبانگ پیرەمێرد و عەلی کەمال باپیر و گۆران و فایەق بێکەس بوون.

جا بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە و زۆر ئاسایییە ئەگەر شاعیری شەهید لە پێناوی بیروباوەڕ و ئەندێشەی نەتەوایەتیدا گیانی خۆی بەخت کاو خاکی کوردستان بە خوێنی سووری خۆی رەنگین بکا. بنەماڵە و دەوروبەری شاعیر و دۆست و هەڤاڵانی، قوتابخانەی ئەو بیروباوەڕ و ئەندێشەیە بوون. سەرسوڕمان لەوەدایە دەبینین، لەم دەمەدا، هەندێ لە خامەستەمان و جاشی بیروباوەڕی نامۆ و گوڵی بێگانە وەکوو ئەوەی پێیان راسپاردرابێت و ئەرکی سەرشانیان بێت، خامەیان بۆ بەدناوی و لەقوڕاوەهەڵکێشانی ناوداران و سەردارانی کورد و بە هیچ ژماردنی مێژووی کوردستان بەکار بێنن. جا بۆیە ئەم هەڵوێستە ئاسایییەی شاعیری شەهیدیان لا سەیرە، چونکە لەگەڵ ئەندێشەی دیکتە و دەق کراو و تاساو و خنکاوی ناو چوار دیواری ئایدۆلۆجییاندا ناگونجێت. جا بۆیە کە باس دێتە سەر شاعیری شەهید، وێژدانی خۆیان پێشێل دەکەن و بێ پشکنین، یەکەودوو، هاوار و

بانگەواز دەکەن: ئەو شاعیرە لە چینەکەی خۆی یاخی بووە. بانگەوازی ناسازی ئەمان و تیری تفەنگی بکوژەکانی شاعیر یەک نیشانە دەپێکن. ئەم هەڵوێستە، دیسانەوە و سەرلەنوێ چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان»ی شاعیری شەهیدمان دێنێتەوە یاد. جا با چاوێک بخشێنینە سەر داستانی مەرگی شاعیردا و بزانین بۆ کوژرا و چۆن کوژراو کێ کوشتی و پاداشتی بکوژەکانی چی بوو؟

لە دیوانەکەی شاعیردا، کە ساڵی ١٩٨٦ لە ژێر چاودێریی پرۆفیسۆر عیززەددین موستەفا رەسووڵ لە چاپ دراوە و دیسانەوە لە چاپی چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان»ی شاعیردا، هیچ کام لەم نووسەر و رۆشنبیرانەی کە بەرهەمی شاعیریان خستۆتە بەرچاوی خوێنەرانی کورد، سەبارەت بە چۆنێتیی مەرگی شاعیر و ئەو پرسیارانەی سەرەوە، باسێکیان لێ نەکردووە و دەستیان بۆ بکوژەکانی شاعیر و چۆنێتیی ئەو کوشتنە درێژ نەکردووە. منی خوێنەری کورد، کاتێ ئەو دوو بەرهەمە دەخوێنمەوە، دەکەومە گومانەوە و وای بۆ دەچم هەموو ئەو نووسەرانە، پێکەوە دەستیان تێکەڵاو کردبێت و بڕیاریان دابێت، خامۆش و کڕوکپ بن و باسی ئەو لایەنە بۆ خوێنەری کورد نەکەن و بە هەمان شێوە کە ئارەزووی بکوژانی شاعیر بوو، ئەو لایەنە و باسە هەروا بە داپۆشراوی و نهێنی بمێنێتەوە.

*ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ*
*هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە*

پرۆفیسۆر عیزەدین دەڵێت: ئاشکرایە کە ئەو بیر و هیوایەی ئەحمەد موختار، لە بارێکی تایبەتیدا ماڵ و پایەی پێ بەجێ هێشت، کۆمەڵێ چەکداری لە خۆی کۆکردەوە و رۆیشت و پاش بەینێک تەرمی خویناویی هاتەوە. ئەمجا دەڵێت: ئەوەش زیادە بکەین لە ٦ی شوباتی ١٩٣٥ کوژرا(٧).

پرۆفیسۆر، لە پێشەکییە عارەبییەکەیدا بۆ داستانی «مەسەلەی ویژدان» کە لە لایەن مامۆستا عادیل گەرمیانییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زوبانی عارەبی، بەلای مەرگی نووسەردا ناڕوا و باسی ناکات.

دکتۆر ئیحسان فوئاد ساڵی ١٩٧٠چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان»ی لە چاپ داوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، بەلای مەرگی نووسەر و چۆنێتیی ئەو مەرگەدا نەی ڕوانیوە و باسی نەکردووە.

کاک عادیل گەرمیانی لە ساڵی ١٩٨٩دا ئەو چیرۆکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی. تەنانەت لەو بیۆگرافییە کورتەدا و ئەمجا لە باسە دوور و درێژەکەیدا کە بریتییە لە ٢٥ لاپەرە، بۆ هەموو لایەک پەلی کوتاوە جگە لە لایەنی مەرگی نووسەر.

دکتۆر عەبدوڵا دەباغ لە باسەکەیدا لە ژێر ناوی «ڕوانینێکی نوێ بەسەر چیرۆکی مەسەلەی ویژداندا» کە لە گۆواری «رۆشنبیری نوێ» ژمارە ١١٢ی ساڵی ١٩٨٦ دا بڵاوکراوەتەوە و دیسانەوە لە کۆڕی دووهەمدا سەبارەت بە «داستانی عیراقی» کە لە ڕۆژانی ٢و٣ ی حوزەیرانی ١٩٨٧دا لە هەولێر گیرا ئەو باسەی خوێندۆتەوە، باسی

مەرگی نووسەری چیرۆکەکەی نەکردووە. مامۆستا حوسێن عارف، لە کتێبی «چیرۆکی هونەریی کوردی : ۱۹۲۵ تا ۱۹٦۰.» سەبارەت بە مەسەلەی ویژدان بەدرێژا باسی هەموو لایەنێکی نووسەری کردووە جگە لە باسی مەرگ و چۆنێتیی مەرگی نووسەر. رەخنەگر، مامۆستا دڵشاد عەلی، لە باسەکەیدا سەبارەت بەو چیرۆکە، زۆر بە بێ ویژدانانە، نووسەر دەکا بە تووتیـی جەمیل سائیب و چیرۆکی «لە خەوما». ئەویش وەکوو ئەوانی تر، باسی مەرگی نووسەر ناهێنێتە کۆڕەوە.

خۆ عومەر بەرزنجی و سەباح غالب و جەمشید حەیدەری[٨] کە سەبارەت بە چیرۆکی «مەسەلەی ویژدان» دواون و خۆیان پێوە هیلاک و شەکەت کردووە، لەبەر دۆزینەوە و پەیدا کردن و لکاندنی لایەنێکی ئایدۆلۆجی بۆ ئەو چیرۆکە و نووسەری ئەو چیرۆکە، نەیان پەرژاوەتە سەر باسی ژیان و مەرگ و مێژووی شەهیدبوونی نووسەر. ئەو مەرگەی کە بوو بە هۆی ناتەواویی چیرۆکەکە و فەوتانی چیرۆکێکی تر و زۆربەی شیعرەکانی موختار. لای ئەوان و بە تایبەت لەو رۆژ وساڵانەدا، گرنگ ئەوە بووە کە نووسەر بە یاخییەک لە چینی خۆی بدەنە قەڵەم و لە ناو چواردیواری تەسک و تروسکی ئایدۆلۆجییەکی تایبەتیدا گەمارۆی بدەن و بە جەماوەری بناسێنن. ئەو هەوڵ و تەقەلایەی ئەم مامۆستایانە، کوڵە باسێکم بە بیر دێنێتەوە کە لەلایەن کۆمۆنیستێکی ناوداری کوردەوە لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتادا سەبارەت بە «شۆڕشی برایم خان» لە چاپ دراوە و تیادا نووسیویە، برایم خان و شۆڕشگێڕانی دەوروبەری کفری و کەلار، چووبوونەوە دەم بانگەوازەکەی لینین و کودەتاکەی ۱۷ی ئۆکتۆبەری بەلشەفیکەکان لە دژی مەنشەفیکەکان. ئەگەر یەکێکی وەکوو مامۆستا موستەفا نەریمان کە هەم خزمی نزیکی برایم خانە و هەم نووسەرێکی توانا و ناوداری کوردە، لێی راست نەبوایەتەوە و لێی رانەپەڕیایە و وەڵامێکی ورد و مێژوویی نەدابایەوە، بێگومان ئەو نووسەرە، برایم خانی دەکرد بە مارکسیست لینینستێکی ئومەمی و پایەگوزاری کۆمۆنیستی کوردستان و شانازیی ئەو شۆڕشە نەتەوایەتییە خاوێنەی لەدەست کورد وەدەر دەهێنا...

ئەمجا با بزانین هەڤاڵانی خامە بەدەستی هاوتەمەنی ئەو سەردەمەی شاعیری شەهید چی دەڵێن و چییان نوسیوە!!

زانای خوالێخۆشبوو، سوجادی دەڵێت: «لە تەمەنی بیست ساڵیدا ژنی هێناوە. لە ساڵی ۱۹۲۲بوو بە قایمقامی هەڵەبجە، لە ۱۹۲٤ دا بووە بە نائیب لە پەرلەمانی حکومەتی عێراقدا، تا لە ۱۹۳٥ لە تەمەنی ۳۸ ساڵیدا بە گوللەی تفەنگی دەستێکی پیس لە سەر ئاوی سیروان کوژرا و جوانەمەرگ بووە»[٩].مێژوونووسی بەناوبانگ، رەفیق حیلمی دەڵێت: «لە دوای ژیانێکی ناکامە، لە ساڵی ۱۹۳٤ی میلادی و لەسەر ئاوی(سیروان – دیالە) لە لایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە»[١٠]. شاعیری ناوداری کورد، پیرەمێرد دەڵێت: «ئیفراتی سەخا و زەکا بووبووە نەگبەتیی سەرشانی، خۆی دانا و داخی بە دڵی عالەما نا»[١١]. شاعیر عەلی کەمال باپیر ئاغا، لە شیوەنەکەیدا بۆ موختار بە رەخنەوە دەڵێت:

ئەی سەروەری عالی نەسەب، ئەی ئەحمەدی موختار

بۆچی خوێنی شەریفت بە هەوا بە هەدەر دا(١٢)

بەم جۆرە دەبینین، هەم هەڤاڵانی خامە بەدەستی هاوچەرخی شاعیر و هەم نووسەرانی ئەمڕۆ لە گۆرەپانی هونەر و وێژەی کوردیدا، سەبارەت بە مەرگی شاعیر و چۆنێتیی شەهید بوونی، خامۆش و کڕو کەپ و بێدەنگن.

تۆ بڵێی ئەو هێزە ئەهریمەنییە وا لەو سەردەمەدا شاعیری کوشت و چۆنێتی مەرگی داپۆشی و شاردییەوە، تا ئێستاکەش ترسێکی وای بردۆتە دڵی خامە بەدەستانەوە، تەنانەت بە تەقەی تفەنگیش بێ، نەک بە خامە، نەوێرن بەلای ئەو باسەدا برۆن و روونی کەنەوە!!

وا باشە هەڵبگەڕێینەوە سەر سەردەمی شەهیدبوونی شاعیر تا بزانین چیمان دەستگیر دەبێت.

پاش ئەوەی شاعیر شەهید کرا، ئەوانەی کە دەستیان لە خوێنیدا سووربوو، لە ناوچەکەدا وایان بڵاو کردەوە کە شاعیر قەرزێکی زۆری هاتبووە سەر و توانای دانەوەی نەبوو و خاوەن قەرزەکان لە دادگای هەڵەبجە شکاتیان لێ کردبوو. شاعیریش بۆ ئەوەی ئابرووی خۆی بپارێزێت و گرفتاری بەندیخانە نەبێت، ناچار دەبێ هەڵبێت و لە میری یاخی بێ. پۆلیس و سیخوڕەکانی میریش لەو هەڵاتنەدا و لە فرسەت و هەلێکدا، لەسەر ئاوی سیروان دەیکوژن.

رەفیق حیلمی و پیرەمێرد و عەلی کەمال باپیر ئاغا زۆرتر دەکەونە ژێر رکێفی ئەو دەنگوباسەوە، جا بۆیە لە باسی مەرگی شاعیردا بۆ ئەو لایەنە دەکوتن. بۆ بێ بایەخیی ئەم دەنگوباسە بێبناخەیە، هەموو فایلەکانی ساڵانی ٣٠ی دادگا و پۆلیسخانەی هەڵەبجە یەک یەک گەڕام و بژنیم. نە فایلێک و تەنانەت نە دێرێکیش نەمدی ئەو دەنگوباسە ساختەیە بسەلمێنێت.

ئەوەی شایانی باسە شاعیر، خاوەن سامانێکی زۆر بوو. خۆ تا کاولکردنی شاری هەڵەبجەی داخان بە دەستی رژێمی عیراق زۆربەی زۆری دوکان و بازاڕ و باخ و کاریزەکانی هەڵەبجە و زەوی و زارێکی زۆری دەشتی شارەزوور، هەر موڵک بوو بە ناوی شاعیرەوە. ئەگەر لە بەرامبەر دادگا نەیتوانیبایە ئەو قەرزانەی کە دەڵێن، بیداتەوە، دادگا ، جگە لەوەی دەست بخاتە سەر بەشێک لە ماڵ و سامانی، بڕیارێکی تری لەبەردەمدا نەبوو. ئەوانەی دۆستی شاعیر بوون دەڵێن: شاعیر مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. بەهەر شێوەیەک بۆی بلوایە و هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوتایە، دژایەتیی لەگەڵ رژێمی داگیرکەردا دەکرد.

لە شۆڕش و دامودەزگا تەمەن کورتەکەی شێخ مەحموودا رۆڵێکی باڵای هەبووە. شیعر و نووسین و خامەکەی هاوهەنگاو کردبوو لەگەڵ دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەیدا لە دژی رژێم. بیروباوەڕ و هاندان و جووڵانەوەی شاعیر، مەترسییەکی فراوانی خستبووە ناو دڵی رژێمی تازە پێگرتووی عێراقەوە. ترسی شۆڕشێکی تریان لێ نیشتبوو. جا بۆیە پیلانێکیان پێکهێنا و کوشتیان. ئەوانەی ئەو

پیلانەی ڕژێمیان ئەنجام دا، پاداشتی خۆیان بە کورسی و مەقام و پایەبوڵەندیی ناو دامودەزگای ڕژێم وەرگرت.

هەندێکیش بێ ئەوەی خۆیان بخەنە ناو ئەم گێرە و کێشەوە بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکانیەوە دەیانگوت: کوشتنی شاعیر لەسەر عشق و عاشقی بوو مەگەر ناڵێت:

«ئەحمەدی»ی بێچارە بۆ دەرد و موسیبەت مایەوە

دولبەری بێ ڕەحمی ئەو، سەیر و سەفای بەغدا ئەکا[١٣]

یان باسی دووری و بێوەفاییی یارەکەی دەکا و دڵتەنگیی خۆی دەردەبڕیت و دەڵێت:

وا دیارە لەم وڵاتی کۆهسارە عاجزە

مەیلی خاکی گەرمەسێر و هەم قەڵای شێروان ئەکا[١٤]

ئەو یارەی وا دوکتۆ عیزەدین بە پێنج خاڵ و دوو کەوانە ناوی دەنووسێت کێ بوو؟ ئایا شاعیر یارێکی تری هەبووە جگە لە هاوسەری ژیانی؟ یان تەنیا یاری خەیاڵ و ناو دێڕی شیعری بووە... مەگەر حەلاج[١٥] تا ئەو کاتەی بە خوێنی ڕژاوی واژەی «انا الحق»ی نووسی هەر یار یاری نەبوو؟

دوکتۆر عیززەدین لەم بارەیەوە دەڵێت: بەڵێ بە ئاسانی ئەڵێین «جوڵێت» ی «ڕۆمیۆ»، «لەیل»ی «مەجنوون»، «شیرین» ی «فەرهاد» و «فاتمەی» ی بابا تایەر و سەلمای میرزادەی مەلای جزیری و حەبیبەی مالیاوای نالی. بەڵام ناوێرین ناوی قژ کاڵە لێو ئاڵەکەی گۆران و ڕاستیی «ست فاتمە» ی هەردی و (٠٠٠٠٠) ی ئەحمەد موختار بێنین.

بۆ ئەوەی لەم سەرلێشێوانە و سەرگەردانییە ڕزگارمان بێت و ڕاستیی ڕازمان بۆ دەرکەوێت، ئایا پێویست بەوە دەکا بچینە سەر ئاوی سیروان و هەروەکوو پیرەمێرد لە دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە دەپرسێت، ڕاستیی ڕازی لێ بپرسین؟ یان دەبێ شاخەکانی نەوەر و باڵانبۆ و گۆزێل و نۆڵی سازان بێنە گۆ تا پەردە لەم ڕازە هەڵماڵن؟ یا دەبێ لە بەرامبەر ئەم ڕازە شاراوەدا سەر داخەین و چۆک دادەین؟ تۆ بڵێیت تا ئەم ڕادەیە بێتوانا و سست و لاواز بین و نەتوانین گرێی ئەم کەلافەیە بکەینەوە؟... نەخەیر... دەبێ چوارچاکی لێ هەڵکەین و بیسمیلا... بەدوای ڕازدا بڕۆین. بێ وچان هۆبە بە هۆبە و ماڵ بە ماڵ بگەڕێین، تونکە تونکەی خێڵەکانی جاف بدەین بەدەم یەکەوە. سەرێکمان قەڵای شێروانە بێت و ئەو سەرمان شوێن ماڵە گەورە. تا ڕاستیی ڕازمان نەیەتە دەست، نابێ وچان بگرین و بحەسێینەوە. جا با بزانین لەو هاتو چۆیەدا چی دەبینین و چی دەبیستین و چمان دەستگیر دەبێ!!

جەمیلە قلەی خانە بەگ دەڵێت[١٦]: ماڵمان لە «لانەوان» بوو کە دێیەکە دەکەوێتە پاڵ شاخی گۆزێل و بەسەر ئاوی سیروانەوەیە. ئەو سەردەمە تەمەنم لە دەور و بەری چوارده و پانزەدا بوو. دەنگوباسی یاخیبوونی «میر» دونیای گرتبوو، ئێران و عێراقی شڵەژاندبوو. دانیشتووانی ئەو سنوورە کە بریتی بوون لە خێڵەکانی ئێناخی

و ئیمامی و یەزدان بەخشی و تاوەگۆزی و زەردویی و کلاشی و کۆکۆیی و چەند وردە خێلێکی تر، بە هەموو توانایانەوە یارمەتیی میریان لە دژی رژێم ئەدا. یەک رۆژ پێش شەهید بوونی میر، من بەلای مەڕ و مالاتەوە بووم. ئاژەڵەکەم گەیاندبووە پاڵ ملەی سازان. لە پاڵ دار بەڕوویەکدا دانیشتبووم سەیرم کرد زەلامێکی کورتە بالای زرتە نێر بە سواری قاتریک هاتەسەر ملەی سازان. لە قاترەکە دابەزی و بەسەر تەختە بەردێکەوە چینچکەی دا و مۆتەی کرد. پارەبلۆمێکی بە لاقەدەوە بوو و دووربینێکی لە ملدا بوو. کاتێ باش تێم روانی، ناسیم، «ح.م» بوو. هەر ساتێ نە ساتێ بە دووربینەکەی دەیڕوانییە دۆڵی سازان. دوای سیغار کێشانێک، سەیرم کرد لە دۆڵی سازانەوە زەلامێک سەرکەوت و خۆی گەیاندە «ح.م»، چارەکە سەعاتێ وەیەکەوە دانیشتن و ئەمجا لەیەک جیابوونەوە. قاتر سوار بەرەو هەڵەبجە کەوتەڕێ و زەلام کە پیاو و سەرکاری «ح.م» بوو بەسەر موڵکەکانی ناوچەی سازانیدا وە هەمان دۆڵا گەڕایەوە. دانیشتووانی ناوچەکە ئەوەیان باش دەزانی کە«ح.م» دژایەتیی میر دەکات بەڵام هەرگیز بە عەقڵیاندا ختوورەی نەئەکرد لە پێناوی بێگانەدا دەستی بچێتە خوێنی خزم و خوێشی خۆی.

بۆ بەیانی دوای نیوەڕۆدا میر بەسەر کەڵەکەوە لە کاتی پەڕینەوەدا بەسەر ئاوی سیروانەوە کوژرا. دوای کوژرانی میر، تازە دای لە مێشکم تەمز ئەمە «ح.م» بۆ هەواڵی شوێن و هاتوچۆی میر هاتبوو. کاتێ ئەم کەینو بەینەم بۆ باوکم گێڕایەوە، هەتا خوا قووەتی بدا شەپێکی ماڵیە سەرما و ئەمجا وە تێلا تێم بەربوو. برا و کەس و کار لە دەستی رزگارمیان کرد، ئەنا ئەیکوشتم. ئەیوت بۆچی ئەم کەینوبەینەم دیوە و نەمگێڕاوەتەوە. لە ترسی باوکم لە لانەوان رام کرد و چوومە مەڕەخێل[١٧] بۆ ماوەی شەش مانگ پەنام بردە ماڵی مامەم».

حەمەسەعی ئێناخی دەڵێت[١٨]: من کەڵەکەوان بووم، میر سواری کەڵەک بوو تا لە ئاوی سیروان بپەڕێتەوە. گەیشتینە ناوەڕاستی ئاو، دوو تەقە کرا... گوللەیەک میری پێکا. میر چەماوە. بەڵام من زوو خۆم پیا گەیاند و باوەشم پیا کرد تا نەکەوێتە ناو سیروانەوە، تەرمی نیوە گیانی میرم بەسەر کەڵەکەوە هەلاژان و سەرم خستە سەر رانم و وە کەڵەکەکە گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان. میر خوێنێکی زۆری لێ رۆشتبوو بەڵام هەر بە زوبان بوو. لە عانی تەقەکاندا من سەرم هەڵبڕی، دوو چەکدارم بینی پاش تەقەکان ون بوون. هەروەکوو ئێستاکە بێت باش وا لە بیرم، میر رووی کردە یەکێک لە چەکدارەکانی وا بزانم باقی بوو(١٩) وتی: وا دیارە دەرناچم، یەکێکتان خۆی بگەیێنێتە کەلار بۆ لای کەریمی ئامۆزام(٢٠) با خوێنم بە خۆڕایی تیا نەچێت، نامەیەکم نووسیوە و هەموو شتێکم تیادا روون کردۆتەوە. پێی بڵێن خوێنم نەفەوتێنێ».

عێل بەگی کەیخوسرەو[٢١] دەڵێت: کاتێ میر دایە شاخ من تازە سمێڵم زەرد بووبوو. ئەو کاتە ماڵمان لە گمە[٢٢] بوو، باس باس نەبوو جگە لە باسی میر نەبێت. منیش وەکوو هەموو گەنجێکی خێڵەکی ئارەزووم ئەوە بوو چەکم بە شانەوە بێت. خۆ

به خوا به خۆمیشدا ئەپەرمووەمەوە. جا فرسەت لەمە باشترم بۆ هەڵنەئەکەوت، کلاشم لێ کردە پێ و کەوتمە رێ بەرەو لای میر. کاتێ گەیشتمە خزمەتی و لە مەبەستم تێ گەیشت، گفتی پێم دا بمکا بە چەکداری خۆی. بەڵام چەکدارەکانی لای میر دەستیان کردە بۆڵە بۆڵ ئەیان وت ئەمە گەنجە و منداڵە و دونیا نەدیدە. خوا نەیوریت خۆ ئەوسا وەکوو ئێستاکە نەبوو هەرکەسێ لە ماڵ بتۆریت چەک بکاتە شان. لە شەش کورم دوانیان پێشمەرگەی ئەمدیوە و سیانیان پێشمەرگەی ئەودیو. تەنیا خولەم وەدەستەوە ماوە ناوێرم فزەی لە تەکا بکەم. هەموو رۆژێک ئەدا بە گوێما و ئێژێت باوە ئەگەر قورەم دەرچوو نارۆم. منیش ئەچم ئەوم بە پێشمەرگە. لە بیرمە لەو زەمانەدا تەنیا چەکدارێک لە رۆم و عەجەم یاخی بوو بوو ئاغا شرەی ئێناخی بوو[٢٣] میر فەرمووی جارێ با لامان بمێنێتەوە ئەوجا ئەزانین «چەند مەردە حەللاجە»، ئەگەر[٢٤] لێهاتوو و پیاو بێ، ئەوا لەو تفەنگانەی کە بلە زەردویی بڕیارە لە ئێران بۆمان بکڕیت، تفەنگێکی ئەدەینێ. ئا بەو جۆرە چەکدارەکانی میر رەزایەتیان‌دا لەسەر مانەوەم و هەتا ئەو رۆژەی میر کوژرا من لە خزمەتیدا بووم. لە بیرمە شەوان کە لە دەوری میر گلێر ئەبووینەوە یان شیعری بۆ ئەخوێندینەوە یان ئەو جۆرە قسانەی بۆمان ئەکرد کە ئێستاکە ئەدا لە مێشکم هەرچی کادر و مادری ئەم دەور و زەمانە هەیە هەر قسەکانی ئەو ئێژنەوە. حەیف و سەد حەیف. بە خوا بۆ میریی رۆم و عەجەم ئەشیا».

فەقێ حوسەینی زەردویی دەڵێت[٢٥]: لەو سەردەمەدا ئەگەر شیعرێک بە هەورامی نەبوایە، خەڵکی بە شیعریان نەدەزانی، شیعرەکانی تایەر بەگ و وردە وردە شیعرەکانی ئەحمەد بەگیش، تازە کەوتبووە سەر زوبانی خەڵکییەوە، هەر چەن ئەو شیعرانە بە زوبانی ئاسایی خەڵکی ناوچەکە وترابوو بەڵام هەرجارێ لەلای خەڵکی ناوچەی ئێمە ناسازگار بوو. یاخیبوونی میر، شۆر و شەوق و حاڵێکی تازەی خستبووە دڵی خەڵکەوە، ئاخر لەو زەمانەدا کێ دەیوێرا لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە. جا بۆیە یاخی میر لە دەوڵەت وا عالەم گیربوو. گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکانی ئەو سەردەمە لە هەر شایی و هەڵپەرکێ و رەشبەڵەکێکدا هەر ئەو بەیتە هەورامیانەیان دەکرد بە گۆرانی کە بەسەر زوبانی خەڵکەوە بوو و بە شان و باڵی میر و چەکدارەکانیدا ئەهات. تەنانەت چەن ساڵێک تا دوای کوشتنی میریش، ئەو گۆرانیبێژانە هەر ئەو بەیتانەیان ئەوتەوە. تا وای لێهات «ح.م» کە بووبوو بە قایمقامی هەڵەبجە، فەرمانی دا بە پۆلیسەکانی هەر گۆرانیبێژێک چ لە هەڵەبجەدا و چ لە لادێیەکان و خێڵەکانی دەوروبەری هەڵەبجەدا ببیسرێت ئەو بەیتانە دەڵێنەوە، پێوەنیان کەن و بیان تەپێننە زیندانەوە.

پاش کوشتنی ئەحمەد موختار، بنەماڵە و هۆزەکانی جاف بە تێکرایی شڵەژا، ئەفراسیابی کوڕی شەهید، لەسەرەتای دیوانەکەدا راست دەڵێت: دوا کۆتەڵی عەشرەتی جافم بۆ سەردارێکی جوانەمەرگی ئەو عەشرەتە دی.

ئەو دوو چەکدارە، «ف.ن» و «س.ح» لە ترسی تۆڵە لەگەڵ «ح.م» لە هەڵەبجە

رایان کرد و بۆ ماوەیەک لە بەغدا مانەوە. کەریم بەگی جاف بە لەشکرێکەوە، بە ناوی تەعزیەوە و لە راستیدا بۆ تۆڵەسەندنی خوێنی شاعیر لە گەرمیانەوە خۆی گەیاندە هەڵەبجە. پاش ماوەیەک، ریش سپی و مەلاکان و شێخانی دەوروبەری ناوچەکە کەوتنە نێوانەوە هەر وەکوو بەگزادەکان سوور بوون لەسەر تۆڵە سەندن، بەڵام لە پێناوی یەکێتیی خۆیاندا و نەڕشتنی خوێنی تر و هێمنی و ئاسایشی ناو عەشرەتەکەیان، سەریان بۆ ئەو رووداوە هێنایە خوارەوە و هیوادار بوون لەوە خراپتر نەقەومێت. بەڵام ئایا «ح.م» لەوانە بوو ئاسایش و هێمنی و یەکێتیی بنەماڵە و خێڵەکانی جافی لا گرنگ بێ، یان تەنیا سود و قازانجی تایبەتی و پایە بوڵەندی و کورسی و مەقامی خۆی لەبەر چاو بوو!...

یەکێک لە کچەکانی کەریم بەگ دەڵێت: لە ساڵەکانی چلدا «ح.م» بە میوانی هاتبوو بۆ لای کەریم  بەگ لە کەلار، دەمەونیوەڕوانێک، باوکم هەڵاژیابوو منیش باوەشێنم دەکرد، گوێم لێ بوو «ح.م» بە باوکمی دەوت: ئەو کەسانەی وا لە ناو بنەماڵەکەدا دەبنە مایەی دەردی سەری ، دەبێت لە ناویان بەین. باوکم بە دەم نوچکە خەوەوە وتی: وەکوو کێ؟  «ح.م» وتی:- ح. ح بەگ کە لایەنگری لە شێخ مەحموود دەکرد. باوکم یەکسەر راست بوویەوە و ئەمجا بە تووڕەبوونەوە رووی کردە «ح.م » و وتی: گولە ئۆین بە کۆڵ. ئەحمەدی ئامۆزامت کوشت، بەڵام لەبەرئەوەی خوێنی زۆرتر نەکەوێتە ناو بەینمان، تۆمان بەخشییە  پێڵاوەکانی شەمسەی کچی. چ بەزمێکی ترت وا بە دەستەوە، من ئەزانم ئەمە فیتی کێیە تۆ هان ئەدا. خۆ هەرکەس نەیەتە جواو، (ع)ی کوڕی وەک سەگ ئەتتۆپێنێ. بە حەیانەتی حەی قەسەم ببیستم جارێکی تر باسی «ح.ح» بکەیت، هەردوو گوێت ئەبڕم و ئەی خەمە ناو لەپتەوە و ئەتکەم بە ئەتک و عیبرەت بۆ زەمانە. بەڵام هەر بە پیلانی «ح.م» پاش چەند ساڵێکی تر «ع بەگی ر» کە خۆی بە دڵسۆزی ماڵی شاعیری شەهید دەزانی، لە ناو هەڵەبجەدا کوژرا.

دوای شەهید بوونی ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا «ح.م» پاش ئەو سوڵح و مەسلەحەتە، گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و پاداشتی خۆی لە رژێم بە قایمقامیی هەڵەبجە وەرگرت و پاشان بوو بە ئەندامی پارلەمان و هەتا کۆتایی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا هەر ئەندامی پارلەمان بوو. «ح.م» لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە  شاری سولەیمانی مرد. خەڵکی هەڵەبجە دەگێڕنەوە و دەڵێن: «ف.ن» و «س.ح» هەردووکیان بە نەخۆشیی گولی مردن.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەبارەت بە دەستنووسەکانی شاعیری شەهید، ئەوەی لە شەمسە خانمی کچیم بیستووە، زیادەکەم. شەمسە خانم دەڵێت: پاش یاخی بوونی باوکم وام بە باش زانی ئەو سنووقە بزمارڕێژە کە دەسنووسەکانی خۆی تیادا بوو لەبەرئەوەی نەفەوتێت، بینێرم بۆ عەلی کەمال باپیر ئاغا لە سولەیمانی، ئەو سنووقە پڕ بوو لە دەستخەت و شیعرەکانی باوکم، پاش کوشتنی باوکم، ئەو سنووقەم وەرگرتەوە. بەڵام نیوەی  خاڵی بوو.

هەڤاڵانی هەردوو شاعیر، هەندێکیان بە گومانەوە و هەندێکیش بە ئاشکرا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە عەلی کەمال باپیر زۆربەی شیعرەکانی موختاری دەستکاری کردووە و بە ناوی خۆیەوە نووسیونی و تەنیا نەیتوانیوە دەستکاری ئەو شیعرانە بکات کە یان بە سەر زاری خەڵکەوە بووە و یان لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراوەتەوە. هاتوچۆی ئەم سنووقە و بە پڕ ڕۆیشتنی و بەنیوە خاڵی گەڕانەوەی، ئەو گومانە زیدەتر دەکات.

پەراوێز:

(١) – دیوانی ئەحمەد موختار ـبەغا ٨٦– ل ١٣٤.

(٢)– هەمان سەرچاوە ل ٨٨

(٣)– هەمان سەرچاوە ل ١٧٢

(٤) کۆشکێکە بە سەر گردی شێروانەوە و نزیک بە ئاوی سیروان ساڵی بونیاتی نەزانراوە. شاری نوێی کەلار لە پاڵ ئەو گردەدا بنیات کراوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا لە لایەن دەزگای پاراستنی شوێنەوارەکانەوە تەعمیر کراوەتەوە.

(٥) لە ساڵی ١٩٨٧دا بڕیار بوو ئەو کەشکۆڵە لەلایەن کۆڕی زانیاریی کورد و لە ژێر چاودێریی مامۆستا موحەمەدی مەلا کەریم لەگەڵ لێکۆڵینەوەدا چاپ بکرێت.

(٦) واتە پەنام بە تۆیە شەگرە چونکە مەحموود پاشام بە دواوەیە. شگرە: ئەسپی شێ.

(٧) دیوانی ئەحمەد موختار بەغا ٨٦ ل ٢٣ و ٢٥.

(٨) عومەر بەرزنجی– لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ٢٥ تا ١٩٦٩؛ سەباح غالیب– ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ٢٥ تا ١٩٧٠، جەمشید حەیدەری– وتاری ( چیرۆکی مەسەلەی ویژدانی شاعیری کورد ئەحمەد موختار جاف – ژمارەکانی ٤٨٣ و ٤٩٨ – ڕۆژنامەی «العراق» ی ساڵی ١٩٧٧.

(٩) عەلائەدین سجادی– مێژووی ئەدەبی کوردی– بەغا – ١٩٥٢ ل ٥٤٥

(١٠) ڕەفیق حیلمی– شیعر و ادبیاتی کوردی – ب ا– بەغداد– ١٩٤٢ ل ١٣

(١١) ژیان– ژمارە ٤٣ ساڵی ١٠–٩ی شوباتی ١٩٣٥

(١٢) دیوانی ئەحمەد موختار جاف– کۆکردنەوەی عەلی کەمال باپیر، سلێمانی ١٩٦٠، ل٥٤

(١٣) دیوانی ئەحمەد موختار جاف– بەغا– ٨٦ ل٥٤

(١٤) هەمان سەرچاوە –ل ٥٦

(١٥) حوسەینی مەنسوور بەناوبانگ بە حەللاج. لە ڕۆژی ٢٧ی ئازاری ساڵی ٩٢٢ی زایینی لە شاری بەغا بە فەرمانی موقتەدیری عەبباسی کوژرا.

(١٦) لە ساڵی ١٩٧٩ دوای گۆڕانی ڕژێمی ئێران، هاتە ئەم دیوی سنوورەوە، پاش کاولبوونی هەڵەبجەی داخان، دووبارە گەڕایەوە ئەودیوی سنوور و تا ساڵی ١٩٩٠ لە زیندانی کرماشاندا بوو.

(١٧) دێیەکە لەودیوی سنوور و بەسەر ئاوی سیروانەوەیە.

(١٨) لە ساڵی ١٩٨٧ لە زەڕایەن بە نەخۆشی مرد.

(١٩) باقی حاجی موراد خان. برای شیری و دۆست و یار و چەکداری شاعیر لە ساڵی ١٩٦١ ماڵئاوایی کرد.

(٢٠) کەریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشا– ئامۆزای شاعیر. لەو سەردەمەدا دوای مەرگی مەحموود پاشا، بوو بە سەرکۆماری جاف.

(٢١) لە خێڵی ئێناخییە و تا ساڵی ١٩٨٨یش لە موجەمەعی زۆرەملێی نزیک بە نەمەڵ دادەنیشت.

(٢٢) گۆم و ئاوێکی گەورە و هەوارگەی خێڵی ئێناخیە و بەسەر شاخێکەوەیە بەو ناوە.

(٢٣) لە سەرەتای سەردەمی ڕەزا شادا دەستگیر کرا و بە درێژایی ڕژێمی پەهلەوی لە زینداندا بوو. پاش نزیک پەنجا ساڵ زیندان لە ساڵی ١٩٧٩ لە زیندان ئازاد کرا.

پاشکۆ

# ئاغا شرەی ئێناخی کێ بوو؟!

لە دوا دوایی‌ی رژێمی قاجاری و سەرەتای سەر بەرزکردنەوەی رەزا پالانی کە لە دواییدا ناز ناوی بە پەهلەوی گۆڕی، کوڕێکی گەنجی ئێناخی «تیرەیەکن لە جافی ئێران و بەشێکی کەمیان لە هەڵەبجە دادەنیشن» بە ناوی «ئاغا» لەسەر ستەم و زوڵمی دەزگاکانی رژێم دایە کەژ و یاخی بوو. لەلای خۆمان لە بابەتی ئاغاش دوو ناوی ناسراو و بە ناوبانگمان هەیە یەکێک «حەمە تاڵی بانە» و ئەوی تریان خولە پیزەیە. پیشەی هەرسیانیان جەردەیەتی و رێگرتن و رووتکردنەوە بوو. خەڵکی ناوچەی لای خۆمان تا هەندێک سەبارەت بە خولە پیزە زۆرتر و کەمتر لە بارەی حەمە تاڵەوە دەزانن... هەر وەکوو دوای گۆڕینی رژێم لە ساڵی ١٩٥٨دا برا سوورەکانمان دەیانەویست خولە پیزە بکەن بە قارەمانی پرۆلیتاریا و تەنانەت دایکیان هێنایە دادگای مەهداوی و تا شایەتی لە دژی سەعید قەزاز و عومەر عەلی بدات کە یەکەمیان وەزیری کاروباری ناوخۆ بوو، دووهەمیان موتەسەرریفی سولەیمانی بوو. برا سوورەکان. قەزازی کوردیان دا بە خنکاندن، بەڵام عومەر عەلیی تورکمان رزگاری بوو. لە لای خۆمان، کەس دەنگ و باوی ئاغا شرەی نەبیستبوو، تەنانەت دەنگوباسی لەناو خێڵەکەی خۆیشیدا لە بیری زۆرکەس چووبووەوە. تەنیا تاک و تەراک پیر و ریش سپییان نەبێت ئیتر هیچکەس سەبارەت بە ئاغا شرە و سەردەمی یاخی بوونی، هیچیان نەدەزانی.

ئەم ئاغا شرەیە لە سەرەتای حوکمی رەزا شادا گیراوە و دراوەتە دادگا و بڕیاری خنکاندنی بەسەردا دراوە. ماوەی چوار ساڵێک لە زیندانی «قەسر»ی تاراندا دەبێت. تا ئەو کاتە لەو زیندانەدا دەبێت، کەسوکاری هەواڵیان زانیوە. بەڵام پاشان چەن زیندانێکیان پێ گۆڕیەوە و ئیتر کەس و کاری ئاگایان لێ نەماوە و وایان زانیوە بڕیاری خنکاندنەکەیان بەسەریا ئەنجام داوە.

مانگی ١١ یا ١٢ی ٧٨ لە تاران لە ماڵی سالارجاف بووم. دایان لە دەرگا و من چووم دەرگاکەم کردەوە. سەیرم کرد شۆفێری تاکسییەکە و کابرایەکی پیری بەساڵاچووی لەگەڵدایە. کابرای شۆفێر وتی ئەم کابرایە لەگەڵمدایە لە ترمیناڵی ئۆتۆبوس سوارم کرد. کاتێ لێم پرسی بۆ کوێ دەڕۆیت وتی بمبە بۆ «مەڕمخێڵ»، «دێیەکە لەسەر سنووری ئێران و عێراق و بەسەر سیروانەوەیە» لەو کاتەوە سوارم کردووە بە دەستیەوە گیرم خواردووە. نە فارسی باش دەزانێ و نە تورکی. زانیم کوردە و منیش چەند جارێ میوانی ئەم ماڵەم لە ترمیناڵەکەوە هێناوە. بە خۆمم وت باشترین کار ئەوەیە بیهێنمی بۆ ئێرە. پارەی شوفێرم دا و ئەمجا فەرمووم لە میوان کرد تا بێتە ماڵەوە. سەری پاک سپی بوو بوو و تەواو پیر و بەساڵاچوو بوو. کاتێ هاتە ماڵەوە دەستمان کردە قسەکردن لە گەڵیدا، بەڵام بۆمان دەرکەوت نە فارسی باش دەزانێ و نە کوردیی باش لە بیر ماوە، ئەمجا رەفتاریشی تا هەندێک ئاسایی نەبوو. هیچی لە بیر نەمابوو تا وەکوو رێنمایەک بێ بۆ ئێمە و بیناسین. خاوەن ماڵ دە هەزار تومانی دایە و منیش بردم بۆ ترمیناڵی ئۆتۆبوس سواری ئۆتۆبوسی پاوەم کرد. وەکوو لە دواییدا بۆم دەرکەوت باسی سەرگوزشتەی بەم جۆرە بوو: ئاغا شرە

لە سەرتاسەری رژێمی پەهلەویدا لە زینداندا بووە. دوا زیندانێکی کە تیادا بووە، زیندانی بورازجانی نزیک بە شاری بوشەهر لەسەر خەلیج بووە. بە پێی یاسایەک لە رژێمی رابوردوودا ئەگەر بەندییەک رەوشتی باش بوایە و جێگای رەزامەندیی کاربەدەستانی زیندان بوایە، لە نزیکی ئەو زیندانەدا پارچەیەک زەوییان دەدایە و مۆڵەتیان دەدا لەناو ئەو پارچە زەوییەدا خانووبەرە بۆخۆی دروست کا و لەو زەوییەدا کشتوکاڵ و کەسابەت بکا. ئاغا شرە لەم یاسایە سوود دەبا و ژنێکی بەندیی وەکوو خۆی مارە دەکا و تا ساڵی ١٩٧٨ هەر نزیکی ئەو زیندانە ژیاوە و لە ژێر چاودێریی زینداندا بووە. لەو ساڵەدا شۆڕشی گەلانی ئێران دەست پێ دەکا و هەمو بەندییەکان بەرەڵلادەبن. ئاغا شرە کە دەبینێت ئازاد و بەرەڵلایە. هەوای وەتەن ئەدا لە سەری و بڕیار ئەدا بگەڕێتەوە. کاتێ دەگاتە ناوچەی ئێناخی کەس نایناسێتەوە. ئاغا شرەش بە هۆی سەختیی زێدەتر لە چل ساڵێک زیندان و ئەمجا سەرباری ئەو سەختییە پیریش تەواو چۆکی پێ دادا بوو، شتێکی وای لە بیر نەمابوو تا بە کەسوکاری بسەلمێنێ «ئاغا شرەیە».

ئاغا شرە لەکاتی جەردەیی و راووڕووتدا، کاتێ بیویستایە بحەسێتەوە هەمیشە شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی تەرخان کردووە کە بریتی بووە لە کانی و ئاوێک و چەن پیرە دارێک. تەنیا هەر ئەو شوێنەی لە بیر دەبێت و لەگەڵ کەسوکارەکەی دەڕۆن بۆ سەر ئەو کانی و ئاوە. کاتێ دەگەنە ئەوێ ئاغاشرە دەست دەکاتە ناو قرۆڵی دارێکدا و دەمانچەیەکی رزاوی ژەنگاوی دێنێتە دەرەوە. ئا بەو جۆرە بۆ ئێناخییەکان دەسەلمێت ئەمە ئاغا شرەیە. ئاغا شرە ماوەی چەند مانگێک لەناو قەوم و کەس و کاریدا دەبێت و بەڵام بە هۆی پیریەوە تووشی نەخۆشی دەبێت و دەمرێت. ریش سپییەکانی ئێناخی سەبارەت بە رەوشی ئاغا شرە داستانی زۆریان بۆم دەگێڕایەوە. لەو داستانانەدا بۆم دەرکەوت ئاغا شرەی ئێناخی یەکێک بووە وەکو رۆبن هوودی ئینگلیز. واتە ئەگەر نەیزانیبایە یەکێک دەوڵەمەندە دەستی بۆ درێژ نەدەکرد. لە ناوچەی خۆیاندا هەرگیز جەردەیی ی نەکردووە و هەرچیشی بەدەست هێناوە بەسەر فەقیر و موحتاجی خێلەکەی خۆیاندا بەخشیوێتی.

قەدریجان

# کاروانێ مە[٧]

ئەم هیچ نەوەستیاین و ناوەستین.
ل سەر ڤێ ریا دوور
سەر ڤێ ریا دژوار
ئەم دچن... و ئەمێ بچن
بەر ب ئارمانجا خوە...
* * *
سەر دەریایێ ب خوین
ژ چیایێن دار و دەڤی
دەشتێن ب کەلەم و هستری
نەوالێن تەنگ و تاری
ئەم دەرباس بوون
* * *
ل بن باران
ل سەر بەرفان
با... و باگەر
ل شکەفتان
دبن دلۆپان
ب لنگێن خاس
ب جانێ تازی.
کاروانێ مە دچە
بەر ئارمانجا خوە
* * *
ب کووڤیان را پەنجە پەنجە
ب دێوان را روو ب روو
مە جەنگ کر
وان ئەم کوشتین
مە ئەو کوشتن
ئەم نەترسیاین
نە بزدیاین
کەروانێ مە دچە
بەر ب ئارمانجا خوە
* * *
ئەم گەهشتین چیای قاف
نێزیک بوو، نێزیک بوو، ئارمانج
خویا کر، خویا کر، بەهەشتا کرمانج
ئاهـ...
ئەو نەخوش گیان
ئەو کولکێن ژ کاروان
ب شوون دا مان
ئەو رەبەنێن بێچار
مان ژ بەهەشتا مە بێپار
* * *

*رۆناهی: ژمارە(١)، سالا(١)*
*چریا ئێکی ١٩٦٠، ل-٥١*

## لێکۆڵینەوەیەکە لەبەر رۆشنایی‌ی فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵدا

## ئۆنتۆلۆژیی زات:

# گەشەکردنی بیروباوەڕی هیگڵ

### بەشی یەکەم


محەمەد کەمال

زانستگەی کەراچی


**سەردەمی** هیگڵ لانکەی زۆرانبازیی هێزە ناکۆکە رامیاری و کۆمەڵایەتییەکان بوو. شۆڕشی بورژوازیی فەرەنسا دام و دەزگای سیستەمی دەربەگایەتیی رووخاند و بزوتنەوەی تەنویر و رۆمانسیەتیش کۆتایی‌یان بە دۆگمای بیروباوەڕی ئایینی هێنا و روویان کردە مەسەلەکانی دەوروبەری مرۆڤ. ئەم بار و دۆخەی ئەورووپا راستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر هیگڵ و، ئەویش وەکوو رووناکبیرێکی بێترس، بە نیازی ئەوەی لەسەردەمەکەی بگات، خۆی لە هەموو بوارێک داوە.

شۆڕشی بورژوازیی فەرەنسا ئومێدێکی گەورە بوو بۆ هیگڵ، بەو بڕوایەوە کە تیشکی ئەو شۆڕشە بتوانێ رۆشندانێکی گەورە لە ئاسمانی تاریکی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەڵمانیادا دروست کات، بە گەرمییەوە پێشوازی ناپلیۆنی کرد و بە دۆستی گەلی ئەڵمانیای دادەنا نەک دوژمن و داگیرکەر. لە ساڵی ۱۸۰۶دا ناپلیۆن لەشکری پرۆسیای شکاند و ساڵێکیش دوای ئەوە، شاری جینا، ئەو شارەی هیگڵی تیا دەژیا، داگیر کرا. هەر لەو ساڵەشدا بوو هیگڵ کتێبی (فینۆمینۆلۆجی هۆش)ی دەنووسی و گەیشتە ئەو ئەنجامە کە مێژووی ئەورووپا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکەدا گەیشتۆتە دوا پلەی نەش و نما کردن. لە نامەیەکیشدا بۆ نیتەمەر Nithammerی هاوڕێی، ناپلیۆنی بە هێزی پاک و رەوان و رزگارکەری مرۆڤی سەردەم داناوە:(۱)

هیگڵ تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو کاتێ شۆڕشی فەرەنسا دەستی پێ کرد. بە یادی شۆڕشەوە لەگەڵ شێلنگ و هۆلدرلندا نەمامی ئازادییان رواند. کە ناپلیۆن هاتە سەر تەخت ۳۳ ساڵان بوو. بەڵام دوای ئەوە زۆر زوو توانیی کەموکوڕییەکانی شۆڕشەکە هەڵسەنگێنێ و رۆژ لە دوای رۆژ دەکەوتە گۆمی نائومێدییەوە. کە ناپلیۆن لە جەنگی واترلۆدا شکا هیگڵ چل و پێنج ساڵان بوو، لەو تەمەنەدا بوو کە لافیتە رەنگاو رەنگەکانی شۆڕشی فەرەنسای بە بێ مانا دەدایە قەڵەم، چونکە ئەو رژێمە بۆرژوازییە تەنیا فۆرمێکی تری چەوساندنەوە و زوڵمی هێنا کایەوە و نەیتوانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە دامەزرێنێ. دەبینین هیگڵ ئومێدی بە شۆڕش نەماو و هێزێکی بەدیلیشی نە دەدۆزییەوە بۆیە پەنای بردە بەر رژێمێکی پاشایەتیی ریفۆرمیستی بەو ئومێدەی رژێمەکە بتوانێ ئەڵمانیای یەکگرتوو دامەزرێنێ.

لە ساڵی ۱۸۱۸ هیگڵ کرا بە سەرۆکی زانستگەی بەرلین، پشتگیریی رژێمی فردریکی سێهەمی کرد. هەر لەو ساڵەشدا بوو ئازادیی نووسین و بیردەربڕین قەدەغە کرا و خوێندکارە لیبرالییەکان لە زانستگەدا ئازار دەدران. ئەم هەڵوێستەی هیگڵ (وەکو هەڵوێستی هایدیگر بۆ نازییەکان) بووە بە داردەستێک بۆ دوژمنانی هیگڵ، هەتا ئەمڕۆش دژی فەلسەفەکەی بەکار هێنراوە. بۆ نموونە شۆپنهاوەر لە پێشەکیی پەرتووکەکەیدا The World As Will And Idea بە ئاشکرا پەلاماری هیگڵ دەدا و بە فەیلەسووفێکی هەلپەرست و بازرگانی داناوە.(۲) زانستگەی بەرلین یەکەم جێگای ئەزموون و دەرس وتنەوە نەبوو بۆ هیگڵ. لە پێش هاتنی بۆ بەرلین لەچەند جێگایەکی‌تر مامۆستا بوو. کاتێ فیختە Fichte بە تاوانی گومڕایی‌یەوە لە زانستگەی جینا لە ساڵی ۱۷۹۹دا دەرکرا(۳)، هیگڵ لە جێگاکەی دامەزرا. لە سەرەتادا زۆر پرۆفیسۆر بە هاتنەکەی دڵخۆش نەبوون، لەو باوەڕەدا بوون کە مرۆڤێکی شوانی خوارووی ئەڵمانیا ناتوانێ ببێ بە مامۆستای فەلسەفە. لە لایەکی تریشەوە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤاری The Critical Journal of Philosphy دا سەرنجی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی رانەکێشا.(٤)

گوێتە و شیلەر لە نزیکەوە هیگڵیان دەناسی، بەڵام هەرگیز لە نووسینەکانی رازی نەبوون.(٥) شێگل لە ساڵی ۱۸۰٤دا لە

پاریسەوە بۆ براکەی دەنووسێ: «نامەوێ کاتی خۆم بە نووسینەکانی هیگڵەوە بە فیڕۆ بدەم»(٦) جا، سەرەڕای لاوازیی نووسینە سەرەتاییەکانی، هیگڵ کەوتبووە ژێر تەئسیراتی شیلنگەوە، تەنانەت زۆر کەس نەیاندەتوانی بۆچوونەکانی هیگڵ و شیلنگ لە یەک جیابکەنەوە. لە ساڵەکانی دواییدا کە شیلنگ واز لە مامۆستایەتی دەهێنێ بە ریکەوت یەکێک لە شاگردەکانی هیگڵ دەبینێ، گەیی زۆر دەکات، گوایە ئەوەی هیگڵ باسی دەکا و بە فەلسەفەی خۆی دادەنێ مافی هیگڵی پێوە نییە و خاوەنی راستەقینەی شیلنگە.(٧)

بە تێکرا؛ گۆڕانە تراژیدیەکەی شۆڕشی فرانسا بووە هۆی پاشگەزبوونەوەی ئەم فەیلەسووفە مەزنە لە هەڵوێستی رادیکالی تافی لاوێتی، تاکوو مردنیش بە فەیلەسووفی سەربەدەوڵەت دادەنرا.

بزوتنەوەی تەنویر و رۆمانتسیزم لایەنەکانی ژیانی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفیی داگیر کردبوو. شاگردانی تەنویر لە رێگای هۆشەوە دژی سیستەمە کۆنەکان و ئایینیەکان دەجەنگان و هەوڵیان دەدا مرۆڤ لە ناو تاریکیی دۆگمای ئایینی و کەلەپووری دەرەبەگایەتی دەرباز کەن. رۆمانسیەکانیش بۆ هەمان مەبەست پەنایان دەبردە بەر عاتیفە و زاتی مرۆڤیان دەگەیاندە پلەیەکی هەرە بڵند و چاوگی مەسەلەکان. بە رای هیگڵ، هەڵکردنی ئالای هۆش کارێکی مەزن و شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام لەو باوەڕەشدا بوو کە هۆش دەبێ دەورێکی پراگماتیکی و زیاتریش دینامیکی هەبێ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکیە کۆمەڵایەتییەکان و نامۆیی‌ی مرۆڤ لە کۆمەڵەوە و کۆمەڵیش لە دەوڵەتەوە – لە هەمان کاتیشدا دەیویست دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی سەر ئەم ئەستیرەیە بەبەستێتەوە بە ژیانی جاویدانی و میتافیزیکیشەوە. بڕوای بە سیستەمێ هەبوو کە ئەم جیهانە و جیهانی گیانەکیش لەناو خۆیدا بپێچێتەوە. ئەمجا بزووتنەوەی رۆمانسیەتیشی بە ناتەواو دادەنا و وای بۆ دەچوو کە سۆفیزم نابێ ئومێدی مرۆڤ و تێکۆشانی لەسەر ئەم ئەستیرەیە بە شتێکی بێمانا دانێ و پێویستە زات و مطلق (خوا) لە رێگای هۆشەوە ، نەک عاتیفە، بگەن بە یەک. لە ساڵی ١٨٠٢دا لە (گۆڤاری رەخنەی فەلسەفە) (بڕواو زانیاری)ی بڵاو کردەوە، بە ئاشکرا نارازی بوونی خۆی بەرانبەر تەنویر و رۆمانتسیزم دەربڕیوە و بڕوای بە سیستەمێکی بەدیل هەیە کە زات و مطلق، ژیانی ئەم دنیا و ئەو دنیا فەرامۆش نەکات.

سەرەڕای ئەم رووداوە گرنگانە، کێشە ناکۆکییەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیش کە پەیڕەوی سیستەمی دووالیزمی کانتی دەکرد، هاندەرێکی تر بوون بۆ بەرەو پێشەوە چوونی بیروباوەڕی هیگڵ. فەلسەفەکەی کانت دوو کێشەی ناکۆکی هەرە گرنگی هێنایە مەیدانەوە:

١- بوونی راستەقینەیەکی لە ناسین نەهاتوو Unknowable Reality

٢- جیاکردنەوەی زات و بابەت.

با بزانین ئەم دوو کێشەیە چۆن سەریان هەڵداوە:

زاناکانی سەر بە ڕاڕەوی هۆشەکی Rationalism زانینیان گەڕاندۆتەوە بۆ هۆش Reason. دیکارت، بە تایبەتی وەیا بە پێچەوانەی هاوبیرەکانی و زانایانی ڕاڕەوی هەستەکیش Empiricism لەو باوەڕەدا بوو هۆشی مرۆڤ گەنجینەیەکی دەوڵەمەندەو خاوەنی هەندێ بیری زگماکییە. ئەم بیرە زگماکیانە لە کاتی خولقاندنی مرۆڤدا خوا لەناو هۆشدا جێی کردوونەتەوەو مرۆڤ دەتوانێ بەکاریان بهێنێ و راستەقینەیان پێ بناسێ. وەکوو ئەفلاتونیش هەست کردنی بە ئامێرێکی نالەبار و کەم و کووڕ داناوە.

زانایانی ڕاڕەوی هەستەکی وەکوو جۆن لۆک و داڤید هیوم و بارکلی رەفزی هۆشیان کردووە و زانینیان گەڕانۆتەوە بۆ هەست کردن بە Perception . هۆشی مرۆڤیان بە قاوغێکی بەتاڵ داناوە کە هیچ جۆرە زانینێکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوەتە وجوودەوە. داڤید هیوم کە بە شۆڕە سوارێکی ئەم ڕاڕەوە دادەنرێ هەست کردنی کردووە بە دوو بەشەوە:

ئینتباعەکان Impression و بیرەکان Ideas. ئینتباعەکان پێش بیرەکان دەکەون و هەرچ بیرێکمان هەبێ لە ئینتیباعەکەیەوە دروست دەبێ. بۆ نموونە شیرینیی هەنگوین و رەنگی شەکر لە ئینتیباعی تامی هەنگوین و بینینی شەکرەوە پەیدا بووە. ئەگەر تامی هەنگوینمان نەکردبێ و شەکرمان نەدیبێ و کەسیش ئەم دوو شتەی بۆ باس نەکردبین ئەوا بە هیچ شێوەیەک نازانین هەنگوین تامی چۆنە و شەکریش چ رەنگێکی هەیە. لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هیچ بیرێک بە بێ ئینتباع دروست نابێ. ئەگەر بیرێکمان هەبێ و ئینتیباعەکەی لە هیچ شوێنێکدا نەدۆزینەوە، ئەوا ئەو بیرە بێ مانایەو جێگای متمانە نییە. ئینتیباعەکان و بیرەکان پەیوەندییەکی زەروورییان لە نێواندا هەیە. ئەمەش ئەوەمان پێ رادەگەیێنێ کە بوونی لایەنێکیان بەستراوە بە بوونی لایەنەکەی ترەوە.(٨)

بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەی هیوم بنەمای بیرو باوەڕە میتافیزیکی و ئایینییەکانی رووخانو شۆڕشێکی فەلسەفییانەی

هێناوەتە کایەوە، بەتایبەتی کارێکی زۆری کردۆتە سەر کانت و لە خەوی دۆگماتیکی رایچڵەکاندووەو بە ئاگای کردووە. ئەگەر بیرەکانمان مەحکومی ئینتباعەکان بن و لەوێوە پەیدا بووبن چۆن بڕوا بە میتافیزیک بکەین؟ یا چۆن باسی (گیان) و خاسیەتەکانی بکەین ئەگەر گیان بابەتێکی بەردەستەکی نەبێ و ئینتباعەکەشی نەدۆزینەوە؟

کانت وەکوو شارەزایەکی بلیمەت بە وردی دەستی کرد بە نەخشەکێشانی ئەنەلۆمی زانینەکانی مرۆڤ. فەلسەفەکەی بە رەخنەکار ناو دەبرێ چونکە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە دەیڕوانییە کێشەکانی ڕاڕەوی هۆشەکی و هەستەکی. لە بەرهەمە شاکارەکەیدا (ڕەخنە لەسەر هۆشی رەها Critique of Pure Reason) ئەو پرسیارە لەبەردەمماندا قوت دەکاتەوە کە راستەوخۆ ئەمانگەیەنێتە سەر زەمینەی ئەپستمۆلۆجی: ئایا چی دەزانین؟ زانایانی ڕاڕەوی هۆشەکی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێنەوە بۆ بنچینە و هێزە میتافیزیکییەکە و پەنا دەبەنە بەر هۆش. هەموویان لەو باوەڕەدان هۆش جەوهەرێکی نا- ماتریالە، دەتوانێ لە دوای تێکشکاندنی لەشیش بژی و کار بکات. جەوهەری نا- ماتریال لە هەمان کاتیشدا ئەو توانایەی دراوەتێ راستەقینەکان بدۆزێتەوە. ئەم فەیلەسووفانە لەو باوەڕەشدا بوون کە زانینی هۆشەکی هەمەکین Universal، گۆڕانیان بە سەردا نایەت چونکە دوورن لە بابەتە بەر دەستەکییەکانەوە و ناکۆکییان لەناو خۆیاندا هەڵنەگرتوە. بۆ نموونە ٢+٢ لە هەموو کات و شوێنێکدا دەکاتە چوار و گۆڕانی ،بەسەردا نایەت.(٩) زانیارییە هەستەکییەکانیش کە پەیوەندییان بە بابەتە بەردەستەکییەکانەوە هەیە هەندەکین Particular و پڕن لە ناکۆکی. لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر یا لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیتر دەگۆڕێن. با بڵێین وا هەست دەکەم ئەمڕۆ هەوا گەرمە لە هەمان کاتدا بۆ مرۆڤێکی تر لەوانەیە سارد بێ. یا ئەمڕۆ گەرمە و ئەمەش سبەینێ سارد بێ. لەم حاڵەتەدا پرۆپۆزیشنی: ئەمڕۆ هەوا گەرمە. راستەقینەیەکی هەندەکیمان پێشان دەدات و قابیلی گۆڕانە. زانا هۆشەکییەکان پشتیان بەم جۆرە زانینە نەبەستووە بۆیە ئەفلاتون (کە یەکێکە لە رابەڕانی ڕاڕەوی هۆشەکی) پەنای بردۆتە بەر فۆرمە هەمەکییەکانی جیهانی نا- ماتریال و دیکارتیش کێشەی بیری زگماکی هێناوەتە کایەوە.(١٠)

وەکوو باسمان کرد، هەڵوێستی کانت لە ئاستی ئەم دوو ڕاڕەوەدا رەخنەگرانە بوو، بڕوای وایە هۆش بە تەنیا بە بێ یاریدەی هەست کردن و ناسینی خاسیەتەکانی جیهانی دەرەوە ناگاتە یەقین و زانینیش ناخوڵقێنێ. بە هەمان شێوەش ئەگەر هەست کردن کەرەسە خاوەکان یا خود خاسیەتەکانی بابەتەکانی جیهانی دەرەوە نەدات بە هۆش و هۆش نەیانخوێنێتەوە، ئەوا هەرگیز نابن بە زانین. هۆش و هەست کردن تەواوکەری یەکترین، «بیرەکانمان بە بێ ناوەڕۆک پووچەڵن، هەست کردنیش بە بێ ئەو بیرانە کوێرن و هیچ نابینن».(١١)با ئاگاداری ئەو خاڵەش بین کە هۆش لای کانت وەکو هۆشی لای دیکارت نییە، چونکە زانینی (بیری) زگماکی لە ناو خۆیدا هەڵنەگرتوە. سەرەڕای ئەمەش موتربەکردنی دوو قودرەتی زانین (هۆش و هەست) لە یەک زەمینەدا بۆ زۆر لایەنی ترمان دەبات. یەکێک لەوانە پەیوەندی نێوان زانینی هەمەکی و هەندەکییە. زانایانی ڕاڕەوی هەستەکی زانینی هەندەکی بە بنەما دادەنێن و بڕوایان بە مەوزوعیەتی Objectivity چەمکە هەمەکییەکانی نییە و فۆرمە ئایدیالییەکانی ئەفلاتون بە بێمانا و هیچ دەدەنە قەڵەم. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە پێش جۆن لۆک و داڤید هیوم و کانتەوە ئەرستۆ پەنجەی بۆ ئەم مەسەلەیە درێژ کردووە و فۆرمە هەمەکییەکانی ئەفلاتونی لە ئاسمانەوە داگرتۆتە سەر زەوی و لە جیهانی ماتریالدا جێگایان دەکاتەوە. کانت و هیگڵیش شوێن پێی ئەرستۆ کەوتوون و فۆرمە هەمەکییەکان و بابەتە بەردەستەکییە هەندەکییەکان پێکەوە گرێ دەدەن. ئەرستۆ لەم بارەیەوە دەڵێ ئەگەر بمانەوێ رەنگی زەرد بناسین ئەوا دەبێ پەنجە بۆ بابەتێکی زەرد درێژ کەین. بە بێ ئەو بابەتە زەردە وەکوو ئاڵتون. نازانین زەرد چییە و زەردی بە بێ بابەت نییە. لەهەمان کاتیشدا هیچ بابەتێکی رووت بە بێ ئەو خاسیەتانە وەکو رەنگ و بۆن و تام نادۆزینەوە. کەوا بوو، بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە جەوهەر Substance شتێکی هەمەکی نییە و لە بابەتە بەردەستەکی و ماتریالییەکانیشەوە جیا نەبۆتەوە.(١٢) هەرچەندە بۆچوونەکەی کانت ئەرستۆیانەیە، بەڵام زیاتر رەنگی ئەپستمۆلۆجی وەرگرتوە و باسی گرنگیی ئەم کێشەیەی بۆ سەر سیستەمی ئۆنتۆلۆجی نەکردووە. وا تێ دەگات ئەگەر پەنا بەرینە بەر هەست کردن و ئاوڕ لە هۆش نەدەینەوە بیرە هەمەکییەکان نایەنە کایەوە، بە هەمان شێوەش ئەگەر هۆش دەستی یارمەتیی لە لایەن هەست کردنەوە بۆ درێژ نەکرێت، هیچ کەرەسە و خاسیەتێکی بابەتەکانی دەوروبەرمانی پێ ناگات و ناتوانێ هیچ زانینێکی لە بارەیانەوە هەبێ.

کانت نە پەیڕەوی ڕاڕەوی هەستەکی دەکات نە هۆشەکیش، کەچی رەفزی هیچیان ناکات. هەست کردن ئەرکێکی گەورەی

لەسەر شانە و زانینی لەوێوە دەست پێ دەکات، هەموو کاتێ خەریکی کۆکردنەوەی خاسیەتی بابەتەکانی دەرەوەیە و دەیانگەیەنێ بە هۆش. ئەمەش ئەوە رادەگەیەنێ کە کانت هەرچەندە فەیلەسووفێکی ئایدیالیستییە بەڵام وەکوو ئەفلاتون و بارکلی و شەنکارا جیهانی ماتریال بە ساختە و پووچ دانانێت و زانینی هەستەکی رەفز ناکات، بڕواشی وایە کە هۆش وەکوو لایەنێکی تر دەورێکی گرنگی هەیە و تەواوکەری هەست کردنە. زات و جیهانی دەرەوەی زات، بە پێی ئەم بۆچوونە دوالیستییەی کانت، دوو شتی جیاوازن و بەرامبەر یەکتر راوەستاون. زات دەیەوێ جیهان بناسێ و هەست کردن و هۆشی بۆ بەکاردەهێنێ، بەڵام ناسینی جیهان بە حوکمی ئەو توانایەی هەست کردن و هۆشمان هەیەتی، کە لە خۆیدا کورتبین و مەحدوودن، کەموکووڕیی تێدایە وە ناگاتە ئاستی نهێنییەکانی بوون و پەردە لەسەر جیهانی ناماتریاڵ هەڵنامالن. ئەمەش پەیوەندی بە بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەی کانتەوە هەیە کە لێرەدا روونی دەکەمەوە.

دروستە کانت دەوری هەستەکانی فەرامۆش نەکردووە بەڵام وەکوو زانایەکی هەستەکی دانانرێ چونکە بڕوای بە گرنگیی هۆش هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێ: راستە زانین لە ئەزموونی هەستەکییەوە دەست پێ دەکات، بەڵام مەرج نییە ئەزموونی هەستەکی تاکە سەرچاوەی زانین بێت.(١٣) ئەزموونی هەستەکی، وەکوو هەموو یەکێ لە ئێمە دەزانێ، لە ناو کات و شوێندا روو دەدات. ئەوەی دەیزانین لە بارەی بابەتە بەردەستەکییەکانەوەیە و ئەو بابەتانە و ئێمەش لە ناو کات و شوێنی تایبەتی خۆیاندان. بەڵام کات و شوێن بابەتی بەردەستەکی نین و ئەزموونە هەستەکییەکانمان پەیان پێ نابەن، کەچی بوونیان بۆ هەموو بابەتێک و هەموو ئەزموونێ زەرورییە، بە بێ ئەم دوو فۆرمە (کات و شوێن) هیچ شتێک نییە و پێش ئەوەی شتێکیش بناسین دەبێ ئەو شتە لە ناو کات و شوێندا بێ و کات و شوێن پێش وجوودی ئەزموونەکەمان دەکەون (A priori). جگە لەم دوو فۆرمە زۆر چەمکی‌تر هەن کە بە رای کانت پێش هەست کردن دەکەون و لە رێگای هەست کردنەوە پێک نەهاتوون. بۆ نموونە ئەگەر شارەزاییمان لە مێژووشدا نەبێ دەزانین کە هۆیەک بۆ کوژاندنەوەی شۆرشی شێخ مەحموود هەبوو. جا مەرج نییە ئەو هۆیە بزانین، بیری (هۆ) یا Cause لە هیچ ئەزموونێکی هەستەکییەوە نەگەیشتووە پێمان. یا ئەگەر یەکێ بڵێ سێ گۆشەیەک لە سەر مانگ هەیە، بە بێ ئەوەی بچینە سەر مانگ و ئەو سێ گۆشەیە بدۆزینەوە دەزانین کە سێ گۆشە سێ لای هەیە و گۆشەکانیش (١٨٠) دەرەجەیە. ئەم جۆرە زانینانە لای کانت ناو دەبرێ (پێشتر– A priori)، چونکە پێش هەست کردن دەکەون.(١٤) ئەو بیرانەی لە ئەنجامی هەست کردنەوە پێک دێن ناو دەبرێن (پاشتر– Postirori)(١٥).

کانت لەو باوەڕەدایە لە هۆشی مرۆڤدا دوانزە کاتیگۆری هەن و چەمکی هەمەکین و زاتین Subjectiv دەورێکی گرنگیان لە پێکهێنانی زانیندا هەیە. ئەم کاتیگۆریانە ئەرستۆ لە لۆجیکەکەیدا باسی کردوون و کانت یەکەم زانا نییە بەکاریان بهێنێ.(١٦) گرنگییان وەکوو وتمان لە پێکهێنانی زانیندایە. ئەوەی دەیزانین دەبێ بخرێتە بەر رۆشنایی کاتیگۆرییەکانەوە و بەسەریان ساغ کرێنەوە. بۆ نموونە هەموو بابەتێک کۆمەڵێ خاسیەتی هەیە، وەکو: مێزەکە قاوەیی یە و یەک مێزە و دارتاش دروستی کردووە. ئەم خاسیەتانە سەر بە کاتیگۆری (چۆنیەتی و چەندەکی و هۆن) Quality- Quantity and Cause، ئەم خاسیەتانەش زۆربەیان لە رێگای هەست کردنەوە دەگەنە هۆش و دەخرێنە ژێر کاتیگۆرییەکانەوە. ئەوەی هەست کردنیش پێمان رادەگەیەنێ پەیوەندی بە بابەتە ماتریاڵەکانەوە هەیە و هەرگیز پەنا ناباتە بەر شتێک کە نادیار و شاراوە و لەودیو جیهانی ماتریاڵەوە بێت، ئەگەر شتێک لەو دیو جیهانی ماتریاڵەوە هەبێت ئەوا کەس نایناسێ و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. لێرەدا کانت رەفزی جیهانی میتافیزیک ناکات بەڵکە بڕوای پێیەتی و ئەوەندەش لە بارەیەوە دەزانێ کە هیچی لێ نازانێ. کانتیش وەکوو ئەفلاتون و زانایانی دووالیستی جیهان دەکات بە دوو بەشەوە:

١- جیهانی ماتریال (فینۆمینە= Phenomenon)

٢- جیهانی ناماتریال (نۆمینە= Nomenon)

جیهانی ماتریال زانراوە و هەست کردن دەیدۆزێتەوە و دەخرێتە بەر رۆشنایی کاتیگۆرییەکانەوە. بەڵام نۆمینە، یا جیهانی نا- ماتریال لەو دیو فینۆمینەوەیە و مرۆڤ هەرگیز نایناسێ و تۆزقاڵێکیش لەو بارەوە نازانێ، هۆشی مرۆڤ هەرگیز ئەو توانا و قودرەتەی نییە ئەو جیهانە بدۆزێتەوە. زانین و توانای زانین لای مرۆڤ سنووری دیاری کراوی هەیە و مەحدوودە. ئەوەی دەیزانین لە بارەی دەورووبەرو جیهانی ماتریالەوەیە. ئەم پابەندییە دەمانگەیەنێتە ئەنجامی ئەوەی ئەگەر خواش هەبێت، یا هێزێک لەو دیو جیهانی ماتریالەوە هەبێت، ئەوا مرۆڤ ناتوانێ بیناسێ. لەبەر ئەم هۆیەشە کانت رەفزی ئەو بەڵگە فەلسەفییانە دەکات کە بۆ سەلماندنی بوونی خوا دامەزراون وفەیلەسووفە ئایدیالستییەکان لە ئەرستۆوە تا زانا مەسیحییەکان و دیکارت و لایبنیز

بەکاریان هێناون(١٧).

کێشە دووالیستییەکانی کانت، بە تایبەتی هەڵچنینی دیوارێکی ئەستوور لە نێوان زات و بابەت و جیهانی فینۆمینە و نۆمینە و ئەمجا مەحدوود کردنی توانای زانین لە لای مرۆڤ بوونەتە هۆی نارەزایی دەربڕین و رەخنەی فەیلەسووفە ئاڵمانییەکان کە لە سەردەمی کانت و دوای ئەو سەردەمەوە ژیاون. بۆ نموونە شۆپنهاوەر، فیختە، یاکۆبی، شلایەرماخەر، شیلنگ، شیلەر و هیگڵ هەوڵیان داوە چارەسەری کێشە دووفاقییەکان بکەن و سیستەمێکی فەلسەفیی نوێ دامەزرێنن. با ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە بۆچوونەکانی کانت تاکوو رادەیەک زانستیانەیە چونکە زانینی بەستووە بە واقعی بینراوەوە. کەموکووڕیی هەنگاوەکانی لەوەدایە کە بە بێ بەڵگەیەکی لۆجیکانە جیهانی نۆمینەی لە بەردەمماندا قوت کردۆتەوە، ئەمەش زیاتر هەڵوێستێکی ئایینییە نەک فەلسەفییانە.

شۆپنهاوەر یەکەم فەیلەسووفی ئەم کاروانە بوو، هەوڵی داوە چارەسەری مەسەلە دووالستییەکانی فەلسەفەکەی کانت بکات. بۆ ئەم کارەش جیهانی نۆمینەی بەو ئیرادە هەمەکییە Universal will داناوە کە ژیانی بەخشیوە بە بوونەوەرەکان و جیهانی ماتریالیش فۆرمی دەرەکیی ئەو ئیرادەیەیە و ئەو دەیجووڵێنێ. ئیرادە لە لای ئەم زانایە، بە پێچەوانەی ئیرادەکەی نیتشەوە قودرەت و توانای تاکە مرۆڤ نییە بەڵکە ئیرادەی مرۆڤ بەشێکە لەو. کەوا بوو، شۆپنهاوەر دوای کانت توانیویەتی سیستەمی دووالیزمی رەفز کات و جیهانی فینۆمینە و نۆمینە بە دوو روخساری یەک حەقیقەت دانێ. ئەنجا بەناسینی خۆمان و بابەتەکانی دەوروبەرمان کە فۆرمی دەرەکیی ئەو حەقیقەتەن دەتوانین زانیاریمان لە بارەیەوە هەبێ، بەڵام مەحاڵە بە تەواوی بیناسین چونکە مرۆڤ بەشێکی هەرە بچووکی ئەو ئیرادە هەمەکییەیە و ناگاتە ئەو ئاستەی هەموو شتێ لە بارەی حەقیقەتی جیهانییەوە بگات.(١٨)

یاکۆبی Jacobi(١٩) وەکو شۆپنهاوەر تەماشای مەسەلەکەی نەکردووە و لە بۆچوونێکی سوفیگەرانەوە ناسینی جیهانی نۆمینەی بەستۆتەوە بە شعوورەوە Feeling بەڵام پێمان ناڵێ ئەو شعوورە چۆنە و جیاوازیی لەگەڵ شعوور کردن بە خۆشی یان ناخۆشی چییە. شلایەرماخەر دوای یاکۆبی کەوتووە و لەو باوەڕەدا بووە کە ئەو جۆرە شعوورە ئایینییە یاخود شعوورکردنە بەوەی یەکێک هەیە ئاگای لە باروودۆخی مرۆڤ بێت و لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە و زوڵم و زۆر کردندا فریامان بکەوێت(٢٠) هەر ئەم رایەش بوو وای لە هیگڵ کرد کە گاڵتە بە شلایەرماخەر بکات و بڵێ «لە لای ئەم زانایە سەگێک دەتوانێ ببێ بە کاسۆلیکێکی چاک»(٢١)

شیلەر و شیلنگ هەوڵیان داوە لە روانگەی هونەرەوە تەماشای کێشەکە بکەن. لە ئەزموونی هەنەریدا هیچ دیوارێک لە نێوان زات و بابەتەکەیدا نییە. هونەرمەند راستەوخۆ دەچێتە ناو جەرگەی بابەتەکەوە و بەتەواوی دەیناسێ و هیچی لێ ون نابێ. بەڕای من بیروڕای ئەم دوو زانایە شتێکی نوێیە، لە پێش ئەماندا کانت لە کتێبی سێیەمیدا Critique of Judgement باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە و لەو باوەڕەدایە کە زاتی هونەرمەند و بابەتەکە لە یەکتر جیانابنەوە، لە بەر ئەم هۆیەشە کە زاتی هونەرمەند زاتێکی نامۆ نییە.

فیختە بە پێچەوانەی ئەمانەوە خۆی بە ئایین و هونەرەوە خەریک نەکردووە، هەوڵی داوە زەمینەیەکی فەلسەفییان بۆ خۆش کات. نالەباریی سیستەمەکەی لەوەدایە کە رەفزی مەوزووعیەتی جیهانی دەرەوەی کردوە و بە پاشکۆی زاتی داناوە وەکوو جۆرج لۆکاش دەڵێ: فیختە فەلسەفەی کانتی لە ماتریالیزم پاراستوە و بەرگێکی ئایدیالیستی کردوە بە بەردا.(٢٢) ئەوەی هەیە و نییە، چی ماتریال بێ یا ناماتریال، رووی ناوەوە بێ یا دەرەوە جگە لە زات هیچ شتێکیتر نییە. هیچ شتێک نییە فۆرمی زات نەبێ یا زات دروستی نەکردبێ. کەوا بوو، ناسینی جیهان بۆ زات شتێکی گران و مەحاڵ نییە. ئەم هەنگاوەی فیختە بەڕای هیگڵ کارێکی خراپ نییە، بەڵام هێشتا مەسەلەکەی بەتەواوی چارەسەر نەکردووە چونکە نازانین چۆن ئەو بابەتەی لە زاتەوە دەرچووە جارێکیتر لەگەڵ زاتەکەدا یەک دەگرێتەوە. هیگڵ لە ئاستی ئەم مەسەلەیەدا تا رادەیەک لەگەڵ شیلنگدایە نەک فیختە، دیسانەوە نەیتوانیوە بە تەواوی لەگەڵ راکەی شیلنگدا بێ چونکە:

١- ئەزموونی هونەری وەکوو بۆچوونە فەلسەفییەکان چارەسەری مەسەلە ئۆنتۆلۆجییەکان ناکات.

٢- هونەر لە فەلسەفەکەی هیگڵدا پلەیەک لە خوار ئایین و دوو پلەش لە خوار فەلسەفەوەیە.

هاوڕێیەتیی نێوان هیگڵ و شیلنگ ئەو رۆژە شێوا کە کتێبی (فینۆمینۆلۆجی هۆش) لە ساڵی ١٨٠٦دا کەوتە بازاڕەوە. لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا رەخنە لە شیلنگ دەگرێ و بە پێچەوانەی ئەوەوە لەو باوەڕەدایە کە ناکۆکییەکان هەرگیز تەفروتوونا نابن و لەناو زاتی (مطلق)دا بەشاراوەیی دەمێننەوە(٢٣).

بە هەرحاڵ، هیگڵ توانیی جێگایەکی تایبەتی لە ناو تەوژمی فەلسەفەی ئاڵمانیا و زانستگەی جینا بۆخۆی داگیر کات. زۆر زانا و نووسەر هەن هیچ گرنگییەک بۆ هیگڵ دانانێن و

بیروباوەڕەکانی بە نوێ دانانێن. لەم رووەوە کارڵ پۆپەر دەڵێ ئەوەی هیگڵ باسی کردووە زانایانی پێش ئەو دایان هێناوە.(٢٤) شیلنگ هەرگیز بڕوای بە رەسەنیەتیی بیروباوەڕی هیگڵ نییە و خۆی بە خاوەنی شەرعی دادەنێ. بە ڕای رۆبرت سۆلۆمۆنیش هیگڵ زۆر شتی لە هێلدرنی شاعیرەوە وەرگرتووە(٢٥). زۆر لەم رەخنانە هێرشێکی نارەوایە و دان بە رەسەنیەتیی فەلسەفەکەی هیگڵدا نانێن. بە تایبەتی رەخنەکەی کارل پۆپەر زۆر نازانستییانەیە، هەر وەک والتر کۆمخان دەڵێ، پۆپەر لە زۆر شوێندا نەشارەزایانە باسی هیگڵی کردووە.(٢٦) رای برتراند رەسلیش لە راکەی پۆپەر باشتر نییە و سیستەمی دیالیکتیک بە فەلسەفی دانانێ.(٢٧) ئاشکرایە کە مێژووی فەلسەفە زنجیرەیەکی نەپچڕاوە و هەموو فێرگەیەکی نوێ لە مندالْدانی فێرگەیەکی پێش خۆیدا نەش و نما دەکا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە فێرگە نوێکە نوسخەی کتومتی فێرگە کۆنەکەیە و هیچی تازەی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوەتە کایەوە. ئەمڕۆ، نەک بە تەنیا هیگڵ، بەڵکە هیچ فەیلەسووفێک شک نابەین سوودی لە فێرگە و بیروباوەڕی فەیلەسووفەکانی رابردوو یا سەردەمەکەی وەرنەگرتبێ. زۆر فەیلەسووفی یۆنانی و ئەڵمانی وەکوو هیراکلیدس و ئەفلاتون و ئەرەستۆ و کانت و شیلنگ و سپانیۆزا کاریان کردۆتە سەر هیگڵ، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی بیروباوەڕەکانی لە ناو خاکێکی نوێدا موتربە بکات و سیستەمێکی تازەمان پێشکەش بکات.

چارەسەرکردنی کێشە فەلسەفییەکانی کانت لە لایەن فەیلەسووفە ئەڵمانییەکانەوە نەبوونە جێی رەزامەندیی فەیلەسووفەکەمان. لەو بڕوایەدا بوو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستییان بە سیستەمێکی تازە هەیە، سیستەمێک ئەوەندە گشتگرو فراوان بێ هەموو لایەنەکانی بوون داگیر بکات و رووناکی بخاتە سەر هەموو قوژبنێکی. بەڵام ئایا ئەو سیستەمە گشتگرو هێندە فراوان و رەهایە چۆن دادەمەزرێ؟ تۆ بڵێی مێشکی هیگڵ گەیشتبێتە ئەو رادەیەی بەرنامەیەکی موتڵەقمان بۆ ئامادە بکات؟

هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە دامەزراندنی (یا دۆزینەوەی) سیستەمێکی ڕەها ئەوەندە کارێکی سەخت نییە. چونکە ئێمە ئەو سیستەمە ناهێنینە کایەوە، خۆی هەیە و وجوودی رەها دایمەزراندووە، ئێمە تەنیا دەیدۆزینەوە و لە بارەیەوە دەدوێین. بە کورتییەکەی ئەو سیستەمە خوا دایناوە و ئێمەش تەفسیری دەکەین. لێرەدا سیستەمەکەی هیگڵ لە دوو لاوە گشتگر و رەهایە:

١- بوونەوەرێکی رەها وەکوو خوا دایمەزراندوە.

٢- باسی هەموو لایەنەکانی وجوود دەکات. ئەوەی هیگڵ باسی دەکات شتێکە هەیە و مەوزووعییە یا خود ئۆنتۆلۆجییە، هەروەها تەفسیرییە و هیگڵ هیچی ناخاتە سەر و هیچی لێ کەم ناکاتەوە. بەم جۆرە سیستەمی کاتیگۆرییەکان کە لە لای کانت زاتین و لەناو هۆشی مرۆڤدان، بۆ هیگڵ وەکوو فۆرمە ئایدیالیستییەکانی ئەفلاتون مەوزووعین و خاوەنی بوونی راستەقینەی خۆیانن. بە پێچەوانەی پارمەنایدس و ئەفلاتونەوە، هیگڵ بوونی رەهای بە راستەقینەیەکی نەگۆڕ و وەستاو دانەناوە، بوونێکە هەمیشە لە جووڵان و گۆڕان و نەشونما کردندایە تاکوو خۆی دەگەیەنێتە لووتکەی کەماڵ. ئەم خاڵە بۆ شاگردانی دیکارت یا ئەرستۆ شتێکی سەیرە، چونکە ئەگەر بوونی رەها هەبێ ئەوا دەبێ پڕ و تەواو بێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، کەچی هیگڵ باسی گۆڕان و نەشونمای خوا دەکات و وەک بڵێی خوا تەواو و پڕ نەبێ و هەوڵ دەدا خۆی تەواو بکات. ئەمە شتێکی راستە، بوونی رەها لە لای هیگڵ وەک ژیانی مرۆڤ لەناو پرۆژەی زاتدایە و هەوڵی خۆ تەواو کردن دەدات تاکوو بگاتە دواپلەی پێشکەوتن. ئەم کارەش لە رێگای دیالێکتیکییەوە روو دەدات، رەها خۆی وەک سروشت پێشان دەدات و وجوودێکی کۆنکرێتی دیار هەڵدەبژێرێ. پەیدابوونی سروشت مەرجێکە بۆ بوونی بەردەستەکی رەها. لە دووەم قۆناغدا رەها و سروشت وەک دوو شتی دژ بە یەک و ناکۆک یەکدەگرن و ژیانی زیندەوەرەکان و مرۆڤ دێننە کایەوە.

بە کورتییەکەی، سیستەمی هیگڵ سیستەمێکی موتڵەقە چونکە باسی موتڵەق دەکات. موتڵەقیش لە ناو خەو و خەیاڵی ئێمەدا دروست نەبووە، بوونێکی سەر بەخۆی هەیە. مادام ئەو سیستەمە فەلسەفییە وەسفی موتڵەق دەکات، ناتوانێ هیچی نوێی بخاتە سەر یا لێی کەم بکاتەوە. کەوا بوو سیستەمێکی وەسفی یا فینۆمینۆلۆجییە(٢٨).

گۆڕانەکانی موتڵەق بە شێوەیەکی میکانیکی روو نادەن، دیالیکتیکین. زۆرانبازی و ململانێی هێزە ناکۆکەکان دەیانخولْقێنن. پێش ئەوەی باسی چۆنیەتیی گۆڕانی دیالیکتیکی بکەم، دەمەوێ ساتێ لە ئاستی راکەی کۆجێڤدا راوەستم و پێکەوە چاوێک بە سیستەمەکەی هیگڵدا بخشێنین. بڕوا ناکەم کۆجێڤ نیازی وابێ هیگڵ و ئەدمۆند هوسرل لە یەکتر نزیک کاتەوە، چونکە ناوی هوسرل نابات. ئەمجا ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە هیگڵ وەسفی راستەقینە مەوزووعییەکان دەکات وەک چۆن چاوی کامێرا وێنەی جیهانی دەرەوەمان پێشان دەدات، ئەوا ئەم رایە بە هیچ جۆرێک

حەقیقەتمان پیشان نادات و توانا و قودرەتی داهێنانی سیستەمی دیالێکتیکیش سەرنوگم دەکات.

کۆجێڤ ئەو خاڵەی فەرامۆش کردووە کە چۆن هیگڵ بە چاوێکی رەخنەگرانەوە روانیویەتییە هەموو قۆناغێک و لە رێگای هێزی نێگەتیڤییەوە Negativity ناکۆکییەکان سەردەخات و رەوڕەوەی گۆڕانی دەخاتە ڕێ.

دیالێکتیک چییە؟

ئەمڕۆ دیالێکتیک بەو سیستەمە ناسراوە کە بە بێترس لە ئاستی ناکۆکییەکاندا راوەستێ و تەفسیری واقعیکی دینامیکیمان بۆ دەکات. دینامیکییەتی واقعیش لە سەر سیستەمە دیالێکتیکییەکە پەیرەوی جوولانی سێ کوچکەیی دەکات، لە بابەتەوە Thesis بۆ دژی بابەت Antihesis . ئەم دوو لایەنە لەبەر سەرهەڵدانی ناکۆکییەکانیان خۆیان دەگەیەننە قۆناغێکی تازەتر بە ناوی تێهەڵکێش (Synthesis). قۆناغی دووەم (دژی بابەت) لەناو زەمینەی بابەتەکەدا پەیدا دەبێ و وەکوو دژیش لێی جیادەبێتەوە. دیسانەوە ئەم دوو دژە لە قۆناغی سێهەمدا یەکدەگرنەوە و قۆناغێکی دەوڵەمەندتر و کۆنکرێتی دەهێننە کایەوە. ئەم گۆڕانەش لە خۆیدا نەبڕاوە و هەمیشەیی یە.

زاراوی Thesis, Antitesis, Synthesis بۆ یەکەم جار Fichte بەکاری هێناون. لە پێش فیختەدا کانت لە بەشی سێهەمی کتێبی یەکەمیدا Critique of pure Reason ناوی بابەت و دژی بابەتی بردووە. بە رای ئەرستۆش زینۆێ شاگردی پارمەنایدس داهێنەری دیالێکتیکە و توانیویەتی لە رێگای ئەم سیستەمەوە بەرگری لە بیروباوەڕەکانی مامۆستاکەی بکات. دوای زینۆ، ئەفلاتون بە شارەزایانە هونەری دیالێکتیکی پێش خستووە و لە دایەلۆگەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە.(٢٩) ئەفلاتون گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە دیالێکتیک تاکە رێگایەکی دانستیانەیە و یارمەتیمان دەدات فۆرمە بەرزەکانی جیهانی نا-ماتریال بدۆزینەوە.(٣٠) بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە، کانت بە حوکمی ئەوەی زانینی گەڕانۆتەوە سەر واقعی بەردەستەکی و جگە لە توانای تێگەیشتنیش Understand-ing هیچ توانایەکی تری شک نەبردووە، دیالێکتیکی بە هەوڵ و تەقەلای بێهوودە داناوە کە مرۆڤ توشی ناکۆکییەکان Antinomies دەکات.(٣١) هیگڵ راکانی ئەفلاتون و کانتی لە یەک داوە. بڕوای وایە دیالێکتیک سیستەمێکی زانستیانەیە، لە لایەکی تریشەوە، ناکۆکییەکانی Antinomies کردووە بە رەوڕەوەی گۆڕانەکان و هەرگیز بە شتێکی خراپ داینەناون. ئەگەر سەرنجێکی گشتی بخەینە سەر فەلسەفەی هیگڵ بۆمان دەردەکەوێ کە ناکۆکی بە دوو شێوە باس کراوە و بەکار هاتووە:

یەکەم، ناکۆکی جەوهەری هەموو بابەت و رووداوێکی پێکاوە، هەرچی شتێ هەبێ ماتریال یا نا-ماتریال لە ناو خۆیدا ناکۆکیی هەڵگرتووە.

دووەم، ناکۆکی کاتیگۆرییەکە لە بەشی دووەمی لۆجیکدا سەری هەڵداوە.(٣٢)

مەرج نییە ناکۆکییەکان تەنیا لە نێوان دوو شتی جیاوازدا هەبن. هەموو بابەتێک لەناوخۆیدا خاوەنی ناکۆکییە. بۆنموونە، سێو لە گوێز گەورەترە و لە کاڵەکیش بچوکترە. کەوا بوو سێو لەهەمان کاتدا گەورەیە و بچووکیشە، ئەمەش شتێکی ناکۆکە، چونکە ئەگەر بابەتێ گەورە بوو بچوک نابێ. زانا ئایدیالیستییەکانی پێش هیگڵ (جگە لە سپانیۆزا) نەیانوێراوە پەنجە بۆ ئەم خاڵە درێژ کەن. هیگڵ بلیمەتانە سوودی لە کاتیگۆریی ناکۆکی وەرگرتووە و وەک ئەفلاتوون هەوڵی داوە بگاتە راستەقینەیەکی موتڵەق. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ناکۆکی تەنیا لەناو بابەتە کاتەکی و شوێنەکییەکانی دەورو پشتماندا نین، بەڵکە لە ناخی راستەقینە موتڵەقەکەشدا خۆی گەمارۆ داوە و دەبێتە هۆی گۆڕانی موتڵەق. جا، با بزانین راستەقینەی موتڵەق، یا بوونی موتڵەق چۆن گۆڕانی بەسەردا دێت.

بوونی موتڵەق شتێکی بێگیان و بێهۆش نییە، جگە لە خۆی بیر لە هیچ شتێکیتریش ناکاتەوە، چونکە هیچ بوونێکیتر لە ئارادا نییە، هەموو بیرکردنەوەیەکیش یا هەموو جۆرە ئاگایییەک (وعی) ئاگایییە لە ئاستی بابەتێکدا. ئاگایی و بابەت پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان هەیە و لە یەکتر جیا نابنەوە. بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیە لە بابەتێک، بە بێ ئەو بابەتەش بیرکردنەوەی ئەو بابەتە روو نادات. لەم حاڵەتەدا ئەگەر جگە لە بوونی موتڵەق هیچ شتێکیتر لە وجوودا نەبێ، بوونی موتڵەقیش هۆشەکی بێت و بیر بکاتەوە ئەوا راستەوخۆ بە حوکمی پرۆپۆزیشنەکەمان «بیرکردنەوە هەمیشە بیر کردنەوەیە لە شتێک» بوونی موتڵەق دەبێ بابەتێکی لەبەردەمدا بێت. بەڵام هیچ بابەتێک یا هیچ بوونێک جگە لە خۆی لە ئارادا نییە. کەوا بوو بوونی موتڵەق بیر لە خۆی دەکاتەوە. خۆی وەکوو زات و وەکوو بابەتیش لەیەکتر جیادەبنەوە و بەرامبەر یەکتر وەک بابەت و دژی بابەت رادەوەستن. خۆی زاتە و خۆی بابەتیشە، خۆی بیر دەکاتەوە، بابەتی بیرکردنەوەشە. باشترین نموونە بۆ ناسینی ئەم دیاردەیە مرۆڤ خۆیەتی. کاتێ بیر لە خۆم دەکەمەوە، خۆم دەکەمە بابەتی بیرکردنەوەکە. لەم جۆرە ئاگایی یەدا خۆم زات و بابەتیشم. جیابوونەوەی بابەت لە زاتەوە، ئەوە

ئاگەیەنێ کە دوو شتی جیاواز بن و ئاسمان و ڕێسمانیان بەین بێ.

بابەتەکە لە زاتەوە دەردەچێ و فۆرمێکی تری زاتە، رووی دووەمی زاتە و بووە بە دژی زات. ئەم دوو لایەنە دژە دەبنە بنچینە بۆ سیستەمی دیالێکتیکی ژیانی بوونی موتڵەق و لۆجیکی هیگڵیش لە لۆجیکی ئەرستۆ جیا دەکاتەوە.

دوو لایەنی دژ بە یەک بە پێی یاسای دیالێکتیک جیاوازن و جیاوازیش نین، لە یەک دەچن و لە یەک ناچن. (وەک چۆن زات و بابەت جیاوازن و جیاوازیش نین). لە لۆجیکی ئەرستۆدا دژەکان جگە لە پەیوەندی دژایەتی و جیاوازی هیچ سفاتێکی تریان پێکەوە نەبوو. لە بەر ئەم هۆیەشە پەنای بردۆتە بەر سیستەمی دووالیزمی لە میتافیزیکدا. مادام خودا بوونەوەرێکی گیانەکییە و سیفاتی ماتریالی لەناوخۆیدا هەڵنەگرتووە، ئەوا نابێتە سەرچاوەی جیهانی ماتریال، یا هیۆمی. ماتریال تەنیا لە ماتریالەوە دەردەچێ. هیگڵ لەسەر بناغەیەکی لۆجیکی نوێ مەسەلە دووالیستیەکەی ئەرستۆی رەت داوەتەوە، دژەکانی تێهەڵکێش کردووە. ئەگەر گیان و ماتریال دژی یەکتر بن و دوو شتی جیاواز بن ئەوا زۆر بە ئاسانی دەبن بە سەرچاوە بۆ بوونی یەکتر و هەردووکیان یەک شتن.

دابەشبوونی زاتی موتڵەق لە کاتی خود- ئاگاییدا (الوعي الذاتي) دوو لایەنی دژ بەیەکی بۆ دیاری کردین. لە هەمان کاتدا وەکوو باسمان کرد پەیوەندی دیالێکتیکیان پێکەوە هەیە (جیاوازن و یەکن). ئەمەش سەرەتای لە دایکبوونی ناکۆکییەکانە چونکە دوو شت ئەگەر جیاواز بن، نابێ یەک بن. ناکۆکییەکە هانمان دەدات کە خۆمان بگەیەنینە قۆناغی سێیەم و لە دەستی رزگارمان بێت. بابەتی زاتی موتڵەق، کە لە زاتەوە جیاوازە و دژیەتی (بەڕای هیگڵ) دەبێ بە سروشت یا جیهانی ماتریال.(٣٣) سروشت بێ گیانە و ، زاتیش بێ لەشە (سروشت) و لە یەکەوە جیاوازن. یا وەکوو هیگڵ دەڵێ: دوو شتی نامۆن. ئەوەی هەست بە نامۆیی دەکات، زاتەکەیە، هەوڵ دەدات جارێکیتر لەگەڵ بابەتەکەیدا یەک بگرێتەوە. زات بۆ ئەم مەبەستە خۆی دەهاوێتە ناو بابەتەکەوە و لە گەڵیا یەک دەگرێ و گیانی پێ دەبەخشێ و ژیانی بوونەوەرەکان و مرۆڤ دەهێنێتە بوونەوە. لەکاتی جیابوونەوەی زاتی موتڵەق و بابەت و یەکگرتنیشیاندا هێزێک هەبوو کە گۆڕانەکان بهێنێتە ئەنجام. ئەو هێزەش هێزی نێگەتیڤە Negativity کە سەرچاوەی هەموو جیابوونەوە و هەموو یەکگرتنێکە، سەرچاوەی گۆڕانەکانی مێژووە. هەموو گۆڕانێک رەفزی واقع و دامەزراندنی واقعێکی نوێیە. فێرگە فەلسەفییەکانی دوای هیگڵ وەکوو مارکسیزم و وجوودیەت و فێرگەی فرانکفۆرت سوودێکی هەرە گەورەیان لەم هێزە دیالێکتیکییە وەرگرتووە و مێژوویان پێ لێکداوەتەوە. بە تایبەتی فەلسەفەکەی مارکس و سارتر و مارکۆز و ئەدۆرنۆ(٣٤) فەلسەفەی نێگەتیڤە. تەنانەت سارترو ئەدۆرنۆ گەیشتوونەتە ئەو رایەی کە هیگڵ و مارکس نەیانتوانیوە سوودێکی تەواو لەم هێزە وەرگرن و تووشی هەڵەی ریدەکشن Reduction بوون و بڕوایان بە یەک راستەقینە (یەک بابەت) هەیە ئەویش یا ماتریالە یا نا-ماتریالە. ئەگەر واقع یەک شت بێ و یەک رەنگ و بۆنی هەبێ چۆن لایەنە دژەکان دێنە کایەوە؟ بە هەر حاڵ، نامەوێ باسی بۆچوونەکانی ئەم دوو زانایە بکەم و دەگەڕێمەوە سەر هیگڵ.

هەرچەندە تێهەڵکێش بوونی زاتی موتڵەق و سروشت (بابەت) لە قۆناغی سێیەمدا لە ڕاڕەوی یەک بوونی (وحدة الوجود) سپانیۆزامان نزیک دەخاتەوە، بە هیچ شێوەیەک هیگڵ نەیویستوە بۆ ئەو لایەنە بچێ و لە هەمان کاتدا رەخنەی لە سپانیۆزا گرتوە.(٣٥) دروستە وەکوو سپانیۆزا و ئیبنی عەرەبی خوا و سروشتی لە یەک جیا نەکردۆتەوە. وەک ئەوانیش خوا بە بوونەوەرێکی نەگۆڕ و پڕ دانانێ. خواکەی هیگڵ کە سەرچاوەی سروشتە لە گۆڕان و پەرە سەندندایە و دەیەوێ خۆی تەواو بکات.

سیستەمی هیگڵ دەکرێ بە سێ بەشەوە:

یەکەم: لۆجیک، باسی زاتی موتڵەق دەکات پێش ئەوەی خۆی وەکوو سروشت دەرخات و بابەتە دژەکە بۆ خۆی دروست بکات.

دووەم: فەلسەفەی سروشت، باسی بوونی جیهانی ماتریال دەکات.

سێیەم :فەلسەفەی هۆش، تێهەڵکێشی بەشی یەکەم و دووەمە، باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی رامیاری هیگڵ دەکات.

بەم پێیە لۆجیک زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ سروشت و ژیانی کۆمەڵ. ئەو یاسایانەمان دەداتێ کە هەموو گۆڕانێکی دیالێکتیکی لە بووندا پەیڕەوی دەکات، ئەگەر شتێ یا ڕووداوێک پەیڕەوییان نەکات ئەوا زانستییانە نییە. دەشێ هیگڵ لە ئاستی ئەم مەسەلەیەدا زیادەڕۆیی‌ی کردبێ. دەبینین لە کتێبی فەلسەفەی مێژوودا، راکەی خۆی رەت دەداتەوە، چین و وڵاتی هیند لە مێژووی شارستانیەت دەردەهێنێ و یاسای دیالێکتیان بەسەردا ناسەپێنێ.(٣٦) نموونەی زۆریشمان لەبەردەستدایە کە زۆرانبازیی نێوان هێزە ناکۆکەکان نەبوونەتە هۆی گۆڕان.

# پەراوێز

1- Solomon, Robert, C., In the spirite of Hegel, A study of G. W. F. Hegel´s phenomenology of Mind, Oxford University Press, New york, 1983, P 35.

٢- شۆپنهاوەر پەرتووکی The world as Will and Idea ی لە ساڵی ١٨١٨ بڵاوکردەوە. لە زانستگەی گوێتنگن-ەوە چوو بۆ بەرلین و ئەمجا بۆ جینا Jena، لەو باوەڕەدا بوو کە فەلسەفەکەی جێگای خۆی دەکاتەوە بازاڕی هیگل دەشکێنێ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لە خوێندکاران دەچوونە دەرسەکانییەوە و نەیتوانی زیان بە هیگل و هیگلیزم بگەیەنێ.

3- Harris, H.S, Hegel´s Development, Night Thoughts (Jean 1801-1806), Oxford University Press, London, 1983, P xxiv.

٤- گۆڤاری The Critical Journal of Philosophy شێلنگ و هیگڵ بڵاویان دەکردەوە. یەکەم بەرهەمی هیگل بەناوی (جیاوازیی نێوان سیستەمەکانی فیختە و شێلنگ) لەم گۆڤارەدا دەرچوو.

5- Harris, op. cit., p. xxiv.

6- Ibid.

٧- دوای مردنی هیگل ساڵی ١٨٣٤، شێلنگ لە زانستگەی بەرلین بوو بە مامۆستا و ئەنگلس و کیرکیگارد ئامادەی لێکچەرەکانی دەبوون.

8- Hume, David, A Treatise of Human Nature, Analytical Index by L. A. Selby-Bigge, notes by P. H. Nidditich, second edition, Oxford, at the Clarenden Press, London, 1978, p. 3.

٩- ئەم زانایانە پێش ئاینشتاین ژیاون و ئاگایان لە فیزیکی نوێ و ماتماتیکی سەردەم نییە. بە پێی فیزیکی نوێ هیچ کێشەیەک تەنانەت ماتماتیکیش موتڵەق و نەگۆڕ نییە.

10- Descartes, Réne, The Miditations on the first Philosophy.

11- Kant, Immanuel, Critique of Pure Reason, translated by Max Muller, Anchor Books, New Yourk, 1966. A: 150 - B: 74.

12- Aristotle, Metaphysics, The Works of Aristotles, translated under the editorship of W. D. Ross, second edition, Oxford, at the Clarendon Press, 1928.

13- Kant, op. cit. A: 2 - B: 1-4.

14- Ibid., A:23-25, B:38-41.

15- Ibid., A:32-34, B:47-51.

16- Aristotle, Categoria, IB25, The works of Aristotle, Oxford; at the Clarendon Press. 1928.

17- Kant, op. cit. A: 59-5952 - B: 620-623.

18- Hamlyn, D.W., Schopenhauer, Routledge & Kegan Paul, London, 1980, P 6.

١٩- فریدریک هاینریخ یاکۆبی (١٧٣٤-١٨١٩) یەکێکە لە فەیلەسووفە ئەڵمانییەکان، دژی فەلسەفەکەی کانت وەستاوە. لەو بڕوایەدایە مرۆڤ لە ڕێگای بڕواوە نەک هۆش دەتوانێ خوا بناسێ.

٢٠- فریدریک ئێرنست شلایەرماخەر Schleiermacher (١٧٦٨-١٨٣٤) زانایەکی ڕۆمانتیکی ئەڵمانییە، وەکوو یاکۆبی فەلسەفەکەی لەسەر زەمینەی شعوور دامەزراندووە.

21- Solomon, op. cit., p 98.

22- Lukaes, George, The young Hegel, translated by Rodeny Living Store, Merling Press, London, 1975. P 243.

٢٣- هیگڵ دەڵێ ڕەها (المطلق) لای شێلنگ لە شەوە تاریکە دەکات کە هەموو مانگاکان تیایدا ڕەشن. بڕوانە:

Hegel, The phenomenology of Mind, translated by J. B. Baillie, Harper Colophon Books, New York, 1967, p 79.

24- Popper, karl, The open Society and its enemies, Vol. II, Routledge & Kegan Paul, London 1966, p 32.

25- Solomon, op. cit., p 184.

26- Kaufmann, Walter, From Shakespear to Existentialism, Anchor Books, New York, 1960, P 253.

27- Russell, Bertrand, History of Western Philosophy. A Touchstone Books, published by Simon and Schuster, New Yourk, 1972, chapter xxII, p 730.

28- Kojéve, Alexander, Introduction to the Reading of Hegel, translated by Jannes H.Nicholas Jr., Cornell University Press, London, 1969, p 179.

29- Burnet, Tohn, Greek Phylosophy, Thales to Plato, Macmillan & Co., London, 1969. p 134.

30- Plato, Phaedrus, 265 D, The Dialogs of Plato, translated by B. Towett, vol III, Oxford Universiry Press, London, 1953.

31- Kant, op. cit. A: 466 - B: 494.

32- Hegel, The Encyclopedia of Philosophical Sciences, part one, translated by W. Wallace, second edition, Oxford University Press, London, 1985, section 119.

٣٣- زەحمەتە زاراوەی مەتریال لێرەدا بەکاربهێنین. هیگل وەکوو فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی زۆر لە بارکلی و فیختەوە نزیکە و ماتریال ئەگەڕێنێتەوە بۆ سەر بیرەکان، یا کاتیگۆرییەکان. لەبەر ئەم هۆیەش لەو باوەڕەدام کە هەرچەندە هیگڵ بە باوکی دیالێکتیک دادەنرێ، بەڵام هەڵەی گەورەی کردووە و خۆی بە مۆنیست ناساندووە. بابەتە دژەکان وەکوو زات و بابەت تەنیا لۆجیکانە دژ بەیەکن.

٣٤- تیۆدۆر ڤیزنگروند ئەدۆرنۆ Theodor Wiesengrund Adorno (١٩٠٣-١٩٦٩) فەیلەسووفی ئەڵمانی و یەکێکە لە زانایانی فێرگەی فرانکفۆرت و بە چەپی نوێ ناسراوە، دەورێکی گرنگی لە سۆڕشی قوتابیاندا، لە ساڵەکانی شەستدا، بینی، تەنانەت قوتابیان بە پێغەمبەری شۆڕشیان دادەنا. کە نازییەکان لە ساڵی ١٩٣٣ هاتنە سەر حوکم، ئەدۆنرۆ وەکوو زۆربەی زاناکان ڕووی کردە ئەمەریکا. دوای ڕووخانی نازیزم گەڕایەوە بۆ فرانکفۆرت.

35- Hegel, Sience of Logic, translated by A.V. Miller, Humanities Press, New York, 1976. p 536.

36- Hegel, Lectures on the philosophy of History, translated by J. Sibree, Dover Publications, New Yourk, 1956, section II, p 173.

# کلاش

*(به یادی سهراب سپهری)*

خ. سرەوت

من... لە یەکەمین پاپلکەی ژینەوە
لە درزی دەروازەی ئاسنینەوە
رازی مێژووت بۆ هەڵدێنم
گوێلێ خۆڵم پێیە... ناوکەی ئومێدی تیا دەچێنم.
کوا، لە کوێن کلاشەکانم...
بە دوعا، هاوڕێ... وڵات... مەڵبەندی ژیانم!


من لە مۆڵگەی ژانی ژیانەوە،
دیسانەوە
توێشووی غەمم هەڵگرتووە،
وەک نیاکانم، خۆم هەواڵەی تۆفان و تەم کردووە...
کوا، لە کوێن کلاشەکانم...
بە دوعا هاوڕێ... وڵات... مەڵبەندی ژیانم!

من تانەی سەرچاوی فەرهەنگم
سەدان ساڵە... نەبوو فەریاد رەسێ،
لە مێژەوە خۆراکی کەڵپە و هەڵلووشینی نەهەنگم،
دەستەگیرەم
پاپلکەم
پردم...
من خودی مەرگم...
نا... من بەردم.
هەر منم ژیام و نەمردم.
کوا، لە کوێن کلاشەکانم
بە دوعا، هاوڕێ... وڵات... مەڵبەندی ژیانم!

دێوە سوورەکە... لە بیرتە...
بێنەوایی و هاواری ریسوایی و پەتپەتی...؟!
دوو پشت گۆرانیم بۆ وتی...
گوانت هەڵدابووە سەرشانت
لەسەر ئاهەنگی زورناژەنانی ئاژاوە
ورتەت نەکرد... تا خاکمیان بە توورەکە بێژاوە.
کوا، لە کوێن کلاشەکانم
بە دوعا، هاوڕێ... وڵات... مەڵبەندی ژیانم!

لەندەن
١٩٩١/١١/٢٠.

# له به‌هاری شیلاناوێوه



(به‌شی دووه‌م)


- به‌ڵام ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له‌كه له‌و چوارچێوه‌یه ببه‌ینه ده‌ره‌وه كه مه‌به‌ست هه‌ر تۆ یا شاعیری كورد بێ، با هه‌ر باسی شاعیر به گشتی بكه‌ین... ئایا شاعیر پێویستی به‌وه هه‌یه له ژیانیدا فه‌لسه‌فه‌یه‌كی هه‌بێ؟ خۆی به فه‌لسه‌فه‌یه‌كه‌وه به‌ستێته‌وه؟!

- نه‌وه‌ڵڵا... من زۆرم فه‌لسه‌فه له شیعردا... خۆش ناوێ. من پێم وایه شیعر هه‌ر ئه‌وه‌یه كه ئیحساساتی ئه‌و ئینسانه‌ی بێ كه خۆی پێ شاعیره... به‌ڵام وا ده‌بێ هێندێك، هه‌ند شاعیری باش كه فه‌لسه‌فه به ئه‌ندازه‌یه‌كی جوان دێننه به‌رهه‌م. عه‌رزت ده‌كه‌م، مولاحه‌زه بفه‌رموو، فه‌لسه‌فه ناسكیی شیعر ده‌كوژێ. حاجی قادری كۆیی، ئه‌و شاعیره مه‌زنه‌ی ئێمه، ئیتر ویستوویه‌تی فه‌لسه‌فه‌ی كوردایه‌تی، رزگاریی كورد، بخاته چوارچێوه‌ی، چونكوو وه‌سیله‌یه‌كی دیكه‌ی نه‌بووه ئه‌و بیروڕایه‌ی خۆی به كورد بگه‌یێنێ، ئیللا شیعر نه‌بێ، یه‌عنی نه‌زم نه‌بێ... له بیرت نه‌چێ... من شیعر و نه‌زمیش فه‌رق ده‌كه‌م... حاجی قادر ئه‌گه‌ر ته‌ماشا ده‌كه‌ی... ته‌ماشای شیعره غه‌رامییه‌كانی ده‌كه‌ی شاعیرێكی ته‌واو بووه... به‌ڵام وه‌ختێكی ته‌ماشای شیعره سیاسییه‌كانی ده‌كه‌ی ئیدی گوێی نه‌داوه‌ته جوانیی شیعر، هه‌ر ویستوویه‌تی ئه‌و په‌یغامه‌ی پێیه‌تی، ئه‌و ریساله‌ته‌ی پێیه‌تی به خه‌ڵكی رابگه‌یێنێ. ته‌نیا كه‌سێكی كه من پێم وایه فه‌لسه‌فه‌شی هه‌بووه و شیعریش... فه‌لسه‌فه‌كانی حافزی شیرازییه، به عه‌قیده‌ی من. له عه‌ینی حاڵدا شیعره‌كانی یه‌ك جار زۆر جوان و پڕ مه‌عنان، شیعریشن، فه‌لسه‌فه‌یه‌كی زۆر گه‌وره‌ش له شیعره‌كانیدا هه‌یه. نوێ خوازییه‌كی زۆر گه‌وره له شیعره‌كانیدا هه‌یه كه ئێستاش بۆ من نوێن. مولاحه‌زه بفه‌رموو پاش نێزیك به حه‌وتسه‌د ساڵ شیعره‌كانی نوێن، ئه‌وڕۆكانه‌ش نوێن... كه‌چی (مه‌سنه‌وی) كه به لای ئێمه‌وه زۆر كتێبێكی گه‌وره‌ی فه‌لسه‌فی یا عیرفانییه، هه‌ر یه‌ك شاعیر كوتوویه‌تی... دیوانی شه‌مس و مه‌سنه‌ویش هه‌ر شاعیرێك كوتوویه‌تی. له دیوانی شه‌مسدا له باری قاڵب و كه‌لیمات و ئه‌وه‌دا مه‌وله‌وی زۆر گه‌وره‌تره، به‌ڵام له مه‌سنه‌ویدا فه‌لسه‌فه‌كه‌ی گه‌وره‌تره... نازانم... لێره‌ش ده‌بێته دوو ئینسان له جێگه‌یه‌كی توانیویه‌تی قاڵبی جوان، كه‌لیماتی جوان، فكری جوان له شیعری خۆیدا بگونجێنێ. ده مه‌سنه‌ویدا زۆری گوێ نه‌داوه‌ته قافیه و وه‌زن و كه‌لیماتی جوان، هه‌ر ویستوویه‌تی فه‌لسه‌فه‌كه‌ی نیشان بدا، عیرفانه‌كه‌ی نیشان بدا...

- باشه ئه‌م ئیمتیازه بۆ ته‌نها ده‌ده‌یت به حافز خۆ شاعیره سۆفییه‌كان، به گشتی، یا

# تا پاییزی

## ورمێ



– باشە ئەم ئیمتیازە بۆ تەنها دەدەیت بە حافز، خۆ شاعیرە سۆفییەکان، بەگشتی یا با بڵێین ئەدەبی سۆفی، ئەگەر هەمووشی نەبێ، ئەوا بەشێکی زۆری، شتی زۆر جوانیان وتووە، ئەوجا سۆفیگەری نەک هەر لای ئیسلام بەڵکە ئەوەی بە زمانانی ئەوروپایی پێی دەڵێن Mysticism دەورێکی گەورەی لە ئەدەبدا بینیوە...

– جا ئەوە سەیرە کە منیش بە خیلافی، بە پێچەوانەی هەموو کەس حافزم پێ سۆفی نییە...

– من مەبەستم بەستنەوەی فەلسەفەیە بە شیعرەوە...

– بەڵێ...

– خۆ سۆفیزمیش...

– بەڵێ، بۆ خۆی فەلسەفەیەکە. جا ئەوجار بێینە سەر ئەوە. ئەگەر بێینە سەر سۆفیزمیش... هەن، شاعیری وا کە بە راستی سۆفیزمیان لە شیعردا زۆر جوان کوتووە، وەکوو مەحویی خۆمان... یا مەولەویی خۆمان، سەیید عەبدولڕەحیمی مەولەوی، بە راستی توانیویەتی سۆفیزمی زۆر جوان لە شیعردا، یەعنی کەس بەو قودرەتەی نەتوانیوە بیکا... بەڵام من حافیزی بە شتێکی مومتاز دەزانم، دەنا دیوانی شاعیرەکانی دیکەی فارسیش هی وای زۆر تێدایە... سەنایی باس دەکەی، عیراقی باس دەکەی، بە راستی ئەوانەش زۆریان هەن، شاعیری زۆر بەرز، سۆفیزمیان زۆر چاک هێناوەتە ناو چوارچێوەی شیعرەوە... بەڵام حافیز من پێم وایە زۆر بەرزترە لە سۆفیزمیش، پێم وایە عارفێکی زۆر گەورەیە، کە دەڵێ:

بیا تا گل برافشانیم و می در ساغر اندازیم
فلک را سقف بشکافیم و طرح نو دراندازیم
اگر غم لشکر انگیزد که خون عاشقان ریزد
من و ساقی بهم تازیم و بنیادش براندازیم

کوا ئەوە لەگەڵ شیعری سۆفییەکی وەک یەک دەچێ، ئەوە شیعرێکە نازانم لە کوێیە. هەتا مەسەلەن خەڵک پێی وایە... خەییام زۆر مەشهوورە، کەچی، من سەیرە کە هیچ... پێم وایە خەییام نە فەلسەفەی هەبووە و نە هیچ... پێم وایە شک و دوودڵی و تەردیدێک لە

شیعرەکانیدا گونجاوە، کە بۆخۆشی ئینسانێکی شەککاکە، کە نازانێ... من فەلسەفەی خەییامم هیچ بەلاوە فەلسەفەیەکی عەجایب و غەرایب نییە. ئیدی ئەوە عەقیدەی شەخسی خۆمە، خەڵکی دیکە نازانم چۆنن... ئیدی نازانم تۆ چ بەراوردێکی لەوەی دەکەی کە من فەلسەفەی خەییامم زۆر پێ فەلسەفەیێکی سەیر نییە...

– ئەی جەلالەددینی ڕوومی؟! تۆ لە باشترین شیعرتا کە ناڵەی جودابیە، لە دوو شوێنا پەنات بردۆتە بەر جەلالەددینی ڕوومی... بۆچی؟

– بەڵێ... من پێم وایە عارفێکی یەکجار زۆر گەورەیە...

– لەبەر عارفییەکەی یا لەبەر شیعرەکانی؟!

– عەرزت دەکەم... عەرزم کردی لە شەمسدا... لە دیوانی شەمسدا شاعیرێکی زۆر گەورەیە... لە مەسنەویدا ئەو شاعیرە نییە، یان ساحێبی ئەو قاڵبە کە لەوێدا ئیستیفادەی لێ کردووە، ساحێبی ئەو کەلیماتە جوانانە نییە کە لە شەمسدا، لە دیوانی شەمسدا باسی کردووە. مەسەلەن «خود» و «بەد –بد» کە ئەلعان ئێمە تەلەفوزی دەکەین، زۆر جاری کردۆتە قافییە، کە ئەو دەمی زۆر عەیب بووە، بەلام گوێی نەداوەتە قافییە... ئەگەر تەنیا موقەدیمەکەی کە من... منیش هەر زۆر لە موقەدیمەکەی موتەئەسیرم: بشنو از نی چون حکایت می کند.

کاکە، ئیدی ئەوە... ئەلعانیش ئەمن هەر تێیدا حەپسم... لە موقەدیمەکەی بەولاوەتر ناچم... پێم وایە موعجیزەیە، شیعر نییە... لە موعجیزەش گەورەترە... بەلام لە دیوانی شەمسدا کە دەڵێ... تەماشای ئەو شتە جوان و تازەی، کە ئەلعانیش هەر تازەیە...

دی شیخ با چراغ همی گشت گرد شهر

کز دیوو دد ملولم انسانم ارزوست

لەو دەمیوە لە ئینسان دەگەڕێ، ئێمە ئەلعانیش لە قەرنی بیستەمدا... ئاخر و ئۆخری قەرنی بیستەمدا هەر لە ئینسان دەگەڕێین...

– بەلام دیۆجین، ئەوەی یۆنانی، پێش ئەو، دەڵێن بە چراوەوە دەگەڕا، دەیگوت لە ئینسان دەگەڕێم...

– بەڵێ... ئیدی ئەو... بەلام ئەو خستوویەتیە ئەو زوبانە جوانەوە... لە ئینسان دەگەڕێ... بە ڕاستی لە ئینسان دەگەڕێ...

– باشە پێت وانییە ئەم ئیعجابەی تۆ، ئەم خۆشویستنەی تۆ، بۆ جەلالەددین مەسەلە ئەوەیە تۆ زیاتر فارسی دەخوێنیتەوە...

– بەڵێ... جا من چ بکەم... غەیری فارسی و کوردی چی دیکە نازانم... زوبانی دیکە نازانم غەیری فارسی و کوردی... وە کوردیەکانیشمان... بە خوای... کاکە... مامۆستای وا هەیە دەڵێ... مێژووی ئەدەبی شەش هەزار شاعیرم کۆکردۆتەوە، بەلام ئەمن هەر چەند دەیانبژێرم هەر قامکەکانم بەسن بۆ شاعیرە گەورەکانمان... بۆ شاعیرە گەورەکانی پێشوومان. وە لە نێو لاوەکاندا دەبینم شاعیر هەن و ئەمما ئیدی وێسا کاڵ و وێسا مەجالیان نییە شیعر بڵێن و... چوزانم، هەزار دەرد و گرفتاری کە بۆ خۆت دەزانی بۆ شاعیری کورد هەیە. بەلام شاعیرە گەورەکانی مە... مامۆستا عەلائەددین سەجادی، هێندەی گڵ لەسەر وییە، هێندە عومری لاوەکانمان بن کە دەیانەوێ مێژووی ئەدەبی کوردی ئینشائەڵڵا بنووسن... ئەو کتێبە زەلامە، پێم وایە دوازدە شاعیرە باسیان دەکا، کە هیچیشیانی نەتوانیوە بە خەڵک بناسێنێ ئەوەیە کە... کاکە... چ بکەین... لەبەر وەی ڕوو دەکەمە ئەدەبی فارسی، بڵێم چی، ئەدەبی فارسی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە.

– تۆ باسی حافز و مەولانات زیاتر کرد، ئەدەبی فارسی هیچی تری تیا نییە؟!

– هاهـ.. شاعیری زۆر گەورەی تریش هەیە.. مەسەلەن گەنجەوی، کە کەسیش نازانێ میللیەتی چییە.

– دەڵێن کوردە...

– کورد دەڵێ کوردە، چونکوو دایکی:

گر مادر من رئیسهء کرد

مادر صفتانه پیش من مرد

ئەوە گومان لەوەیدا نییە دایکی کوردە. ترکیش دەڵێن ترکە، چونکوو قەبری لە گەنجەیە و ژنێکیشی هەبووە بە نێوی «ئافاق»، ترک بووە. بەڵام من عەقیدەم وایە نە لاوانەوەی رەئیسە خانمی دایکی کردوویەتیە کاژێک (پێدەکەنێ)، نە ئافاق خانم کردوویەتیە پانتورکیست، نە... پیاو نازانێ بابیشی کێیە بە راستی... بۆ خۆی.. ناوی دەبا، بەڵام میللییەتەکەی ناڵێ، بۆخۆشی بە میللییەتی نەنازیوە، وەک فیردەوسی دەڵێ:

بسی رنج بردم دراین سال سی

عجم زنده کردم بدین فارسی

بە عەقیدەی من ئەو عەجەمی زیندوو کردۆتەوە بە پێنج گەنجەکەی، بەڵام نەیگوتووە زیندووشم کردۆتەوە... بە زمانی فارسی چاک دەردەبرێ. رەنگبێ تورکیشی زانیبێ. تۆ پێت وایە پیاو دایکی کورد بێ و کوردی نەزانێ، بە عەقیدەی من زانیویەتی...

– دەبێ زمانی دایکیشی زانیبێ...

– ژنیشی کورد (بێگومان مەبەستی مامۆستا هێمن تورکە، نەک کورد. ف) بێ، ئیدی چۆن، چۆن ناز و... ئەو خانمەی هێندەی خۆشویستووە... پێم وا نییە بە لاڵی ئەویش رازی بکات... بە زبانی بەینەلمیلەلی (بین المللی) ئەوە کوا جێبەجێ دەبێ (پێدەکەنێ)... بەڵام فارسی پێی وا بووە موناسیبترە بۆ شیعرەکەی، بۆ ئیحساساتەکەی. وە لە هیچ کوێ ناڵێ من بۆیەم ئەو شیعرە بە فارسی گوت پێم وایە فارسی چاترە لە تورکی یا لە کوردی. بەڵام تەواوی ئاسارەکەی، حەتتا بۆ نموونەش ئێمە نابینین ئەم کابرایە میسرەعێکی کوردیی کوتبێ، وەکوو هێندێک بۆ خۆت دەزانی، شاعیرەکانی مە، هی قەرنی نۆزدەمان، بەوەی کە بەڵێ فارسی دەزانین، ئەقەللەن... باوەڕ بفەرموو وەختێکی دیوانی مەحوی بڵاوبۆوە من زانیم مامۆستا گۆران فارسیی باش نەزانیوە، چونکوو کاکەی فەللاح بۆی گێڕامەوە کوتی مامۆستا گۆران دەڵێ ئێوە شیعرەکانی مەحوی مەعنا نازانن، هونەری مەحوی لە فارسی کوتنەکەیدایە، وە حاڵێکی من دەزانم، فارسییەکانی، بە داخەوە، هەر کاوێژی کوردییەکانێتی (پێدەکەنێ)... وە بەکوردییەکەیدا زۆر چاکی پتر دەربڕیوە، کەوابوو...

– ئەی مەولانا فارس بوو، تورک بوو، چ بوو، بە لای تۆوە؟!

– وەڵاهی، کاکە، ئەویش... بڕوا... نازانم... لە بەڵخەوە هاتووە، بەڵخیش ئەو دەمی... فارسی زوبانێکی... رەواجی هەبووە، نووسین بە فارسی بووە، تۆ بۆ خۆت، کاکە فەرهاد، پێت وایە تاران بە قەد سولێمانیی تۆ فەرەیدوون و ئیرەج و نازانم گەرشاسپ و... ئەوەی تێدان... ئەسفەندیار و... وەڵاهی رەنگبێ تاران بە قەد سولێمانیی سی ساڵ لەوەی پێش ئەسفەندیار تێدا نییە... ئەدەبی فارسی رۆییوە کاکە... ئەدەبی فارسی رۆییوە، وای لێ کردوون کە پادشایەکانی عوسمانی، کە بۆ خۆت دەزانی، خەلیفەکانی عوسمانی ویستوویانە، هەمیشە شەڕیان بووە لەگەڵ فارس، کەچی بە فارسییان شیعر کوتووە بۆ خۆیان. من زۆر بە زەحمەت، لە بولغاریا بووم، فێری ئەو خەتە عەجایب

و غەرابیەی بووم کە ئەوان پێیان دەنووسی، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی بخوێنمەوە. ڕۆژێکی بەبەر دەرکێکدا ڕۆیشتم، تەماشام کرد لێی نووسراوە «مەیخانە» ئەوپەڕی تەعەجوبم کرد، کوتم کاکە مەیخانە چ دەکا لە بولغارستانی؟! تەماشا دەکەم لێرەڕا ڕۆییوە، چۆتە تورکیە و لە تورکیەڕا، لەگەڵ تورکان چووەتە بولغارستان و لەوێ بە «بار»ێ کە لە تەواوی ئورووپایێ دەڵێن بار...

– لەوێ بۆتە مەیخانە...

– لەوێ بۆتە مەیخانە... کەوابوو ئەدەبی فارسی ڕۆییوە ئیدی... ئێمەی کورد، سەیرە، دیوانی خانای قوبادیت نازانم بە نەزەر گەییوە یا نە؟. ئێستاش، وە ئەمن مەم و زینێکی کۆنم، ئەلعان، لێرە، لە کن ڕەفیقێک هەیە، کە ئەودەمی هەمزە بلاوی کردۆتەوە، سەربەحسەکانی هەموو بە فارسی نووسیوە...

– ڕاستە...

– کەوابوو ئێمە پێمان وا نەبووە کوردی... بابی مە پێی وا نەبووە کوردی نەسری پێ دەنووسرێ. هەر پێی وابووە شیعری مومکینە بێ بکوترێ، ئەمما نەسری نابێ پێ بنووسرێ، حاڵێکی ئەمە دەزانین کە بە ڕاستی دەتوانین پەخشانی زۆر بەرز بە زمانی کوردی بنووسین. من «شازادە و گەدا»م لە فارسیڕا، دیارە، تەرجەمە کردووە، هی مارک تۆینی. لە بیرمە بە موتەرجیمە فارسییەکەی، کە بەراستی جێی فەخری ئێرانە، وە ناتوانم بڵێم جێی فەخری کوردە، با وجوودی کە کوردە، چونکوو خزمەتی بە زمانی فارسیی پتر کردوە، بە داخەوە. کوردی وا باش نازانێ ئەگەر چی کوردیش دەزانێ، ئاغای محەممەدی قازی، کە ئەگەر ئینشائەڵلا ڕێت لە تارانێ کەوتەوە بە خزمەتی بگە، بەڕاستی پیاوێکی زۆر گەورەی کوردە... ئەو... نازانم لە چ زمانێکیڕا وەریگێڕاوەتە سەر فارسی، منیش لە سەر فارسییەکەی ویڕا کردوومەتە کوردی. بە داخەوە ئێستاش چاپ نەکراوە. هەر لە عێراقیشم کردبووە کوردی. وە لێرەدا بەحسێکی دیکە دێتە گۆڕێ. من دە عەینی حاڵدا کە ناڵەی جودابیم دەکوت، بۆ ئەوەی کە بڕێکیش دڵی خۆم خۆش بێ و پێکەنینێک بێتە دڵم، شازادە و گەداشم تەرجەمە دەکرد کە کتێبێکی تەنز و... ڕۆژێکی عەرزم کرد، کوتم مامۆستا من شازادە و گەدام لە سەر فارسییەکەی تۆ تەرجەمە کردووە، دە زۆر جێگایان پێم وایە ڕەتم کردووە لە تۆ، بەڵام لە جێگای واشا زۆر دەست کورتم... کوتی، تەوازوعی فەرموو، فەرمووی، تۆ نەخێر هەر چاترت کردووە. بەڵام واقعییەت ئەوەیە، لە جێیەکی من گەیشتوومە باسی هەژاری، فەقیری، نەداری، باسی هەژاری و فەقیری و نەداری چارەڕەشی و بەدبەختی دەکەم، بە بێ شک (چاکم) کردووە، چونکوو ئەوەندەم لە ئیختیاردایە، فرمێسک و ڕۆندک و نازانم هەزاران چم لە ئیختیاردایە،

– لای فارس نەبووە...

– لای فارس نییە. بەڵام وەختێکی دەگەمە تەخت و تاج و پادشا و تالاری پادشایی و پەردەی پادشایی و سفرەی پادشایی، تەماشا دەکەم منێکی کە لە سەر کەوڵی ڕەق نانم خواردووە، چۆن دەتوانم، ئەو کەلیماتانەی لە کوێ بێنم کاکە... منێکی کە بە نان و ماست و لۆرک و شیرێژ پەیدا بووم، کوا دەزانم باسی خۆراکی پادشایانە بکەم، وە لەوێدا زەعیفم. من خۆم ئیعتیراف دەکەم زەعیفم... لە باتی ئەعلا حەزرەتی، قەبەر قودرەتی، نازانم هومایونفەڕی، نازانم چی، ئێمە هەمانە و نیمانە خاوەن شکۆیە (پێدەکەنێ)، ئەویش دروست کراوە بۆ خۆت دەزانی.

– باسی نەسر و شیعر و ئەوەت هێنایە پێشەوە، باسێکی چاکە! زۆر کەس پێی وایە تۆ نەسرت لە شیعرت جوانترە!

– وەڵاهی منیش... هەر لە ئەوەڵی موساحەبەکەمدا کوتم، ئەگەر کورد نەبام، مەجبوور نەبام

ئیحساساتی خۆم بە شیعرەوە بەخەڵک رابگەیێنم، منیش پێم وایە ئەسر نووسینم خۆشترە. وە ئەبێ بۆ خۆم موخالیفی ئەو کەسانە بـم کە وا دەڵێن.

– بێجگە لە ئەدەبی فارسی، ئەدەبی میللەتانی تر چی و چەندت خوێندۆتەوە، مەبەستم لە رێگەی فارسییەوە...؟!

– بەڵێ... هەر لە رێگەی فارسییەوە... وەڵاهی، کاکە، من تەقریبەن رەنگبێ دوو ساڵ بێ، موتالەعەم لە کەمی داوە، چونکوو کاری دیکەم هەیە، بەداخەوە موتالەعەم کەمە، دەنا پێم وایە تەواوی شاکارەکانی ئەدەبی غەربی کە بە فارسی تەرجەمە کرابن خوێندوومەتەوە. مەسەلەن پێم وایە هیچی چیخۆف و تۆلستۆی و شۆلۆخۆف و ئەوە نەمابێ نەمخوێندبێتەوە.

– ئەی دیستۆڤسکی و شەکسپیر؟!

– شکسپیر، کاکە، من بە راستی لە شیعری تەرجەمە... شیعری شکسپیرم خوێندوونەوە، بەڵام من لە شیعری تەرجەمەکراو ئەو لەززەتە نابەم کە... وەختێکی هاملێت دەخوێنمەوە نازانم، بە راستی ناتوانم گەورەیی شکسپیرێک کە بۆ منی تەشریح دەکەن، بەو هاملێتەی کە بە فارسی تەرجەمە کراوە، من ناتوانم بیناسم، با ئەو حەقیقەتە بڵێم. بەڵام وەختێکی دۆنی ئارام دەخوێنمەوە شۆلۆخۆفی وا دەناسم. وەختێکی جەنگ و سوڵحی تۆلستۆی دەخوێنمەوە، وەختێکی ئاناکارنینای دەخوێنمەوە، وەختێکی چیرۆکەکانی جاک لەندەن و ئەوی دیکە، نێوی چییە پیاو!!، (خۆشەهای خشم) هی کێیە، نازانم، ئەوانە دەخوێنمەوە، بە راستی ئەو نێوە ئەوروپاییانەش هێندە ناخۆش دێنە بەر گوێی پیاوی نازانم بیانڵێم. ئەمما، بەڵێ شاکارەکانی ئەدەبیاتی غەربـم هەموو...

– جۆن شتاینبێکی ناوە...

– بەڵێ... بەڵێ... وەختێکی (خۆشەهای خشم) دەخوێنمەوە دەزانم چی گوتووە... بەڵێ... بە راستی... باسی دۆمای کرد... ئەلیکساندەر دۆما منی زۆر کێشا بۆ لای... دیارە بۆ خۆت دەزانی زۆر رۆمانتیکن نووسینەکانی. بەڵام بە راستی پیاوی بە زەوق دەکەن، یانی پیاو ناتوانێ... فێری خوێندنەوەی دەبێ... وەختێکی سێ چەوەندەری دۆمای دەخوێنییەوە ئیدی ناتوانی دەست لە خوێندنەوەی هەڵگری. پێم وایە حەتا من لە بیرمە بە جەوانی چیرۆکەکانی پۆلیسیشم دەخوێندەوە و زۆریشم بەلاوە خۆش بوو.

– شەرلۆک هۆڵمز و شتی وا...؟!

– بەڵێ... ئەوانەشم دەخوێندەوە و زۆریشم بەلاوە خۆش بوو. ئەم رۆژانە باسی ئەوانەم دەگێڕاوە... کە ئەو داستانە پۆلیسییانەش زۆریان من هاندا بۆ ئەوەی کە... لە منداڵیرا دەستم بەوانە کرد، دوایە دەستم بە خوێندنەوەکانی دۆما و نووسەرانی رۆمانتیکی فەرانسەیی... زیاتر ئەو دەمی لە فرانسەوە شت دەکرا بە فارسی... باوەڕ دەکەی تۆ، من (بینوایان)ی ڤیکتۆر هۆگۆم لە سێ رۆژاندا خوێندبێتەوە چونکوو رەفیقەکەم بە ئەمانەتی دامێ، کوتی لە سێ رۆژان زیاتر نابێ، وە هەمووشم خوێندۆتەوە و ئەلعانیش کە دەیکەمەوە، رەنگبێ چل ساڵ رابردبێ بەسەر ئەو خوێندنەوەی مندا، ئەگەر دەیکەمەوە، تەماشا دەکەم دێتەوە بیرم، ئەو دەمی هێندە بە دیقەتم خوێندۆتەوە. ئەلعان وانیم، بەداخەوە، کتێبێکی دەخوێنمەوە لە بیرم دەچێتەوە. ئەمما بە منداڵی خوێندوومەتەوە، بە جەوانی خوێندوومەتەوە، تازە ئیدی تازەگیی بۆ من نەماوە.

– باش بوو هێناتە سەر باسی خوێندنەوە، تۆ چیت خوێندۆتەوە، چ دەخوێنیتەوە؟! یانی خوێندنەوەکانت زیاتر لە چ مەجالێکدان؟!

– وەڵاهی کاکە، من بە راستی عەلاقەیێکی زۆرم بە داستان هەیە، رۆمان هەیە...

– تۆ خۆت شاعیری و داستان زۆرتر دەخوێنیتەوە...

– زۆرتر دەخوێنمەوە... زۆر سەیرە، باوەڕ بفەرموو وەختێ دیوانی شاعیرێکم وە دەست دەکەوێ، لە پێشدا موقەدیمەکەی دەخوێنمەوە. پێم خۆشە لە پێشدا موقەدیمەکەی بخوێنمەوە تا بچمە سەر شیعرەکانی. پێم خۆشە بزانم نەسرەکە چۆن نووسراوە لە بارەیدا، ئەو شاعیرە چۆن بە من ناسێنراوە بەڵێ، رۆمان و داستان دەخوێنمەوە، بەلاّم تۆ نازانی بە راستی لە فارسیشدا، بێجگە لەوەی تەرجومە کراوە، پێم وایە شاکارەکانی ئەدەبیاتی غەرب هەموو تەرجومە کراون، ئەمجاش خۆشیان، فارسی بەڕاستی بەراستی نووسەر و شاعیری گەورەیان هەیە، نووسەری گەورەیان هەیە. باوەڕ بکە ئەو بەینانە کتێبێکم خوێندەوە، «از صبا تا نیما»، ئەدەبی کوردی لە بەینی دوو شاعیردا، شاعیرێک کە...

– ئەدەبی فارسی...

– بەڵێ... ئی فارسی، بەڵێ... باوەڕ بفەرموو پیاو تەعەججوب دەکا، ئەو ئینسانە چەندی موتالەعە کردووە بۆ نووسینی ئەم کتێبە، وە چۆنی توانیوە نەسرنووسەکان و شاعیرەکانی لە (صبا) وە تا (نیما) – پێم وایە قەڕنێک یا قەڕن و نیوێکی بەینە – هەمووی بە خەڵک ناساندووە. نە ئەوەی کە مەسەلا عیشقی هەمەدانی بابی نێوی سەیید ئەبولقاسمی کوردستانی بووە. ئەوە موهیم نەبووە لە نەزەر ویدا، چی کوتووە ئەو کابرایە، ئەوە بۆ وی موهیم بووە، وە تەحلیلێ کە ئەو کردوویەتی لەسەر ئەوە، کە بەداخەوە ئێمە وێستاش شتێکی وامان لە ئەدەبی کوردیدا نییە. ئەوەش هی چییە... من خودای نەخواستە، پێم وابێ کورد بێ ئیستیعدادە؟! نا... خودای نەخواستەش نییە، چونکوو بڕوام بە وەی هەیە کە کورد بە ئیستیعدادە، بەلاّم مەجالی نییە کاکە. ئەلعان ئایە ئەگەر محەممەدی قازی مەجالی با، ئەو هەموو کتێبەی کە بە فارسیی تەرجەمە کردووە – رەنگبێ بۆ خۆشی حیسابیان نەزانێ چەندی کتێب تەرجەمە کردووە – بە فارسیی تەرجەمە دەکرد؟! نا... پێم وایە ئەگەر لە کوردستانێکدا با بۆ کوردیی تەرجەمە دەکرد. وە ئەلعان تەسمیمی گرتووە کە ئەوی تەرجەمەی دەکا، حەددی ئەقەل حەوڵ بدا شتێ تەرجەمە بکا کە لەسەر کوردی شت تێدابێ، کە ئەلعان کورد و کوردستانەکەی نیکیتینی لەبەر تەرجەمەدایە، و ئەو رۆژانە پێم وایە، ئینشائەڵلا دەگاتە دەستمان و ئەگەر منیش بمێنم یا بۆخۆم تەرجەمەی دەکەمە سەر کوردی یا یەکی دیکە وادار دەکەم کە تەرجەمەی بکاتە سەر کوردی. یەکێک لە مامۆستاکان کتێبێکی بە عەرەبی... من نەمدی، ئەو دەمی چاپ نەکرابوو، گوایە، دەبێ پاش من چاپ کرابێ... قەتم لە بیر ناچێ، وە ئەوە داخێکە لە دڵما. کوتم تۆ بۆ لەسەر ئەحمەدی خانی بە عەرەبی دەنووسی، خۆ وێستا کورد ئەحمەدی خانیی نەناسیوە، بۆ بە عەرەبی دەناسێنی؟!... کوتی وەڵڵاهی کاکە ئەوە پوولی پتر تێدایە... باوەڕم پێدەکەی، بۆخۆم لێم بیستووە. ئایا من دەبێ چ بکەم ئەحمەدی خانی ناناسم وەکوو... وەک ئەو دەیناسێ، یا وەک هەژار دەیناسێ، من نایناسم. وە لەبەری پاڕامەوە، کوتم بریا تەرجەمەت نەکربا شیعر بە شیعر، پێت ناساندباین... پێت ناساندباین خانی چییە، بە راستی خانی ناناسین، بە راستی نازانین چ بلیمەتێک بووە... بە خۆڕایی نییە کاکە، رەنگبێ لە جێگایەکی دیکەشدا نووسیومە کە کاکە ئێوە چ هەراوهوریایەکتانە. شیعر هەر بە کوردی بڵێن و کەلیمەی عەرەبیی تێدا نەبێ و... خۆ بۆ مەم و زین دەبێ تەماشای قاموسی فیرووزئابادی بکەی تا لە کەلیمەکانی بگەی، بەلاّم تا وێستا، بۆ خۆت دەزانی، بە چەند زمانی دنیایە تەرجەمە کراوە مەم و زین...

– بە زۆر زمان...

– بەڵێ... کەوابوو بەوەی کە: «سەرنامە بە نامی تۆیە ئەڵڵا» بەوەی پێم وانییە خانی لەبەر چاوی دنیایە کەوتبێ، شاعیرێکی گەورەیە.

– راستە... خانی... ئەڵبەتە دوایی دێینەوە سەر خانی... خانی تەنیا شاعیر نییە، موفەککیرە، خاوەن بیرە، بیریارە، دەردی کاک مەسعوود دەڵێ... وە باوکی کوردایەتیشە...

– بەڵێ...

– یەکەم کەسە کوردایەتیی کردووە و بە پرۆگرامیش کردوویەتی...

– بەڵێ بە پرۆگرامیش... وە من... با ئەوەشت عەرز کەم، کە کوردایەتی، یا ناسیۆنالیزم لە شیعری خانیدا، دیفاع لە هەژارترین، چارەڕەشترین قەومی دنیایە بووە، وە حەتتا ئەو کەسانەی کە موعتەقید بە ناسیۆنالیزمیش نین، ئەگەر لە موقابیلی ئەوەیدا، ئەگەر بڵێن ئەوە ناسیۆنالیستە زوڵمە... ئەوە ناسیۆنالیستی نییە... دیفاع لە...

– بۆ خۆت دەزانی... ئەو باسەی کە زۆر جار خەڵک وای باس دەکەن... شەڕی نێوان، یا بڵێین پێوەندیی نێوان نووسەر و رەخنەگر... تۆ چۆنی دەبینی؟! بۆ خۆت، تەجروبەی خۆت لەو بارەیەوە چۆن بووە؟

– وەڵڵاهی، کاکە، من، بە داخەوە، کەم رەخنەگری وام دیوە کە، لە کوردستاندا، لە خۆم رەخنەی باش بگرێ... بەڵام زۆر بڕوام بە رەخنەگر هەیە. من پێم وایە رەخنەیە نووسەر و شاعیر دەکاتە نووسەر و شاعیر. وە هەر شاعیرێکی یا نووسەرێکی، لە ترسی رەخنەگر، دەستی بە قەڵەمەوە نەلەرزیبێ وەختی نووسینێ، پێم وایە قەت ناگاتە... نازانم لە کوێدا خوێندوومەتەوە دەڵێ شاعیرێک بە رەخنەگرێکی کوت، کوتی ئەمن دەچمە هەر جێگایەکی پەیکەری شاعیرێکی لێیە، بەڵام تا ئێستا پەیکەری رەخنەگرێکم نەدیوە لە هیچ کوێ. کوتی ئاخر لە سایەی ئێمەیە کە ئێوە...

– پەیکەرتان بۆ دەکرێ...

– پەیکەرتان بۆ دەکرێ... بەڵێ... من پێم وایە رەخنەگر زۆر باشە، وە بە داخەوە کورد... من... لە کوردستانی عێراق دەگەڵ مەتبووعات سەروکارم بووە، خەڵک زۆر دوژمنایەتیی لەگەڵ پیاوی پەیدا دەکرد ئەگەر رەخنەی لێ دەگرت. تەنیا کەسێکی کە رەخنەیان لێ گرت و رەخنەیەکی بە عەقیدەی من بەجێش نەبوو، هی دڵشاد محەمەد ئەمینە لە سەر من. خۆی لێ دەشاردمەوە، رۆژێکی لێی گەڕام، ماچم کرد، کوتم کاکە گیان تۆ بوویە باعیسی ئەو هەموو هەرایەی...

– لەسەر تاریک و روون کرا...

– لە سەر تاریک و روون... نەخێر، وەڵڵاهی بە کەیفی خۆتم لەسەر بنووسە... زۆریشم پێ خۆش بوو... ئەلعانیش هەر پێم وایە کە رەخنەگر زۆر زۆر دەورێکی گەورەی لە بووژاندنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی میللەتێکدا هەیە.

– ئەی بڵاوکردنەوە چۆنە بە لاتەوە؟! زۆر کەس پێی وایە کە پیاو مەجالی هەبوو بڵاوبکاتەوە، شتی خراپیش دەڵێ... وای لێ دەکا، حەز لە بڵاوکردنەوە کردن وای لێ دەکا کە شتی کاڵ و کرچیش بخاتە سەر لاپەڕان...

– وەڵڵاهی، کاکە، ئیدی، ئا دە وەیدا... من هەر ئەو رۆژانەش دەگەڵ مامۆستا هەژاردا لەباری وەیدا موناقەشەیەکمان بوو. من پێم وایە هەموو نووسینەکانی ئەو کەسانەی دە- پازدە کتێبیان نووسیوە، بە ئەندازەی شیعری شوکری فەزڵیم بەلاوە موهیم نییە... هەر ئەو غەزەلەیشم لێ دیوە، ئەو پێنج-شەش شیعرەی بۆ کوردی کوتووە: کار کە رووی ئیستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی... (راستییەکەی: ئیش کە روی ئەمڕۆ... ف) من پێم وایە کەم و پوخت زۆر چاکترە، وەک زۆر و...

لەگەڵ زۆر و بۆری یەکجار موخالیفم. پێم وایە کەمی بنووسی و چاکی بنووسی باشە.

– سانسۆرت پێ چۆنە؟!

– وەڵلاهی لێی بێزارم...

– سانسۆری سیاسی ئەڵبەتە...

– بەڵێ... بەڵێ... ئیدی... وەڵلاهی لە هەموو نەوعە سانسۆرێکی بێزارم...

– ئەی هەندێ جار پیاو خۆیشی دەبێ بە سانسۆری خۆی...

– بەڵێ، لێی گەڕێ شاعیر بۆ خۆی، یا نووسەر بۆ خۆی سانسۆری خۆی بکا...

– باشترە... ؟!

– باشترە... دەزانی، سانسۆر زۆر لە زەوق دەدا! حەتتا سانسۆری ئەخلاقی، حەتتا سانسۆری نازانم عەقیدەتی. بە عەقیدەی من لێی گەڕێ، پێی بڵێ خۆت خۆت سانسۆر بکە نووسەر! نووسەرێکی عەقڵی وەی نەبێ خۆی خۆی سانسۆر بکا حەیفە هەر قەڵەم بە دەسەوە بگرێ.

– یانی لە کوردستانێکدا ئەگەر تۆ وەزیری ڕاگەیاندن بی، چ دەکەی...

– وەڵلاهی ئەگەر (پێدەکەنێ)...

– کە ناشبی...

– بەڵێ... دیارە... (آرزو بر جوانان عیب نیست)، لە فارسیدا شتی وا هەیە... بەڵام قەتی ئەوەی نابینم. ئەمما ئەگەر ببیەم... ئیللا شتی خراپ نەبێ... ها... (پێدەکەنێ).

– شتی خراپ چییە؟!

– شتی خراپ، لە باری ئەدەبییەوە ئەرزشی نەبێ، دەنا لە باری دیکەوە هەرچی دەیڵێ من سانسۆری ناکەم. بەڵام کەسێکی بەراستی ئەرزشی نەبێ و بیەوێ خۆ بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ ڕەنگبێ (پێدەکەنێ) نەیەڵم شتی وی چاپ بکرێ...

– ئەی باشە، باشتر نییە ئەوەش بکەوێتە بەرچاوی خەڵک و خەڵک بۆ خۆی بڵێ تۆ خراپی...؟!

– کاکە، هێند دواکەوتووین، بە داخەوە. مامۆستا زەبیحی دەیکوت، بۆ خۆی هەزار جاری کوتووە، لە کتێبەکەشیدا نووسیویەتی. نووسیویەتی، من نامەیەکم لە بەروارەوە بۆ هاتووە، وەختێ کۆمەڵەی ژێکاف بووم، نووسیویەتی بەرواری...

– ئەوەندەی ئەوەندە...

– ئەوەندەی ئەوەندە... دەڵێ پەنجا ساڵە... من بۆ خۆم ئەودەمی بە تەئریخم زانیوە، پەنجا ساڵە خەریکم لە بیر خەڵکی بەرمەوە لە بیری ناچێتەوە. وە باوەڕم پێ بکە لەو نامانەی کە ئێستا بۆمان دێ، بۆ سروە دێ، ئەغڵەبی بەرواری نووسیوە... بڵێین چی... وەختێکی غەڵەت هاتە گۆڕێ... نازانم بۆ ئەو کوردە ئەو نەخۆشییەی هەیە، شتی غەڵەتی چاتر دێتە بیر...

– تۆ، ئەلبەتە، سانسۆرت تووش بووە؛ سانسۆری داگیرکەرانی کوردستان...

– تەواوی ژیانی خۆم ئەمن لە ژێر سانسۆردا بووم...

–ئەی سانسۆری کورد...؟

– لە ژێر سانسۆری کوردیشدا بووم.

– ئەوەیان چۆن...؟

– وەڵڵا، کاکە، ئەوەم دەتوانی ڕەفع بکەم. سانسۆری کوردم دەتوانی ڕەفع بکەم، بەوی دەوێرام. لەو لایە، وەکوو عەرزم کردی، وەختێکی ئەندامی حیزب بووم، سانسۆریان دەکردم، دەچووم لە جێگەیەکی دیکە بڵاوم دەکردەوە، یا ئەقەللەن دەمدایە دەسی خەڵکی...

– ئەی ئەو شیعرانەت کە بەبێ ناو لە کوردستاندا بڵاوت دەکردنەوە، مەبەستم لە ڕۆژنامەی کوردستاندا...

– بەڵێ، ئیدی ئەوە سانسۆرەکە بوو، بەڵام لە تاریک و ڕووندا بە نێوی خۆم بڵاوم کردنەوە... بڕوا بکە لە تاریک و ڕووندا شیعرێکم هەیە، کە دیارە دەبێ ئەوەش لە بیر نەچێ کە مەحەللییە. لە مەهابادا وەختێک کە من ئەو شیعرەم بڵاو کردەوە بە نێوی «ڕاوە بەراز»، ئەوەڵا شوجاعەتێکی سەیرم کرد، کە چەکی ڕاویان، تفەنگی ڕاویان لە هەموو کەس ستاندبۆوە و کە لە عێراق تەقە هەیە، نابێ لێرە تۆ تفەنگی ڕاوت بە دەستەوە بێ، من وێرام، بۆ خۆشم ڕاوکەر بووم ئەودەمی، ئەو ئیحساساتەی خۆم بڵاو بکەمەوە. لەوێدا بڕێکیشم گاڵتە کردووە. لە کوردستانی عێراق ئەو شیعرەی من زۆری دەنگ نەداوە، بەڵام لە کوردستانی ئێران ئەو وەختی دەنگێکی عەجایبی داوە، چونکوو ئەوەڵا کەس نەیدەوێرا بڵێ بۆ شا چەکی لە خەڵکی ئەستاندەوە. من ئەوەم بڵاو کردەوە، بەڵام دە لیباسی جەفەنگ و شتی وادا ونم کرد. حەتتا وایان لێ هاتبوو زابتەکان، ئەفسەرەکان، ئەفسەرەکانی ڕاوکەر بۆ خۆیان هەموو لە بەریان بوو، ئەوانی کورد. مەسەلا دەوێدا دەڵێم:

ئێتر مەحموود بانادا سمێڵی
سمێڵ بادانی پێ عەیبە بە دێڵی
کە ڕاوکەر بێ تفەنگ ئەڵبەتە دێڵە
لە هەموان دێڵتریش مەحموو سمێڵە

لە وانەدا نووسێ شیعری وای تێدا بوو کە پساوە، شیعرەکانی پساندووە. ئەلعان دێمەوە، پاش ئەوەی هاتوومە مەهابادێ، پێم دەڵێن بۆ ئەو شیعرەی تێدا نییە. خەڵکی مەهاباد دەبەریان ماوە، بەڵام سانسۆری حیزب ئەو شیعرانەی لێ پەڕاندن. هەرچی حەوڵم دا کە باوکم ئەقەڵلەن نوختەیان لە جێگا دانێن... کوتیان نا. کەچی شیعرەکە لە بیر خەڵکی ماوە. ئەوە سانسۆری حیزب بوو کە ئەمە کەلیمەی سووکی تێدایە. بڕێکم گاڵتە کردبوو، دوو سێ کەلیمەی، ڕەنگبێ، دەگەڵ ویقاری (ئەلفەکە بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز درێژ دەکاتەوە. ف.) سیاسی یەکی نەگرتباوە، لێیان فڕێ داوە.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

نینۆکی شێخ ڕەزا و
کلکی حەسەنی هەمزە

حەسەنی هەمزە لەسەر «شەم» کە چییە تەفسیری
دەست بە شمشێر لەگەڵم صاحیبی دەعوا دەرچوو
من وتم ناخونی شێرە، وتی کلکی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسی شۆڕش و دەعوا دەرچوو
گرەوم کرد لەگەڵی، چووم و کتێبم هێنا،
ناخونی من نەبوو، کلکی (حەسەن ئاغا) دەرچوو.

*تەخمیسی شێخ ڕەزا لەسەر غەزەلێکی حافظ*

## هەجوی مەلا مەعرووفی بیدایەت

(مەعرووف)ی بێدیرایەت! گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قوڕومساغ، هەردوو گونم بە دایەت
گونمی بە تڕ شەهید کرد، کێرم ئەکا ڕیعایەت
زان یار دلنوازم شکریست باشکایت
گر نکتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت

مەعرووف کە حیزی وەک ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم
ئازاری مەقعەدی بوو بۆم ڕاکشا لەسەر دەم
مردم ئەوەندە سواربم و خۆم کوشت ئەوەندە پیادەم
بی مزد بود و منت هر خدمتی کە کردم
یا رب مباد کس را مخدوم بی عنایت

خاشاکی دەوری دوبری لێم بوون بە ماری هەیجا
کێرم بە صەد مەشەققەت ڕۆیی، گونم نەگونجا
کێرم لە پەشمی پاشی دانەی کوونی ترنجا
دو زلف پرشکنجش ای دل مپیچ کانجا
سرها بریدە بینی بی جرم و بی جنایت

رووم کردە سەمتی سمتی؛ یەعنی مەکانی مەعهوود
ئەرزێکی پڕ نەجاسەت، دەشتێکی شەهوەت ئالوود
ڕانیم فەرەس چەپ و ڕاست، ڕێگەم نەبردە مەقصوود
از هر طرف کە رفتم جز وحشتم نیفزود
زینهار ازین بیابان وین راه بی نهایت

دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەک بەری دەست
کاروانی کێر بە ناویا دەڕوا هەمیشە سەربەست
هەر مەنزڵێکی سەد میل، هەر میلی سێسەد و شەست
این راه را نهایت صورت نمی توان بست
کش صد هزار منزل بیش است از بدایت

باوکی پیاوێ چاک بوو، زاتێکی زۆر موقەددەس
خۆی پوشت و داکی خۆگێ، هەتا خووا بڵێ بەس
بۆ نەختێ ئاوی شەهوەت جەرگی بووە بە قەقنەس
رندان تشنە لب را آبی نمی دهد کس
گویی ولی شناسان رفتند ازین ولایت


تۆمار

# ئەدەبی کوردی سەربەرەوژێر دەڕوا

هەژار

**چەندێــــک** لەمەوبەر جارێک لە گۆڤاری «بڵێسە»وە پرسیارێک کرابوو کە ئایا ئەدەبی کوردی لە چ بارێکدایە و چی دوای خستووە و چۆن پێش ئەکەوێت؟

جا وا بزانم هێندێک لە نووسەران وەرامیان دایەوە، بەڵام من بۆ کڵۆڵیم وەک کابرای کوردە گوتی: خەرمانم سوور کرد تا چووم لە دووی سەرکار کەو دە کونی کەودا دەنکی لێ بڕی!! تا بیرم کردەوە چ ڕۆژێک دەستم بەتاڵ دەبێ و دەتوانم کاتێک تەرخان کەم و وەرام بنووسمەوە «بڵێسە»ی خۆشەویست کوژایەوە و هەروەک گەلێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان هێشتا تام لە ژیان نەچێشتوو، بە کامی دڵ نەگەیشتوو جوانەمەرگ کرا!! وا ئێستا دەمەوێ لە گۆڤاری «ڕۆناهی»دا کە هومێدێکی تازەیە و چاومانی ڕوون کردۆتەوە و هومێدەوارین بە تەمەنێکی درێژ و پڕ لە بەهرەوە بژی، بیر و ڕاوێژی خۆم لەو بارەوە دەربڕم... مامۆستای سەجادی وەک باوکێکی زۆر دڵسۆز و منداڵ خۆشەویست کە لە هەموو شتێکا لایەنگری کوڕی خۆی دەکا و هەرگیز هیچ کەم و کووڕی لەودا نابینی وەرامی دابۆوە. مامۆستا شاکر فەتاحیش تا سەرێک بە ڕچەی ئەودا ڕۆیشتبوو، پاشان چاری پەرەپێدانی ئەدەبی کوردیی خستبووە سەر پیاوەتیی بێگانان و نانی هەنجنیبوو بە هیوای شۆربای جیرانان هەروەها دنەی خۆشمانی دابوو کە پێویستە ڕێز لە نووسەران بنێین و زۆرمان خۆش بوێن تا بتوانن ئەوانیش بە دڵێکی خۆش و بیرێکی ئاسوودەوە گوڵ و گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیمان بۆ بنەخشێنن و بیگەشێننەوە. هەردوو وەرامەکان زۆر جوانن، هەردووکیش دەتوانین بڵێین: ئاخ ئەگەر وانەبا وەک سەجادی دەڵێ و خۆزیا وابا وەک شاکیر فەتاح وتوویە ئێستا ئەدەبی کوردی زۆر لە پێشەوە بوو، بەڵام داخەکەم هەرگیز ئاخ و ئەگەر و خۆزیا شین نەبوون و بەر و سێبەریان بە کەس نەداوە!!



ئەدەبی کوردی ڕاستە نەچۆتە ڕیزی ئەدەبی جیهانەوە چونکە ئێمە ڕێگەی کوردی نووسینیان پێ نەداوین و چونکە خوێندەوارمان کەم بووە و چونکە گەل ڕێزی لە شاعیر و نووسەران نەناوە بەڵام: ئایا کام گەل و تیرەیەک هەیە لە جیهان کە ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە پێشکەوتووتر نەبێ لە سەدساڵ یان لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەری؟ چونکە دیارە هەرکەس بە ئەندازەی خۆی میراتێکی لە باو باپیرانەوە بۆ بەجێ ماوە و کوڕگەلیش لەسەر ئەو سامانەوە سات و سەودا و گردەوە کۆیی‌یان کردووە و ئێستا هەم کەلەپوورەکەی پێشوویان ماوە و هەم لەسەریشیان داناوە، ڕێک و پێکیشیان خستووە و هەروا بەبێ وچانیش تێدەکۆشن ڕۆژ بە ڕۆژ پتری بکەن و پتر دڵخۆش و ئاسوودە بن.

من هەر بیر لەوە دەکەمەوە کورد هەر ئەو کوردە بووە کە ئێستا هەیە. خۆ هەرگیز بە درێژاییی مێژوو ڕێگەی پێ نەدراوە بە زمانی خۆی بنووسێ، خۆ کەس ڕێزی لە شاعیر و نووسەری کورد نەناوە، ئەی خوایە بۆچی لە ڕابوردوودا پیاوی وەک مەلای

جزیری و خانی و مەولەوی و نالی و کێ و کێمان لێ پەیدا بووە، لە سووچی مزگەوتان، لەبن شاخ و بەردان، بە نانی هەرزن، لەبەر رۆنگەرچەک، بە قەڵەمی قامیش و مەرەکەبی قورمی‌خانوو، ئەو ئەدەبیاتە بەرز و پڕ لە کاکڵ و بە تام و بۆنەیان بۆ نووسیوین و بەمیرات بۆیان بەجێ هێشتووین، کەچی وێستا ئێمەی کوڕانی ئەوان لە خانووی سپی و بەرزدا، لەبەر شەوقی کارەبا و مرێ پلاوگۆشت و بە خۆنووسی پەنجاویەک و مەرەکەبی پلیکان، هەڕەی لە بڕەی ناکەینەوە و ناگەینە قولەقاپەی ئەو رابوردووانە و یەکێکی وەک ئەوانمان لێ هەڵناکەوێ دەگەڵ ئەوەش کە میراتەکەی ئەوانیشمان بۆ بەجێ ماوە و سی چل ساڵیشە کەم یا زۆر رێگەی کوردی نووسینیشمان پێ دراوە؟!! ئا ئەمە نابێ وەک دەروێشان بیخەینە ملی قەزا و قەدەرەوە، پێویستە توزێک بەسەر و گوێلاکی خۆماندا بێنین.

هەرگیز لەو باوەڕەدانیم کە شاعیرانی پێشوومان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەگەر شیعر بڵێن دەتوانن چاپی کەن پارەیان لێ دەست دەکەوێ و پێ دەژین. تەنیا سۆز و ئەوینێک لە دڵیان خزیوە و مێشکیانی ئاخنیوە جا چ بۆ یاری دڵڕفێن یان بۆ نیشتمانی لەت لەت کراویان یاخۆ بۆ پیری تەریقەتیان بووبێ کوورەی دڵیان وا جۆشی ساندووە ناچاری کردوون دەری بڕن. خەڵکەکەش دیتوویانە جوانە و بیستوویانە خۆشە، گۆرانییە مایەی رابواردنە، دەستا و دەست و دەما و دەم وەریانگرتووە و داویانە بە یەکتر. خۆ ئەگەر خەلاتی ئەو بویژەشیان نەکردبێ جوێنیشیان پێ نەداوە، جا لێرەدا دەبوو مامۆستا شاکر فەتاح نەیگوتایە ریزیان لێ بنێن دەبوو بیفەرمووبا جوێنیان پێ نەدەین. بە راستی بەڵای هەرە گەورەمان ئێستا ئەمەیە هەر نووسەرێک یان شاعیرێکی بەرز کە دێ پەیدابێ و بۆنی ئەوەی لێ دەکەی کە دەتوانێ خشتێک لەسەر دیواری ئەدەبیات دانێ و پەردەیەک لە ناومالەکەی هەلاوەسێ، لەبەر جوێن پێدان و گاڵتە پێ کردنی ئەم و ئەو، ناتوانێ سەر هەڵێنێ و خۆ بنوێنێ تا دەمرێ بە جاسووس و هەرزە و شێت و سەرسەری دوای دەکەون و ڕێی گەشەکردنی لێ دەبڕنەوە. جا ئەگەر مرد و دیتیان تازە دەگەڵ مردوو چ ناکرێ ئەمجا بە سەر و پۆڕیدا دێن ولینگی درێژ دەکەنەوە و دەیکەنە ئەمر و دێنەوە چاودەگێڕن کامە زیندوو ماوە کە لەوان بالادەستترە بیدەنە بەر لیسی جوێن و پاشملە گوتن و بە زمانی ناساز بیکرۆسنەوە.

پیرەمێرد و فایق بێکەس و سەلام و رەفیق حلمی و حوزنی موکریانیمان لە بیرن کە تا ژیابوون مراندبوویانن و کە مردن ژیاندوویانەنەوە و پێیان دەڵێن ئەمر. نووسەر و بوێژە چاکەکانی ئێستامان وەک گۆران و قانیع و سەجادی و شاکر فەتاح و شێخی خاڵ و رۆژبەیانی و کێ و کێ وا ئێستا لەو چەرمەسەرەدان و خەریکن بەدەرد و داخەوە بیانمرێنن و خۆیان لێ قوت کردوون کەنگێ لە ناودەچن تا چەپکە گوڵ بەرنە سەرگۆڕیان و پێیان بڵێن ئەمر و ئەوەندە پارە لە میوانداریی بیرەوەرییان بەخت بکەن کە هەرگیز ئەو شاعیرانە ناویشیان نەبیستووە و ئەگەر هەریەک لەوانە دەیەکی ئەم پارەی بووایە رەنگ نەبوو بمرێ. جا نازانم بوێرم وەک پیرەمێرد بڵێم ئەم دەردە گرانەمان لە حزب حزبێنەوە پێوە نووساوە یان نا؟!

## لاسایی منالانەش

دەبینین لە دێیەک بووک ئەهێنن: سوار سوار بووە رمبازی ئەکەن، داوەت دەگەڕێ کەسک و سوور تێکەڵ بووە، شادییە، بووکێکی تەواو بە تارایی سوورەوە بۆ ماڵی زاوا دەگوێزرێتەوە. زاوایەکی زەبەلاحی چوارشانە گیڤەی سمێڵی دێ و دەچێتە پاڵ بووک. بەرهەمی ئەم هەرا و گرمە و بەزم و ئاهەنگە پاش چەند ساڵێک چەند منداڵێکی زیت و خونچیلانەیە.

منالیش لە گاڵتەی خۆیاندا لاسای ئەوان دەکەنەوە پەڕۆیەک بە سەر کچۆڵێکدا ئەدەن و یەکێکیش ناو دەنێن زاوا و چەند منالێکیش سواری قامیش دەبن لە قەستی ئەسپە و بووک ئەبەن، بەلام پاش تاوێک بروانە هەر خۆشیان لە بیریان چۆتەوە چییان ئەکرد.

ئێمەش بیستوومانە رۆژئاوایی‌یەکان زۆر پێشکەوتوون، ژیانی پێشووی خۆیان تەواو گۆڕیوە، هەرچی هەیانە بە جۆرێکی باشتر تازە بۆتەوە و هاتۆتە روو، ئەگەر بەرێ بە سواری کەر و ئەسپ و عەرەبانە سەفەریان دەکرد ئێستا سواری گەرۆک و فرۆک و کەشتی دەبن. دەسا با ئێمەش چاو لەوان بکەین و بگۆڕێین، جا وەک فارسەکە دەڵێ: ئەگەر دەستت ناگاتە خانم کارەکەری چێشت لێنەریش هەر باشە.! خۆ ئێمە لە دەستمان نایە باژێڕ و گوندەکانمان بگۆڕین و لە وزەماندا نییە بە گەرۆک و فرۆکی دەستکردی خۆمان بچینە ئەولاولا. دەسا ئەوی دەتوانین با ئەوە بکەین: ئەدەبەکەی خۆمان وەک هی ئەوان لێ بکەین. ئەگەر نەمانتوانی مەعنا و نیازی وەک ئەوانیش بێنین قەی ناکا هەر کەسم و بیچمەکە حەسابە، دە وەرن بروانین باوکم: کوا ئەوان لە سە رەوتی فەعوولن فەعوول دەڕۆن؟ شیعری ئوروپایی نە قافیەی هەیە و نە وەزن. ئێمەش با لە سەر رەوتی ئەوان بڕۆین و زۆریش

هاسانە. گوێ بگرە:

*خۆشەویستەکەم*
*دوێنێ ئێوارێ درەنگێک*
*هاتم*
*لە ماڵ نەبووی*
*بەڵێ نەبووی لە ماڵ*
*دەزانی؟*
*ئەی دۆستی گیانی*
*لە ماڵ نەبوون چییە؟*
*ئاخ و داخ لە ماڵ*
*بەڵێ لە ماڵ*
*نەبووی لە ماڵ*

دە چەپڵەیەکم بۆ لێدەن وا دارم دا بە ڕۆحی شکەسپیریشیاندا، ئیتر چیتان دەوێ.؟!!

بریا کەسێک بووایە بە گوێی ئەم تازە کوڕانەیدا بسرکاندایە و بیگوتایە کاکە! ئەو کونەی تۆ دەستت پێدا کردووە جێ مارە، چوێلەکەی تێدا نییە!! ڕۆژئاوایی‌یەکان کە باری ژیانی خۆیان گۆڕیوە، کەریان گۆڕیوەتەوە بە فڕۆک، بەڵام ڕەوت و هەوای شیعریان هەر هی هەزار ساڵ لەمەوبەرە. شیعر ئەوەیە گەل بە گۆرانی دەیلێ، گەلەکانی ڕۆژئاوا گۆرانییەکانیان شیعری ئاوای دەوێ، باری ژیانیان گۆڕاوە بەڵام زەوقی گۆرانییان نەگۆڕاوە، هاتوون هەر لە سەر کۆنەکەی خۆیان زیادیان کردووە و ڕێکوپێکیان خستووە لە گۆرانیی ساکارەوە خستوویانەتە ناو مۆسیقاوە و لەسەر کاغەز دایانکوتاوە کە گوم نەبێ. بۆ نموونە لە ناو لادێی ئازەربایجان گۆرانییەکی زۆر کۆن هەیە کوچە باغی پێ دەڵێن کە لە جێی حەیران و لاوکی ئێمەیە. مۆسیقاری سۆڤیاتی هەر ئەوەیان تۆزێک دەسکاری کردووە و بۆتە سیمفۆنییەک کە لە ئامریکا جائیزەی پێ وەرگیراوە.

تۆ کە خەیاڵی نووسینی تازەت هەیە و دەتەوێ وەک خوداپێداوان بکەی زۆر بیرێکی پەسندە، منیش لەگەڵتام کە دەست لە فەعوولون فەعوول و مەفاعیلون فەعوولات بەر بدەی کە ئەمە میراتێکی کۆنی دوابڕاوی عارەبانە لە بن عەبا و عەگاڵەوە بە سواری حوشتر بۆمان هاتووە و بە سەتان ساڵە بە ملمانەوە چەسپیوە. بەڵام ئەگەر ئەوت لە خۆت تەکاند و لە سواری کەر دابەزیت، ئەسپی ڕەسەن و محەندەکی خۆت لە بیر نەچێ و بە پێ ملی ڕێ بگری بۆ ئەوبەری دەریایان بەتەمای ئەوە کەسێک لەوێ بە خێری خۆی لە پاش تەرکی خۆی سوارت دەکات. بەخوا ئەگەر وا بکەی لە ئیشکانیش دەرچی لە ئاوا دەخنکێی!!

بۆیە دەڵێم دەست لە کلکی هەوای شیعری عەرەب هەڵگرە چونکە پێم وایە لە زەوقی کوردی گۆرانی بێژ و گوێگر دوورە. تۆ کە ئەوەم بۆ بە هەوای ئورووپایی بگۆڕییەوە، بە سەد هەزار گوریسیش بە زەوقی هیچ کوردێکەوە نانووسێ!.

هەر گەلەی پێودان و ڕێوشوێنێکی هەیە بۆ شیعر و گۆرانی، کە عەرەب پێی دەڵێن (عەرووز)، کورد لە عەرووزی خۆیدا لە هەموو کەس دەوڵەمەندترە. عەرووزە کۆنەکەی خۆت زیندوو بکەوە، خۆشت و ئەدەبەکەشت تازە دەبنەوە، ئەو هەزاران هەوای کوردییە کە لە گۆرانییەکانماندایە هەر یەکەی ڕەوتێکی شیعر و هونەرێکی جیاوازە. من چۆن بە تۆ دەڵێم تازە؟. من بە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێم تازە کە شیعرەکانی بۆ گۆرانیی هەموو گۆرانیبێژێکی کورد دەست ئەدا و لەگەڵ پتر لە پەنجا هەوادا ڕێک دەکەوێ. دەتەوێ تازە بییەوە بچۆ شیعری بە مەعنای تازە بە هەوای بەیتەکانی کوردی، لە سەر ڕەوتی حەیران و لاوک و لەشکری و خەزاڵ بڵێ، چی لە دڵتدایە بیخە ناو هەوایەکی کە کورد بە گۆرانی دەیڵێن تا بیبیسن و بچتە دڵیانەوە و بەم هۆیەوە باری ژیانی ناخۆشیان پێ بگۆڕە...

کوڕە سەیری لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە: ئەگەر یەکێک لەو تازە کوڕانە بە دەستەواو پەسندی ئەوی تر دەدا دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانە کە مامۆستا گۆرانیش خاوەنی فێرگەیەکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا!! دەسا قورعان بە هەقت، بە ساحێبت، من تا ئێستا شیعرێکی گۆرانم نەدیوە کە وەزن و قافیەی نەبێ. وە باوەڕیشم وایە کە گۆران خاوەنی مەدرەسەیەکی تازەیە بەڵام فێڵەکەی باش دۆزیوەتەوە دەستی لە کلکی حوشترەکە بەرداوە و مەعنای تازەی خستۆتە ناو بەندو باوی کوردانەی خۆمانەوە. دە شیعرێکی بێ وەزن قافیە- یان بەکوردی بڵێین-بێ ڕەوت و پاشلی مامۆستا گۆرانم نیشان بدەن و سەرم بشکێنن.

کاکی خۆم! ئەوانەی کە داتان هێناوە شیعر نین و لە ترسی گێرە ناوی خۆیان گۆڕیوە، پەخشانیش نین چونکە پەخشان پارچە پارچە و بێمەعنا نابێت. ئەمانە وەک وشترمرغ وان ئەگەر دەڵێن بفڕە دەڵێ وشترم ئەگەر دەڵێن با بارت کەین دەڵێ باڵدارم.

لە موکریان دەغڵێک هەیە سووریشە و وەک جۆ دەچێ ئەمە ناویان بۆ نەدۆزیوەتەوە پێی دەڵێن: «نە گەنم نەجۆ». جا ئەم نە شیعر نە نەسرانە چونکە ئەرک و بارگرانییەکی نییە هەر کەس سەری لە هێلکە جووڵاوە شاعیرە و شاعیری تازە و پێشکەوتووشە، ئەگەر زۆریش لەسەری بڕۆن دەڵێ شاگردی مامۆستا گۆرانیشم و هەر کەسیش پێم قایل نییە با سەری خۆی لە بەرد بدا و تێر ئاوی سارد بخواتەوە.

## ئەمجا شاعیری زۆر و شیعری بە پەلە

حاجییەکمان هەبوو بەرەحمەت بێ دەیگوت کورد یان هێند شل دەڕوا لە دوای هەموو کەسەوەیە یان هێند خۆش دەڕوا کەسی پێ ڕاناگا. ئەگەر دەبێتە سۆفی چای ناخواتەوە دەڵێ سوورە و وەک شەراب دەچێ!! ئەگەر فاسقیشە بەری بەیانی لە خورێنی شووشەیەکی پڕ ئارەق دەخواتەوە.. ڕاستی دەکرد.

کورد یان نانووسێ وەک دەبینین بە هەزاران بەند و باو و چیرۆکی هێژا و بەنرخمان لەناو چووە چونکە هەر دەماو دەم گەڕاوە تا فەوتاوە. کەسێکی خوێندەوارمان ئەوەندەی نەتوانیوە سێ چوار ڕۆژ خۆی ماندوو کا و بیخاتە سەر کاغەز.

ئەگەر دەستیشی کرد بە نووسین بە یەکباز دەبێتە شاعیر و دنیا تێیدا شل و کوت بێ هەنگاوێک لە شاعیری نایەتە خوار، تەنانەت عەریزە بۆ حوکوومەتیش بە شیعر دەنووسێ. لە هەوەڵ ڕۆژی کە دوو پیت و لەتێکی ڕێک خست ئەوا دەست دەکا بە دەردی دڵی و دەڵێ: قەدری شاعیر نەماوە و بەخوا من و خانی و مەولەوی و نیزامی و سەعدی وەک یەک کڵۆڵ و بەدبەختین!! لە بیرمە لە یەکێتیی سۆڤیەت هەوەڵ پرسیاری کە لەمەڕ ئەدەبی کوردییەوە لێم کراوە ئەمە بووە: ئێوە ئەو هەموو شاعیرەتان بۆچییە؟ بۆچی نووسەری چیرۆکتان هێندە کەمە؟ دەسا شیعر بەس بنووسن با شاعیرەکانتان دەس کەن بە نەسر نووسین.

پتر لە پەنجا جێگا ئەمەیان پێ وتووم، منیش بە هەر درۆ و مینگەیەک بووە خۆم ڕزگار کردووە لە دڵی خۆشما ئەموت: ئێوە ئەگەر وا ئازان وەرن لە کوردستان ئەمە بڵێن تا بە شیعر جوابتان بدەنەوە و هێندە شیعرتان بەسەردا بخوێننەوە گێژتان کەن و بە شاعیری بەرێتان کەنەوە. بەڵێ شاعیرییەکە لەتام دەرچووە، خوای تۆ ئەزانێ مریشک دنووک بە عەرزدا بدات چاو و لووتی پێنج شەش شاعیری بەر دەکەوێ ئەگەر باوەڕ ناکەن لە مامۆستا گیوی موکریانی بپرسن کە بۆ جوابی مەتەڵێکی هێندەی جوابی بە شیعر بۆ هاتبووەوە کە تەنیا هەر شیعری هەشتا و چوار شاعیری چاپ کردبوو جێگەی نەمابوو ئەگینا خوا ئەزانی تا کوێ دەڕۆیشت!!.

ئاهۆی شیعر وا بڵاو بۆتەوە و پەرەی سەندووە کەس هەر بە لای پەخشانەوە ناچێ.! خەڵکەکەش هێندەی شیعر دیوە ئەگەر پەخشانێک دەبینن زۆر پێیان سەیرە. وا بە شیعری زۆر یەرغە بوون هەر بە پەخشاندا ناڕوانن.!!

جا شیعریش وەک گوتمان: نە گەنم نە جۆ. قوربان لەو ڕۆژەوە ئەم شۆڕشەی تەمووزە ڕووی داوە و بەری نووسین بەرهەڵدا کراوە وەک پاش بارانەی بەهارم دێتە بەرچاو، کە دەڕوانی بە هەزاران شەیتانۆکە ژیاوەتەوە و شاخی دەرێناوە و دەجووڵێتەوە. ئیتر ئەوە هەر پەڵەیە و هەڵەیە و شاعیرە و دەفتەرێکی چوار فلس بایی دەکڕێ و بە شەوێک پڕی ئەکاتەوە و سبەینە ئەیباتە چاپخانە و دووسبە لە بازاڕ فرکەی دێ و لە پشتەکەشی نووسراوە: مژدە: وا سیان چوارێکی ترم بەڕێوەن ئەم ڕۆژانە گەورەتان ئەکەم و بۆتان لە چاپ ئەدەم.

ئیتر بڵێی کەس خەتی کەس بخوێنێتەوە یان کەس پێی وابێ لە خۆی باشتر هەیە و دەبێ پرسی پێ بکات؟! کەوا بێ عاسمان کۆڵەکەی دەوێ. جا لە پاش لە چاپدان و بڵاوبوونەوەی دەبینی تووشی نووسەرێک دەبێ و بە فیزێکەوە لێی ئەپرسێ: ئەرێ تۆ ئەمانەی منت پێ چۆن بو؟! ئەویش خوام ئەو خوایە بڵێ پێم باش نەبوو تا لە پاش جوێندان و سەرشکاندن بیکاتە پیاوی ئیستعمار و جاسووس و کۆنەپەرست.!!

ئەدەبی کوردی لە پاش شۆڕشی تەمووز کەوا کورەگۆێ بووە و پەتی پساندووە و بۆتە کاسبیی ڕۆژانەی زۆر لە نووسەرە تازەکانمان من نەک پێم وایە بەرەوباشی دەچێ، بەڵکو پێم وایە سەربەرەوژێر خلۆر دەبێتەوە. خوا ئاگاداری بێ. ئامین..

بەڵێ گەلێک لەمانە وەک شەیتانۆکەی پاش بارانن و ئەگەر زەوی وشک بۆوە لەناو دەچن. بەلام تا زەوی وشک دەبێتەوە ئەدەبی کوردی زۆر لە نرخ دەکەوێ و خەڵکی دەرەوە لە باری ئەدەبەوە بە چاوی سووکمان لێ دەڕوانن!!

## ئەی چار چییە

بە بیری من چار ئەوەیە بە هەموو لایەک بەزەییمان بە خۆمان و بە نیشتمان و گەلەکەماندا بێتەوە و بە گەلەکۆمەکێ دەست دەینە بەرباری خواری ئەدەبەکەمان و ڕاستی کەینەوە. بۆ ئەمەش چەند ڕێگەیەک هەیە:

١- سەبرێک و دوو فوو: ئەو کەسانەی دەست دەکەن بە نووسین پەلەی ئەمە نەکەن کە دەبێ هەر هەوەڵ ڕۆژی نووسینیان لە چاپخانە باوەشیان بۆ کرابێتەوە. دەڵێن: هەرچی زوو پێک بێ زۆر نامێنێ. با بنووسن زۆریش بنووسن بەلام بچن و نیشانی نووسەرە بە ناوبانگ و باشەکانی بدەن و بە دڵ لێیان داوا بکەن کەم و کوڕییان بۆ هەڵگرنەوە و ڕێ و شوێنی نووسینی باشیان نیشان بدەن. نابێ لەوە شەرم بکەن یان فیزیان نەیهێنێ. چونکە ئەگەر خراپیان نووسیوە با تەنیا یەکێک یان دوان پێ بزانن نەک

به خراپی له چاپخانه دەرکەوێ و هەموو کەس گاڵتەی پێ بکەن و له سایەی ئەوانیشدا بێگانە گاڵتە بە گەلی کورد و ئەدەبیاتەکەی بکات. من پێم وایە کەس لە ئێمە نایەوێ لە برناردشاوی ئیرلەندی تێپەڕێنێ دەبا لەو بخوێنینەوە کە چلۆن تابیست ساڵیش هەر نووسیویە و هیچ «دار النشر»ێک ئامادە نەبووە بۆی بلاوکاتەوە.

هیچ کەس، لە پڕێک نابێتە کوڕێک. لە رۆژگاری پێشیندا کەسێک کە دەیتوانی وشە بهۆنێتەوە و هومێدیان لێ دەکرد ببێتە شاعیر، دەبوایە بە لانی کەمەوە دە هەزار شیعری کۆن و نوێی لەبەر بکردایە. دەرسی عەرووز و قەوافیی بخوێندایە، هێشتا لەسەر ئەو حاڵەشدا لە دەیان نۆیان پووچەڵ دەردەچوون و لەگەڵ سەرنەدەکەوتن.

جا من دەڵێم بۆ ئەوە دەم نەسووتێ: صەبرێک و دوو فوومان پێدەوێ. کەم و پوخت بێ نەک زۆر بێ و بۆر بێ. هەشت بێ و لە مشت بێ نەک نۆ بێ و نەبێ. دەبێ لە نووسیندا چاومان لەوەبێ کە ئەدەبی کوردی دەرازێنینەوە و خزمەت بە گەل دەکەین نەک بۆیە بێ کە زوو شازدەپەڕ پڕکەینەوە و بیدەین بە پارە بۆ خەرجی رۆژانەمان. جوبران خەلیل دەڵێ: ئەو کەسەی بۆیە دەنووسێ پێ بژێ، نووسینەکەی بۆ خۆی ناژێ.

٢- مەعنا و بیری ورد: شیعر هەر ئەوە نییە وشەیەک رێک خرێ و لێک درێ و پاشل و رەوتیار وەک یەک بچێ. ئەو کابرایەی کە وتوویە: «بەژنت رەشە رێحانە لە ناو پەیینا چەقیوە - بێنە رەفیسکەت ماچ کەم هەناری حووحووی پێوە» لە باری رەوت و قافیەوە کەمایەسیی نییە بەڵام ماعنای تێ نەخراوە. کەوابوو تەنیا وشە لێکدان بەش ناکا و بەو کابرایەش ناتوانین بڵێین: شاعیر. شیعر ئەو بارێک بینییە کە خەڵکی رەمەکی ناتوانن بیری وا بکەنەوە و شتی وا بڵێن. تۆ بڕوانە: بە هەزاران ساڵە عەرەب خورمایان هەیە. کەس بە بیریدا نەهاتووە وەک نالی بڵێ: یارەکەی من وەک خورما وایە شیرینە و سنگی نەرمە و دڵی رەقە. بەم بیرە وردەیە دەڵێن شیعر کە هەموو کەس ناتوانێ بیڵێ. جا کە بیری ورد هەبوو ئەمجا هەوایەکی ئاواز و گۆرانیی دەوێ و هەروەها چەند وشەی نازک و لەبەردڵانی پێ لازمە تابە هەموان، یەکتر تەواو دەکەن و دەتوانین ناوی بنێین شیعر. بیری ورد لە شیعرا بووکە، هەوای خۆش و وشەی تەڕ و پاراو جل و خشڵیەتی. جل و خشڵی بێ بووک و بووکی بێ جل و خشڵ خۆی نییە.

٣- کۆنە پەرستی: دەبێ چاوێک لە گەلانی خوداپێداو بکەین، بزانین ئەوان دەگەڵ رابوردووانی خۆیان چۆنن ئێمەش وا بین. نابێ ئەدەبی کۆنمان لە بیر بەرینەوە و بڵێین دنیا تازە بووەتەوەو باوی ئەمانە نەماوە. دەبێ بیانخوێنینەوە و بە غاریش بە سەریاندا نەڕۆین و وردبینەوە و تێیان بگەین و بەشی خۆمانی لێ هەڵێنجین و لەگەڵ ئەدەبی تازەدا بیگونجێنین. بۆ نموونە: جارێک کتێبێکم خوێندۆتەوە ناوی «منطق الطیر»ە، فەرید الدین عەتار لە چەرخی حەوتەمی هیجریدا نووسیویە، هەمووی باسی دەروێشایەتییە، ناواخنەکەی زۆر بە کورتی ئەوەیە:

«باڵداران لێک کۆبوونەوە گوتیان: هەموو تیرەی جانەوەرێک پادشایەکیان هەیە. بۆچی دەبێ هەر ئێمە نەمانبێت؟! کەوتنە مقۆ مقۆ کە کێ وا هەیە شانی هەڵبگرێ و بیکەینە پادشای خۆمان؟! پرسیان بە پەپووسلێمانە کرد گوتی: ئەو کەسەی بۆ پادشایەتی دەگونجێ ناوی سیمرخە و لە کێوی قافە، ئایا دەتانەوێ بچین و رووی لێ بنێین کە ببێتە پادشامان؟ هەموو تێکڕا گوتیان ئامادەین و زۆرمان پێ خۆشە. کێوی قاف لە کوێیە تا بچین؟. پەپوو گوتی کێوی قاف زۆر دوورە حەوت دەریا و حەوت بیابانی لە پێشە. دەریاکان پڕ شەپۆل و مەترسی و بیابانەکان پڕ لە تۆز و رەملی گەرم و بێ ئاون، مردن لە هەموو لایەکەوە چاوەنۆڕمان دەکات، بە هەزاران نەهەنگ و هەژدیها لە دەریا و وشکانیدا دەمی بۆ کردووینەوە هەڵمان لووشێ. ئەگەر گوێ نادەنە ماندووبوون و برسیایەتی و مردن فەرموون دوام کەون با بچین. کەو- وەرامی داوە: من کابرایەکم زێڕ خۆشەویست و هەمیشە لەو کێو و کەژانە لە کانگای زێڕ دەگەڕێم بە خوا نایەم لە گەڵتا.!! شاهۆ - وتی من صۆفیلکەم لەدەم ئاو دەژیم رۆژێ چەند جار خۆم ئەشۆم و دەسنوێژ ئەگرم. بەخوا ئەم تۆز و خۆڵە بۆ من نالوێ. کۆتر هەڵیدایە: من دەبێ هەموو مانگ دوو مناڵ بەخێو کەم، من بڕۆم کێ گەنم و دان بۆ مناڵم دێنێ و کێ بەخێویان دەکا؟ ناتوانم بێم.

ئیتر هەر باڵدارێک برو بەهانەیەک پەیدا دەکا و بۆ پادشا واز لە ژیانی هەمیشەیی خۆی ناهێنێ جگە لە چەند باڵدارێکی رووت و پووتی بۆری چڵکن کە ئەمانە هیچ خۆشییەکیان لە ژیاندا نییە و شتێکی وایان لە پاش بەجێ نامێنێ چاویان لە دوو بێ. دەڵێن ئێمە ئامادەین گیانی خۆمان ببەخشین و هەژدیها و نەهەنگ قووتمان بدا، تەنها بە هومێدی ئەوە کە چاومان بە پادشای خۆمان بکەوێ هەموو شتێکمان لە لا هاسانە.»

جا ئەمە کورتەی کتێبێکی چوارسەد پەڕەیە کە بۆم باس کردن. کتێب ئەوەندەی باسی فیداکاری و خۆ بەخت کردن لە رێگەی نیازا تێدایە کە هەر مەپرسە ئایا ئێوە لەگەڵ من نین؟. کە ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەبێ بەشی هەزار شیعری تازەی لێ

هەڵێنجی؟. عەتار کە بۆ نیازێکی گوتووە تۆ بیخە سەر نیازی خۆت و بۆ نیشتمان پەروەریی دەکار بێنە.

دەسا با کۆنە فڕێ نەدەین و بڕوانین پێشینیان چییان بۆ نووسیوین لێیان بخوازینەوە و نەخش و نیگارێکی تازەی بە بەردا بکەین و بەهرەی لێ وەرگرین، ئێستاش سەدی سەد ئەدەبی رۆژئاوا لە ئەلیازەی هۆمیرۆس و لە تەوراتەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. تۆ بێنە دیوانی مەلای جەزیری بخوێنەوە و تێ بگە ئەو ئەوین و دڵدارییە بەسۆزەی کە ئەو بۆ دڵبەرەکەی دەکار کردووە تۆ دەرسی لێ وەرگرە و بەو سۆزەوە دڵداری نیشتمانت بە. وەک مەم بمرە بۆ زین بەڵام با زینەکەی تۆ کوردستان بێ. ئازیزی مەولەوی کەسێک بووە با ئازیزی تۆ هەموو کوردێک بێ. حەبیبەکەی نالی با ببێتە هەستی ئازادی لە لای تۆ. ئەگەر ئێمە دەست لەم کۆنە پەرستییە هەڵگرین و تازەشمان ئاوا نەگەنم نە جۆ بێ، بە خوا وەک کوردەکە لە هەردوو چێژنان بێبەشین!!

٤- لێکۆڵینەوە: دەڵێن کەس نەیدیوە کۆتەڵێک بۆ «ناقد»ێک چەقابێ. بەڵام گەلێک کۆتەڵ بۆ شاعیر و نووسەران بەرز کراوەتەوە و تاشراوە. ئەمە بە رووالەت راست دێتە بەر چاو بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەو گەلەی ناقدی ئەدەبی نەبێ شاعیر و نووسەری هەرگیز تێدا هەڵناکەوێ. باغچەیەک ئەگەر سەربەرشتیی باش نەکرێ و باخەوانێکی زانا و بەسەلیقەی لەسەر نەبێ کە هەمیشە بژاری بکا و گیابۆگەنە و فڕیزووی لێ فڕێ بدا، باوەڕ ناکەم ئەو گوڵزارە گەشە بکا و ببێتە سەیرانگایەکی خۆش و بەرچاو.

بەڵێ با نەڵێن باخەوانەکە جوانە و بۆنی خۆشە بەڵام هەموو کەس دەزانێ ئەمە کارزانیی باخەوانە کە گوڵی جوان و بۆنخۆش هەیە و گیا و گژی پیس و بۆگەن فڕێ دراوە.

گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردیش بژارچنی وای دەوێ کە چاوی لێ نەترووکێنێ و کەمتەرخەمیی تێدا نەکا و پیسی لێ فڕێ بدا و جوانیشی نیشانی خەڵک بدا. هەتا ئەو بژارکارەش پەیدا نەبێ هیچ هومێدم نییە ئەدەبی کوردی بێتە بەرچاو و پەرەبستێنێ. پێویستە بەلانی کەمەوە دوو کەسی زۆر باش و بەهێز لە نووسەر و شاعیرە بەناوبانگەکانمان خۆیان و قەڵەمیان تەرخان بکەن بۆ بژارکردن و لێکۆڵینەوە. هەر نووسینێکی کە تازە دەردەچێ چل پشکنی بکەن و بژارچنی لێ وەکارخەن و فڕیزووی لێ دەراوێن و دەوری گوڵان چۆڵ بکەن تا رێگەی خۆنواندنیان ببێ. ئیتر نابێ چاویان لەوە بێ ئەم نووسینە هی کێیە یان کێ گوتوویە؟ کاسەجیرانەتی بۆ جیرانان نەبەن. ڕوویان لە کەس نەئێشێ. گوێ لە گە و گازنی ئەم و ئەو نەگرن، بە گوناهبار و تاوانداریش هەر نەڵێن عافەریم. دەبێ خراپان ئیعدام بکەن بۆ چاوترساندن و باشان خەڵات بکەن بۆ دڵخۆشکردنی باشی تر.

رەنگە لە وەرامی ئەمەدا بڵێن نووسەری ئێمە ئەمە فێر نەبوون. ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە توورە دەبن و جوێنمان پێ دەدەن. ئێمە سەری ئازای خۆمان لە پریسکەوە بپێچین؟. بەڵێ ئەمە راستە تووشی دەردی سەرییەکی زۆر دەبن. بەڵام من دەڵێم: نووسەری دڵسۆزی وا لەسەریان پێویستە ببنە «ناقد» کە ئەدەبی کوردی بە هی خۆیان دەزانن و ئەدەبیاتە تازەکەمان وەک منداڵی خۆیان تەماشا دەکەن، ئەو کەسانەی منداڵیان تووشی کوان و کەچەڵی دەبێ و دەرمانی دەکەن، منداڵەکە دەگری و دەست ئەوەشێنێ و جوێن دەدا. بەڵام دایک و باوکی منداڵ خۆشەویست گوێ نادەنێ و دەرمانی هەر دەکەن تا چاک دەبێتەوە... منداڵەکەش ئەگەر گەورە بوو عەقڵی پەیدا کرد دەزانێ باوک و دایک کە رۆژی خۆی ئێشانوویانە قازانجی ئەو بووە.. لە جوێندانەکەی خۆی زۆر پەشیمان دەبێتەوە و بە دڵ سوپاسی ئەو دەرمانکردنە دەکا.. پێم وایە ئێمە چەند بژارکارێکی وا دڵسۆزمان دەوێ دەرمانمان بکا و لەش ساغیی ئێمە بە قازانجی خۆی بزانێ و هێندەش پشووی لە سەرەخۆ بێ تا گەورەمان دەکا و ئێمەش هەتا هەتایە سوپاسی دەکەین. وە هەتا چەند کەسێکی وامان بۆ پەیدا نەبێ نابێ چاومان لە ئەدەبیاتێکی باش و پوختە بێ..

سووچێکی زۆر گرنگی تریش لە ئەدەبیاتیدا هەیە کە ئەویش گۆرانی و مۆسیقایە. بەڵام ئەو لایە چونکە سەر وە رادیۆیە و رادیۆش هی خۆمان نییە و ناتوانین دەسکاریی بکەین و چاکی کەین، ئەوانەی کە رادیۆکەشیان لە دەستایە هیچ قازانجیان لەوەدا نییە کە بەهرەیەک بە گەل بگەیێنێ لەبەر ئەوە ئەم باسەم دوا خست بۆ رۆژی خۆی کە نازانم ئەو رۆژەش دەبینم یان نا؟...


هومێدەکەم: کە بە چاوێکی لێ بووردنەوە تەماشای ئەمانە بکەن و بزانن کە بە دڵسۆزی نووسیومن...

❁ ❁ ❁

ئەم وتارە یەکەم جار لە
گۆڤاری رۆناهی، ژمارە -١- ساڵا -١-
چریا ئێکی ١٩٦٠ ( ل : ٥٩ - ٧٦ )دا
بلاوکراوەتەوە.

# کۆچی دوایی‌ی

# مەلا قادری مودەڕڕیسی



رۆژی یەکشەممە ٢ی خاکەلێوەی ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٢/٣/٢٢ز) نیشتمانپەروەری گەورەی کورد مامۆستا مەلا قادری مودەڕڕیسی لە شاری مەهابادی کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆچی دوایی‌ی کرد.

مودەڕڕیسی ساڵی ١٣٢٠ی کۆچیی مانگی(١٢٧٩ی کۆچیی هەتاوی = ١٩٠٠ز) لە سابلاخ هاتبووە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی‌ی لە مەهاباد تەواو کردبوو، ساڵی ١٩٢٩ لە خوێندنگەی سەعادەت لە مەهاباد بە مامۆستا دامەزرا بوو. هەر لەو سەردەمەدا، کە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزا شا بوو و تەنانەت کوردی قسەکردنیش لە خوێندنگەکاندا قەدەغە بوو، مودەڕڕیسی شیعری نیشتمانپەروەرانە و نەتەوەپەرستانەی بە خوێندکارەکانی دەگوت و فێری کوردایەتیی دەکردن. لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکافدا (١٣٢١/٥/٢٥) یەکێک بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەر و لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری نیشتماندا بە نازناوی ( ق.م. ڕەوادی) وتاری دەنووسی. مودەڕڕیسی یەکەمین کەس بوو کە ڕۆژ ژمێری باخەڵی بە کوردی لە کوردستانی ئێراندا بلاو کردەوە. لە ڕۆژگاری کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد بەرپرسیاری چاپخانەی کوردستان بوو.

مامۆستا مەلا قادری مودەڕڕیسی کۆمەڵێ بەرهەمی هێژای لە پاش خۆی بۆ بە جێ هێشتووین، لێرەدا نێوی هەندێکیان دەبەین:

١- بیرەوەریی سیاسیی خۆی لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی( چاپ نە کراوە)،

٢- کورتەیەکی مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی شاری مەهاباد(چاپ نەکراوە).

٣- ڕۆژ ژمێری بەرباخەڵ، ساڵی ١٣٢٢(١٩٤٣) لە لایەن کۆمەڵەی ژێکافەوە چاپ کراوە.

٤- کۆمەڵێ وتار لە گۆڤاری نیشتماندا.

مامۆستا مودەڕڕیسی ئەدەبدۆست و فەرهەنگخوازێکی گەورە بوو، ئەوینێکی تایبەتی بەرانبەر شیعری کلاسیکی کوردی هەبوو. بە دەستخەتی جوانی خۆی نوسخەیەکی دیوانی (وەفایی)ی ئامادە کردووە و ڕێکخستووە، کە ڕەنگە لە هەموو نوسخە چاپکراوەکان زیاتر جێگەی باوەڕ بێت.

گیانی مامۆستا مەلا قادری مودەڕڕیسی شاد بێت و ناو و یادی هەر زیندوو بێت.

□

# کتێبخانەی
# مامۆستای کورد

کتێب:

* جگەرخوین: سالار و میدیا، وهشانێن مەد، ئیستانبول ١٩٩١، ٤٢ل.

* ئەندازیار خوسرەو جاف: هیچ (ڕۆمان)، چاپخانەی ئەلحەوادیث، بەغدا ١٩٩١، ٢٤٠ل.

* جلیلی جلیل (م.س. لازاریف، م.أ. حسرتیان، شاکرو محویان، أولغا جیغالینا): الحرکة الکردیة في العصر الحدیث، ترجمة: د.عبدي حاجي. دار الرازي، بیروت ١٩٩٢، ٣٠٤ص.

* د. حامد محمود عیسی: المشکلة الکردیة في الشرق الأوسط، مکتبة مدبولي، القاهرة ١٩٩٢، ٥٠٠ص.

* فارووق حەفید(نووسین و کۆکردنەوە): هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی - بەرگی یەکەم. پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٣٤٦ل.

* پارتی سەربەخۆیی ی کوردستان: هەڵوێست، بەفرانبار ١٩٩٢، ٨+٨ل.

* م.ڕ. هاوار: شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن ١٩٩١، ٨٦٨ل.

* الشیخ عمر الغریب : القضیة الکردیة والحل الاسلامي، عرض تأریخي وسیاسي، مکتب الفرع الثالث للحزب الاسلامي الکردستاني، ٣٠ص.

* ناسری ڕەزازی : نێو لە کۆمەڵی کوردەواریدا، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩١، ٣٥٠ل.

* سلێمان قاسمیانی ـ کاکە: منالی ناو خوێن و ئاگر (شیعر)، ئینتشاراتی کانووی یارمەتی بۆ کوردستان - کوێلن ١٣٧٠(١٩٩١)، ٥٤ل.

* زەینەلابدین زنار: خوەنچە (جلد ٥)، کلام، سەرپێهاتی، مەسەلۆک و چیرۆک، ستۆکهۆڵم ١٩٩١، ٢٩٤ل.

* ئاسۆ گەرمیانی و ئامەد تگریس: کورتە مێژووی کورد و کوردستان، پەخشخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٩٧ ل.

David McDowall : The Kurds, a nation denied foreword by John Simpson( Minority Rights Group), London 1992,150 p.

Martin Van Bruinessen: Agha, Shaikh and State, the Social and political structures of Kurdistan, Zed Books, London 1992, 374p.

Lale Yalçin Heckmann: Tribe and Kinship among the kurds, European University Studies, Peter Lang, Frankfurt am Main1991,328p.

Voices From Kurdistan, edited by Rachel Warner (Minority Rights Group), London 1991, 20 p.

Mustafa Al-Karadaghi : A Report on the Kurdish Situation Following Allied With drawal from Kurdistan, on July15, Kurdish Human Rights Watch, 1991, 46p.

M. Reza Hamzeh'ee: The Yaresan, A Sociological, Historical and Religio-Historical study of a Kurdish Community, Klaus Schwarz Verlag, Berlin 1990, 308 p

Ferhad Shakely : Kurdish nationalism in Mam u Zin of Ahmad-i Khani, Kurdish Institut of Brussels 1992, 146 p.

## رۆژنامە و گۆڤار

* رەوشەن، کۆڤارا چاندی، هەژمار ١، سبات ١٩٩٢، ناڤەندا چاندا مەزۆپۆتامیا، ئیستانبول.

* وەلات: رۆژنامەیا هەفتەیی، خوەدی: زوبەیر ئایدار، سال:١، هەژمار: ١، ٢٢– ٢٨ سبات ١٩٩٢.

* مەڵبەند: بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردە لە لەندەن. ژمارە: ٢٤(جانواری ١٩٩٢)، ٢٥(فێبروواری ١٩٩٢).

* رووناکی: ئیسلامی، سیاسی، گشتی، ئۆرگانی حزب الله -ی شۆرشگێری کورد، ژمارە: ١، ساڵی یەکەم، رەمەزانی ١٤١٢.

* رێگای ئازادی: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق ، ژمارە: ٧٤، کانوونی دووەم ١٩٩٢، ساڵی دەیەم.

* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی - ئەدەبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (کوردستانی ئێران)، ژمارە : ٦٣، ساڵی حەوتەم، رەزبەری ١٣٧٠.

* بارزان : رۆژنامەیەکی گشتییە، ژمارە (٩) ، فێبرووەری ١٩٩٢ ( لە ئەمریکا دەردەچێت).

* کرمانج: گۆڤاری کۆڕی رۆشنبیریی لاوانی کورد، ساڵی ١، ژمار: ٢-٣، پایز و زستانی٢٦٩٠.

* دلانپار: دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان (فینلاند)، ژمارە: ٧، ساڵی ١٩٩١.

* کۆمار: ساڵی دووەم، ژمارەی ٩-١٠.

* كردستان المجاهدة: مجلة سياسية جامعة تصدر عن مكتب الفرع الثالث للحزب الأسلامي الكردستاني، العدد الأول، السنة الاولى / كانون الاول-ديسمبر ١٩٩١.

* وان: گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد- سوێد، ژمارە: ١، ١٩٩٢.

* یەکگرتن: گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە، بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە (کۆپنهاگن - دانمارک)، سەرنووسەر:هەڵکەوت عەبدوڵڵا، ژمارە: ١٤، کانووی یەکەمی ١٩٩١.

* ئاوێنە: ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی (تاران)، ژمارە ٩، ساڵی ١٣٧٠.

* پەیڤ: گۆڤارێکی رۆشنبیریی وەرزیی گشتییە، مەڵبەندی رۆسنبیریی کورد لە لەندەن بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە: ١٥/ ١٩٩٢.

Kurdernas vänner i Sverige, 1/ 92, Februari 1992, årgång 5,

Procedings of the Annual Conference of Kurdish National Congress of North America, Volume 4, No.1, December, 1991.

KurdistanForum, Herausgegeben Vom Kurdischen Zentrum, Österreich, Jahr 3, nr 2, December 1991.

Kurdistan Report : for afree , Independent-Kurdistan, published by Kurdistan Solidarity Committee and Kurdistan Information Centre, UK, number 7, March 1992.

Kurdistan News letter: Pulished by Kurdistan Information Center and Kurdi+stan Solidarity Committee, no 1, 15 No+vember 1991.

News Letter: Kurdish National Congress of North America, volume 4, Issue 2, feb+ruary 1992.

# رانانی کتێبان

## یەکێتیی سۆڤێت و عیراق

THE USSR AND IRAQ,
BY OLES M. SMOLANSKY AND BETTIE M. SMOLANSKY.
DURHA,NC AND LONDON: DUKE UNIVERSITY PRESS, 1991.XI+
292 PAGES. NOTES TO P.331. BIBL. TO P. 340. INDEX TO P.
364.$ 55.00 CLOTH. $24.95 PAPER.


کارۆل ر. سایڤیتز

لەبارەی سیاسەتی سۆڤیەتەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گەلێ لێکۆڵینەوە نووسراون، لە لایەن نووسەرانی سۆڤیەت و ڕۆژئاواوە، بەلام کەم شیکردنەوەی قووڵ لە بارەی پێوەندیی دوولایەنەوە هەیە. بە پێچەوانەوە، کتێبەکەی ئۆلیس و بێتتی سمۆلانسکی بە درێژا باسی مێژووی درێژو ئاڵۆزکاوی پێوەندیی نێوان مۆسکۆ و بەغدا دەکات. بە ورد بوونەوە لە مەسەلەکانی دوولایەنە، سمۆلانسکییەکان وێنەی سروشتی ئاڵۆزکاوی پێوەندیی زلهێزو مەعمیل دەکێشن، بە تایبەتی لە ناوچەیەکی زووگۆڕی وەک ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.



نووسەران بە شیکردنەوەیەکی «کارتێکردن» دەست پێ دەکەن و ئەمجا زۆر بە وردی پێوەندیی عیراق و سۆڤیەت لە مەسەلەکانی تێکەڵاوی بەرژەوەندی هەردوو لا دەکۆڵنەوە. ئەم بەرژەوەندانە مەسەلەی کورد، خۆماڵی کردن و گەشە پێدانی پیشەسازیی نەوتی عیراق، پارتی کۆمونیستی عیراق، مەسەلەکانی ناوچەیی و شەڕی عیراق- ئێران دەگرنەوە. بەم چین لە سەر چین دانانەی باسەکان، خوێنەر وا لێدەکرێ لە سروشتی ئاڵۆزکاوی پێوەندیی بەغدا- مۆسکۆ تێبگات.

سمۆلانسکییەکان بە بەرکاهێنانی سەرچاوەی سۆڤیێتی و عیراقی، وا دەکەن کە مرۆڤ لە سیاسەتی عیراق، بە سیاسەتی دەریشەوە، هەروەها پێوەندی مۆسکۆ و بەغدا تێبگات. تێکڕا بەشەکانی کتێبەکە ئەوە نیشان دەدەن کە «... هەوڵ و تەقەلای هێزەگەورەکان بۆ کار تێکردنی وڵاتانی کەمهێزتر بەری چاکتر بەوە دەگرێ کە زیاتر خەریکی ئەوە بن بۆ ناوچەی بەرژەوەندیی ناوکۆ بگەڕێن...»(ل.-٢٩٢). کرێملن نەیتوانی پارتی کۆمونیستی عیراق بپارێزێ. لە باتی ئەوەش نەیدەویست پشتی کوردەکان بگرێ، ئەگەرچی بانگاشەی ئەوەشی دەکرد کە دۆستی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتییە. هەروەها کرێملن سەبارەت هێرشی عیراق بۆ سەر ئێران لە سێپتامبری ١٩٨٠دا ئاگادار نەکرابوو. سۆڤیێت، پاش هەڵگیرسانی شەڕەکە، ناردنی چەکی بۆ عیراق راگرت، بەڵام- بۆ ئەوەی هەموو پێوەندییەکان نەپسێنێ- مۆسکۆ رێگای دا بە هاوپەیمانەکانی خۆی لە پەیمانی وارسۆدا کە پارچەو تفاقی سپێر بدەنە بەغدا. لە کۆتاییدا، توانستی بەخشندە بۆ کار تێکردنی سیاسەتێکی تایبەت یا رەوتی کۆمەڵە رووداوێک پێوەندیی بە بەرچاوی و گرنگیی باسەکەوە بۆ هەر دوولاو هەروەها بەهاوچەشنیی بەرژەوەندەکانی دیکەوە هەیە.



کتێبی THE USSR AND IRAQ نرخێکی مێژوویی گەورەی هەیە بەوەی نووسەران پێوەندیی دوو لایەنەی ئەو قۆناخە شی دەکەنەوە کە لووتکەی بەرژەوەندەکانی سۆڤیەت بوو لە جیهانی سێیەمدا. دیسانیش، ئەگەرچی ورد بوونەوە لە پێوەندییەکانی دوولایەنە هێزی سەرەکیی ئەم کتێبەیە، پرسیاری بایەخی رژێمیی عیراق بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بە بێ وەرام بەجێ هێڵراوە. ئایا لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٢، و بە تایبەتی پاش ١٩٨٧، یەکێتیی سۆڤیەت دەیتوانی زیاتر کار بکاتە سەر عیراق، ئەگەر هاوکات خەریکی دۆستایەتی کردنی ئێران نەبووایە؟! یاریی تەوازون راگرتن کە سۆڤیەت زۆر بە وریایی لە شەڕی ئێران- عیراقدا دەیکرد، لەوەیە سنووری بۆ کارتێکردنی سۆڤیەت لە عیراق دانابێ.

ناتەواویی سەرەکیی کتێبەکە ئەوەیە کە هەمان شیکردنەوەی قووڵی لە بارەی قۆناخی گۆرباچۆڤەوە تێدا نییە. دوای رووداوانی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە ١٩٨٥ بە دواوە، لە هەمان شێوە وردبوونەوە لە مۆدێلی کارتێکردن دەیتوانی رووناکییەک بخاتە سەر رەگەزەکانی بەردەوامی و گۆڕان لە سیاسەتی مۆسکۆدا بەرانبەر عیراق و خەلیج.

وەک لێکۆڵینەوەیەک لە قۆناخی پێش گۆرباچۆڤ، کتێبی سمۆلانسکییەکان بەشدارییەکی گرنگە لەو ئەدەبەدا، بە سایەی وردبوونەوەی شیکارانەو قووڵی گشتلایەنەوە

CAROL R. SAIVETZ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووسی، زانستگەی هارڤارد.لە گۆڤاری THE MIDDLE EAST JOURNAL وەرگیراوەو کراوە بە کوردی..

# کورد لە ڕوانگەی نووسەرێکی عەرەبەوە

مونزیر ئەلمووسلی: ژیانی سیاسی و حیزبی لە کوردستان، بۆچوونێکی عارەبانە دەربارەی دۆزی کورد، پەخشخانەی ریاض الریس ـ لەندەن ـ قوبرس، ٣٧٨ل.

منذر الموصلي: الحياة السياسية و الحزبية في كوردستان، رؤية عربية للقضية الكردية - رياض الريس للكتب و النشر، ايار - مايو ١٩٩١ - لندن - قبرص، ٣٧٨ ص.

لە پەراوێزی پشتە بەرگی کتێبەکەدا - نووسەر بەم شێوەیە خۆی بە ئێمە دەناسێنێ: مونزیر ئەلمووسلی نووسەرێکە عارەبە و خەڵکی سووریایە و هەر لەوێ سەرپەرشتیی گەلێک کاری ئەمنی و کارگێڕی و ڕاگەیاندنی کردووە. نووسەر لەو ناوچە نائاسوودانەی ڕەگەزی دانیشتووانی کوردە، ئەفسەر بووە. هەر لەو دەمەوە خەریکی دۆزی کوردە و هەوڵی داوە، لە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی‌یەوە، ڕێگەی پتەو کردنی پێوەندیی نێوان ئەو دوو گەلە دراوسێیە خۆش بکات. تا ئێستا دو کتێبی دیکەشی دەرچوون:

عەرەب و کورد (عرب وأكراد)

وردبوونەوەیەک لە شەڕی خەلیج- عەرەب و فارس.

(قراءات في حرب الخليج - عرب وفرس)

نووسەر لەم کتێبەدا روون و ئاشکرا خۆی دەکاتە پارێزەرێکی دڵسۆز و بە ئەمەکی بیری بەعسایەتی و نەتەوە پەرستی عەرەب و هەر ئەمەشە وای لێ دەکات لە چەند شوێنێکدا قسەی نابەجێ و سەیر بکات و تەنانەت لە سنووری ئەدەبی نووسین و گفتوگۆش دەر بچێ و پەنا بەرێتە بەر ڕستەی وەها کە پتر بۆ جوێن و شکاندنەوە و بە سووک سەیر کردن دەست بدات نەک بۆ کتێبێکی سیاسی وەک بۆ خۆی پێی خۆشە ناوی لێ بنێ. هەر بۆ نموونە لاپەڕەی ٢٧٦

« ئەی کوردینە، هەر نەبێ بەشێکتان، داواتان لێ دەکەین عاقڵ بن، سوود لە زانست وەرگرن...»

جاروبار بیروڕا و دەربڕینی جوان و مەردانە دەکەوێتە بەر چاو:

« چاکترین گوتە بۆ کۆتایی ئەم پێشەکییە دەست بدات، ئەوەیە بڵێم، من بە چاوی دوا ڕۆژ سەیری کوردستان دەکەم، کوردستان یەک نیشتمان بێ و یەکگرتوو، بە هاوکاری و پشتگیریی نەتەوەی عارەب...» ئەگەر خۆم لە تاک و تەرای کۆیلە و دێڕی بەلای خۆمەوە جوان یان ناشرین دوور بگرم و هەوڵ بدەم هێڵە سەرەکییەکانی کتێبەکە بدۆزمەوە، ئەوا هەر زوو بۆم دەردەکەوێ کە ئامانجی ئەم کتێبە لە چەند خاڵێکدا کۆ دەبێتەوە:

یەکەم: پشتگرتن و لەسەرکردنەوە و ڕووسپیکردنەوەی عارەب و حکوومەتانی عارەب، لە هەر کارێکدا کردوویانە و دەیکەن بەرانبەر نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد. ئەم هەوڵدانە هێندە بە پەلە و بە جۆشە، پێم وایە تەنانەت ناکوردیش هەست بەکرچ و کاڵی و دەمارگیریی و نەفەسسواریی نووسەرەکەی دەکات.

لەوە دەچێ مووسلی بیەوێ بەم کتێبە زامی هەڵەبجە و ئەنفالە ڕووڕەشەکەی بەعس، لە گیانی کوردەواری و لەشی کوردستان، بیرژێنێتەوە، ئەوەتا لە لاپەڕە ١١٠ دا دەنووسێ: (... لێرەدا خۆم بە ناچار دەزانم بڵێم ئەگەر کەسێک بیەوێ عێراق، واتە عارەب لەم خراپەکارییە بگێنێ، ئەم خراپە کارییە کە دوورە لە ڕەوشتی نەتەوەی عارەب، لە داب و نەریتی تاقیکردنەوەی مرۆڤدۆستانەی ئەوان لە گەڵ گەلان - ئەوا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە و ئەوانەی پێشی و ئەوانەی پاشی، وەرامدانەوەی بەجێی ئەو بۆچوونانەیە ... )

لە لاپەڕەی ١٩٩دا دەڵێ: « ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە جاروبار، لە ژووروی عێراق پێکدادانی چەکدارانە ڕووی داوە، بەڵام بەرهەنگاربوونەوەی حکوومەتی نێوەندی عێراق لە هەر کات و دەمێکدا - دژی جووڵانەوەی چەکداری جودایە لە پەیڕەوی کردنی سیاسەتێکی شۆڤینی گشتگر دژی هەموو گەلی کورد، ئەمەیان هەرگیز ڕووی نەداوە. تفەنگی عارەبی یا عێراقی ڕووی نەکراوەتە سنگی کورد، مەگەر بۆ ڕێ گرتن بێ لە کارێکی دوژمنکارانە کە لەودیو سنوورەوە پارەی پێ درا بێ و دژی ئەوانە بێ کە بە یارمەتیی دژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عارەب، پەلاماری ئەم بزووتنەوەیە دەدەن. هەر هەڵگرتنی چەک دژی عێراق، لە کاتێکدا کە عێراق خەریکی جەنگی نەتەوەیی‌یە دژی پەلاماردانی ئێران، ...... (کورد) تووشی ئازار دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کاری سەرشکێن و دڵڕەقانەی بەرانبەر بکرێ. ...»

ئەوجا وردە وردە نێزیکتر دەبێتەوە، تا دەگاتە لاپەڕە (٢٠٥):

« پێشەکی دەزانم کە خەڵک زۆرن بپرسن، ئەی ئەو باسەی، گوایە لەشکری عێراق، یەکسەر پاش وەستانی شەڕی خەلیج، چەکی کیمیاویی دژی کورد بەکار هێناوە؟ من دەڵێم، ڕاستگۆشم و بڕوام بەوە هەیە کە دەیڵێم، ئەگەر بۆم سەلێندرابا و بڕوام هێنابا بەو درۆ هەڵبەستراوە ورووژێنەرە، ئەوا لێرەدا دەمنووسی و دژیشی دەوەستام، بەوەش دژی ڕووداوێک دەوەستام نەک دژی گەلی عارەب لە عێراق. بەڵام درۆیەکی زلە، داوودەزگای ئیمپریالیزم هەڵیان بەست و بڵاویان کردەوە، ئەو داوودەزگایانەی نەیانهێشت عێراق و سەرکردەکانی یا عەرەب بەگشتی خۆشی لە سەرکەوتنەکەی شەڕی خەلیج بنۆشن... عەبدوڕەحمان قاسملوو و زۆر سەرکردەی دیکەی کورد، ئەم قسەیەیان بەدرۆ خستەوە. لە ڕۆژنامەیەکدا ئەم پرسیارەیان لە دوکتۆر قاسملوو کرد: ئێزگەی ڕادیۆی بەریتانی وای بڵاو کردۆتەوە کە تۆ وتووتە عێراق چەکی کیمیاویی بەکار هێناوە؟ قاسملووش گوتی :« ئەم خەبەرەم بەدرۆ خستۆتەوە، کاتێ دەربارەی چەکی کیمیاوی پرسیاریان لێ کردم، گوتم، بە گشتی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویم و دەشڵێم کە ڕاپۆرتەکانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، پاش ئەوەی چووبوو بۆ ژووروی عێراق، نەیسەلماندووە کە هیچ نیشانەیەک هەبێ بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. ئێمە بۆ خۆشمان نزیکین لەو ناوچانەوە، هیچ نیشانەیەکی وەهامان نەدیوە، لە بەر ئەوەش ناتوانم باسی شتێک بکەم نەمدیبێت. دیوە ڕژێمی ئێران دووجار چەکی کیمیاویی دژی کوردی ئێران بەکار هێناوە... یەکەم جار ساڵی ١٩٨١ و دووەم جار ڕۆژی ١٦ی ئابی١٩٨٧....» قسەکانی قاسملوو لە گۆڤاری « کل العرب» ی پاریس، ژمارە ٣١٩، ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەم/ ئوکتۆبەری ١٩٨٨دا بڵاو کراوەتەوە.

سەیر ئەوەیە، پاش ئەم هەموو پاکانەو چاوگیری و شایەت هێنانەوە، ناچار دەبێ لە لاپەڕە(٣١٠)دا بە دەم شکاندنەوەی مام جەلالدا ئەم چەند دێڕە بدرکێنێ:

« لە سەرەتای ١٩٨٩دا، چوونە ژوورەوەی ئێرانیکانی بۆ نێو هەڵەبجە ئاسان کرد و بوو

به هۆی ئەو کارەساتە. ئەویش – مام جەلال – ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ: ئێرانییەکان چەند ڕۆژێک پاش گرتنەکە هاتنە هەڵەبجەوە نەک لەگەڵ ئەودا هاتنە هەڵەبجەوە. ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بۆچی نەیدەزانی گرتنی هەڵەبجە، بەلای سەرکردەی عێراقەوە و بەلای کەسێک کە ئاگادار و بە پەرۆشی ڕێڕەوی شەڕەکەوە بووبێ، ئەوە دەگەیەنێ کە ئێرانییەکان لەوانە بوو بگەنە دەورووپشتی بەغدا و مەسەلەکە بەو ئاسانی و بێڕەوشتییە نابێ. ئاشکرایە کە وەرامی سەربازیی عێراق بارتەقای کەوتنی شارۆچکەیەکی سنووریی نەبوو، بەڵکە بە بالای ئەو مەترسییە بوو کە دەکەوتە سەر ئەنجامی شەڕەکە. ڕاستە وەلامەکەی عێراق توند و بەلاکەرەوە و دڵڕەقانە بوو، بەلام ئاراستەی کورد نەکرابوو، ئاراستەی ئەو سنوور شکاندنە لە ناکاوەی ئێران، بە یارمەتی کوردی ڕێخۆشکەر، کرا بوو.» ئیدی خۆ کابرا لە خۆی ناپرسێ چما ئەو دەرمانەی یەکسەر نەکرد بە تاراندا، یا دیمەشقدا، مەگەر دیمەشق هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەو شەڕەوە پشتگیر و هاوپەیمان و ڕێخۆشکەری تاران نەبوو؟!. دوا نموونە بۆ ئەم پاکانەو ڕووسپیکردنەوە بێ سەروبەرە ئەم چەند دێرەیە لە پەراوێزی (٨٥–٨٦)دا دەربارەی کوردە فەیلییەکانی عێراق: « ئەم جالییە ئێرانییە فارسە ئەوەیە کە لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئێرانەوە بۆ ماوەی ٤٦ ساڵ – وەک باسمان کرد – بە جێ ما ... هەر ئەو جالییەشە کە نەوەکانیان بوونە برینێکی شاراوە لە مێژووی نزیکی عێراقدا. جنسییەی عێراقیشیان وەرگرت بەلام بەشێکی زۆریان، دڵ و دەروونیان هەر لای نیشتمانەکەی خۆیان مایەوە. کاتێ خومەینی هاتە سەر حوکوم لە ئێران، ئەمانە کەوتنە چالاکی دژی عێراق. بەشێکی زۆریان بوونە ئەندامی حیزبی دەعوە و لە شەڕی خەلیجدا لایەنی ئێرانیان گرت دژی لەشکری عێراق، ئەگەرچی جنسییەی عێراقییان هەبوو، بیانوویان ئەوە بوو دژی ڕژێمی عێراقن. ئەگەر چاو لەوەش بپۆشین و قسەکەیان بسەلمێنین، ئایا ئەوە ڕێی ئەوەیان دەداتێ گوللە بنێن بە سنگی ڕۆڵەکانی لەشکری عێراقەوە ـ لەشکرێک خاکی نیشتمانی خۆی دەپارێزێ؟ ئایا کە ڕژێمی سیاسی هەستی بە لایەنگریی ئەوان کرد بۆ ئێران وەک تابوورێکی پێنجەم، ناحەقی بوو دەری کردنە ئەودیو سنوور...» ئیدی هەر چۆنێک بێ، هەر ئەوان ڕاستن و ئەگەر خراپە و چەوتییەک بووبێ ئەوا هەر دەبێ تاوان و خراپەی کورد بێ و کە زۆریشی بۆ هات ئەوا دەبێن بە فارس و بە عوسات و دەردەکرێن و دەکوژرێن لەپێناوی ئوممەی عارەبیدا.

دووەم: کلک و گوێ کردنی نەخشەی خاکی کوردستان. ئەم مەسەلەیە بەلای نووسەری بەڕێزەوە زۆر گرنگە ـ هەوڵێکی بێوچان دەدا، بۆ ئەوەی زوو بەزوو بۆمان یا پێمان بسەلمێنێ کە بەشێکی زۆری خاکی کورد کوردستان نییە. بە تایبەتی لە سووریا و لە عێراق و لە خوار کرماشانەوە، ئیتر هەر ناوچەیە و دەچێتە ناو و هەر کوردە و لەو نێوچانە و دەبنە میوان. کوردستان لە سووریادا نییە، خانەقین و کەرکووک و ناوچە کوردییەکانی پارێزگای مووسڵی ئەمڕۆ هەر نیشتمان و خاکی بێغەل و غەشی عارەبە. بەلامەوە سەیرە مرۆڤێک سەر بە نەتەوەیەکی دووسەد ملیۆنی بێ و خاکی بە سەر ئاسیا و ئەفریقادا پان بووبێتەوە و دەروازەی لە سەر پێنج شەش زەریای گەورە هەبێ، خاوەنی مێژوویەکی دێرینی سفت و سۆڵی وەک مێژووی عارەب بێ، پشتی بە ئیسلامێکی هەزاروچوارسەد ساڵە قایم بێ، لە بری یەک، بیست و ئەوەندە دەوڵەت و نیمچە دەوڵەتی هەبێ، کەچی لە ئاست نووسێ شارو گوندی کوردی داماو و بێ پشت و پەنادا هێندە چاوچنۆک و بێ ویژدان بێ.

سێیەم: سووککردن و شکاندنەوەی گەورە پیاوانی کورد. ئەم خاڵەیان بە پێچەوانەی

خاڵەکانی دی، هێندێ وردکاری و پەناوپێچی تێدایە، بەڵام خوا هەڵناگرێ بە دەگمەن نەبێ، دەمڕاست و برا گەورەیەکمان نابوێرێ. ئەگەر کوردێکی کەمێک وریەبرداو بکەوێتە داوی ئەم دێرانەوە، هێدی هێدی دەرووخێ و هەموو هیمایەکی پیرۆزی دوێنێ و ئەمڕۆی لا کاڵ دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش فێڵێکی سیاسیی کۆنە، مەبەستیشی ڕووخانی بنەما دەروونییەکانی تاکە تاکەی ئێمەی کوردە. هەر دەم دەکاتەوە یەخەی مەلیک - شێخ مەحموودی نەمر دەگرێ و دەیکاتە داردەستی ئینگلیز، هەروەها شێخ ئەحمەدی بارزانی - مەلا مستەفا نە جارێک، چەند جارێک دەبێتە پیاوێکی گێل و نەفام، ئیمپریالیزم بە نەوتی کەرکووک دەیخەڵەتێنێ و دەیکات بە گژ عارەبدا. عەلی سەیدۆگۆرانی و محەمەد ئەمین زەکی مێشکی لاوانی کوردیان بە قسەی بێ بەڵگە تێکداوە. سەلاح بەدرەدین - لە بەر ئەوەی بە هەژدە لاپەڕە وەرامی نووسەر دەداتەوە و هێندێ بەشی سووریا بە کوردستان دەزانێ - دەبێ بە « سوورییەکی لاساری دژی عەرەبایەتیی سووریاو سنووری نەتەوەیی سووریا». سەیرە سووریا، لە بەختی ئێمەدا، سنووری نەتەوەیی بۆ درووست دەبێ! مەگەر سووریا بە بۆچوونی ئەو نووسەرە بەشێک نییە لە وڵاتانی عارەب. دەی بە هەرحاڵ نەک هەر بەناوی عارەبەوە بەڵکە لە جیاتی ئێمەی کوردیش سەرشکێن و تاوانباری دەکات. هەژار و شیعرەکەی « نەفتم ئاوی ژیانە ...»، کامەرن بەدرخان، حیزبی هیوا و سەرکردەکانی دەبنە پیاوی ئینگلیز، کاژیک « پێوەندی بە ئێرانەوە هەبوو »، «دەیویست لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندی ببەستێ» ... لە دیهاتەکانی سەر بە مەلامستەفا سەری هەڵدا! مەسعوود بارزانی، مام جەلال، سامی عەبدورەحمان، نەوشیروان ...هتد. بەم جۆرە سەیر دەکەی هەرچی پیر و لاوی کورد هەیە هەر هەمووی یا پیاوی ئینگلیز و ئیمپریالیزمە یا نۆکەری ئیسرائیلە یا ئەڵقە لەگوێی ئێرانە.

چوارەم: ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی بەشێک لە سیاسەتی ئێران و تورکیا دژی نەتەوەی کورد. لەم خاڵەدا نووسەر بەڵگەی ڕێک و بەجێی هێناوەتەوە و لە زۆر جێدا پیاوانە لە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ئەو دوو ناوچەیەی کوردستان دەکات و دژی سیاسەتی شۆڤێنیی ئەو دوو دەوڵەتە دەدوێ. مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر هەرچییەک بێت، پێم وایە ئەم خاڵەی باش پێکاوە و خۆزگە نووسەری عارەب ناوەناوە کوری کوردستانی ئێران و تورکیایان بەسەر دەکردەوە، هەر نەبێ لە بری بێ دەنگییان دەربارەی کوردی کوردستانی عێراق و سووریا. ڕێگەم بدەن با لێرەدا یەک دوو نموونەتان بۆ ڕاگوێزم: لە لاپەڕەی نەوەد بەولاوە نووسەر لە بیرەوەرییەکانی « تەوفیق ئەلسویدی » کە سیاسەتمەدارێکی کۆنی عێراقە و لە ساڵی ١٩٣١دا ( وزیر مفوض ) ی عێراق بووە لە تاران، چەند دێرێکمان بۆ دەهێنێتەوە و تیایاندا سیاسەتی دژمنکارانەی شای ئێرانمان پیشان دەدات: « سویدی دەڵێ: ( کاتێ ئەندامانی مفەوەزییەتەکەم بە شا ناساند - سکرتێری یەکەم و مولحەقی یەکەم بوون، شا پێی گوتم: - ماشەڵا چەند تەندروست و قۆزن، ئایا ئەمانە عارەبن؟ منیش بە زەردەخەنەیەکەوە وەرامم داوە: - بەڵێ، عەرەبن ). - هەڵبەتە شا دەیویست سویدی دڵنیای بکات کە ئەو دوو کەسە کورد نین. لە لاپەڕەی ٩٣دا، وتووێژێکی نێوان سویدی و وەزیری دەربار (عبدالحسین تیمور طاش) تۆمار کراوە، بیخوێنەرەوە و بزانە ئەم دنیایە چەند سەیرە. کابرایێ کە لەو دەمەدا ئێران بتەوترین پێوەندییان بە ئینگلیزەوە هەبوو، بۆ کابرای عێراقی - کە ئەمیش خۆی و حکوومەتەکەی هەر سەر بە یان لە ژێر فەرمانی ئینگلیزدا بوون - ڕوونی دەکاتەوە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود - کە دژی ئینگلیز بوو - هەرایەکە بە هاندانی

ئینگلیز هاتۆتە کایەوە! خوا نەیبڕێ ئەم هەموو پیاوە بەرزە چییە دەوریان داوین.

هەر لە باسی ئینگلیز و بەڵای ئینگلیز بە سەر کورددا ، لە لاپەڕەی ١٤٤ - ١٤٥دا نووسەر باسی ئەوە دەکات چۆن " ئینگلیز پشتی کوردی بەردا و دەوڵەتێکی عێراقی یەکگرتوو و حکومەتێکی نیوەندی لە بەغدا درووست کرد " و چوار هۆ دەهێنێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە، خاڵی چوارەم ، بۆ پێکەنین باشە، فەرموو بنۆڕە: « ٤- چونکە درووستکردنی دەوڵەتۆکەیەکی کوردی، یا هەر نیوچەیەکی ئۆتۆنۆم، هەژار و دەست کورت دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە، بە بێ کۆمەکی بریتانیا ناتوانێ ژین و گوزەرانی بەردەوام بێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارێکی گران بکەوێتە سەر دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیست کە بەوە ڕاهاتووە گەلان دابدۆشێ نەک بژێنێ. لەبەر ئەوە وای پێ باش بوو ئەرکی گرانی کورد بدات بە کۆڵی ئەو دەوڵەتە عێراقییەی درووست دەبێ ...»

نووسەر لەوە دەچێ لە بیری نەمابێ کە لە لاپەڕەی ٢٧دا باسی دەوڵەمەندیی خاکی کوردستان دەکات. بەڵێ قوربان ئێمە و نیشتمانە پڕ خێرەکەمان ، بە قسەی ئەم بەڕێزە، بووین بە ئەرک بە سەر عێراقی هەش بەسەرەوە. نازانم بۆ ئەو عێراقە غیرەتێ ناداتە خۆی و کوردستان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە؟!

ئاسۆس کەمال □

---

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە

- ماچ (شیعر)
- هەڵەبجەی شەهید (شیعر)
- ڕوونکردنەوەیەک بۆ : دال نوقتە جیم حەیدەری (وەرامدانەوە)
- هەڵەبجە مژدە، جەلادەکەت تۆ خۆش (شیعر)
- ئێوە دوژمنی هەموو گەلانن، بۆیە هەموو گەلانیش دوژمنی ئێوەن؟!
( وتاری سیاسی)
- کورد و سیاسەتی وڵاتانی دونیا ( لێکۆڵینەوەی مێژوویی وسیاسی)
- بیرەوەری ڕوونکردنەوەیە، یان دەبێ ڕوون بکرێتەوە ؟! سەرنجێک لە مەڕ پێنجەمین بەرگی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی (ڕەخنە)

ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە.

# زنجیرە سیمینارێک لە بارەی کوردستانەوە،

# لە تورکیا...!!

وادیارە هەلومەرجی سیاسیی ئێستای تورکیا برێک ترسی رەواندۆتەوە. ناو هێنانی کوردو کوردستان، وەک جاران، تاوان نییە و مرۆڤی لەسەر ناکوژرێ. ئەم سیاسەتە، چ بەرهەمی گۆڕانکارییە گرنگەکانی جیهان بێت، دوای هەرەس هێنانی کامپی سۆسیالیست، و چ قایمکارییەک بێت بەرامبەر پەرەسەندنی خەباتی سیاسی و چەکدارانەی کوردستانی تورکیا، ئەنجامەکە ئەوەیە لە بواری فەرهەنگیدا، رێژیمی تورکیا چاوپۆشی دەکات و رێگە بە کارو چالاکیی فەرهەنگی دەدات.

لەماوەی چوار پێنج مانگی رابردوودا دەیان کۆمەڵەو گرۆی فەرهەنگی کوردی لە کوردستان و لە شارە گەورەکانی تورکیا خۆیدا دامەزراون. ئەم کۆمەڵانە چالاکیی جۆراوجۆریان هەیە: چاپکردنی کتێب، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردی، گۆرانی، مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، سیمینار، کۆرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و ...هتد.

ناڤەندا چاندا مێزۆپۆتامیا (ناوەندی فەرهەنگی میسۆپۆتامیا) یەکێکە لەو دەزگا چالاکانەی کە لە ئەستەمبوڵ و لەشارەکانی کوردستان لکی هەیە. ناوەند گۆڤاری «رەوشەن» بڵاو دەکاتەوە و ئێستا خەریکی دامەزراندنی ئەنیستیتوتی کوردین لە ئەستەمبوڵ، وان، دیاربەکر و هێندێ جێگای‌تر.

بێجگە لە «رەوشەن» رۆژنامەی «رۆژنامە» و «وەڵات» یش بڵاو دەکرێنەوە. رۆژنامە لەسەرەتای ئەم ساڵدا ژمارەی سفری خۆی بۆ تاقیکردنەوە بڵاو کردەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.«وەڵات» لە لایەن ئەندامێکی کوردی پارلەمانی تورکیاوە، «زوبەیر ئایدار»، سەپەرشتی دەکرێ ونیاز وایە حەفتانە دەربچێ.

ئەم جم و جووڵ و وریا بوونەوەیە تەنها ریزەکانی رووناکبیران و لاوان و خوێندکارانی کوردی نەگرتۆتەوە، بەڵکە لە ناو رووناکبیرانی تورکیشدا، ئەمڕۆ، گەرمترین مەسەلەو باس و خواسیان مەسەلەی گەلی کوردە. لە رۆژنامەکاندا سەدان و هەزاران وتارو لێکۆڵینەوە دەنووسرێن. ئەگەر جاران تەنها رووناکبیرێکی تێکۆشەری وەک دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی دۆستایەتی و پێشگیریی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕی و لە پێناوی بیرو باوەڕەکانیشیدا ساڵانی دوورو درێژی زیندان و ئەشکەنجەی بۆ دەبڕایەوە، ئەمڕۆ سەدان هونەرمەند و شاعیرو رۆژنامەنووس بە ئاشکرا باسی یازدە میلیۆن کورد «لە تورکیا» و باسی دەوڵەتی کوردستان دەکەن. تا ئێستا کەسیان تووشی مەترسییەک نەهاتوون. بەڵام ئایا ئەو هەلومەرجە تازەیە تا کوێ دەڕوا؟ ئەمە پرسیارێکە کەم کەس دەیەوێ بە ڕاستی بیکاتە مایەی نیگەرانی بۆ خۆی. لەوەش کەمتر دەتوانن وەرامێکی رێکوپێکی بدەنەوە.

بیلار Bilar دەزگایەکی زانستییە، کۆمەڵێ رووناکبیرو ئاکادیمی و نووسەری تورک دایانمەزراندووە و دەیبەن بەڕێوە. ئەم دەزگایە خەریکی کارو باری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەو خۆی بە زانستگەیەکی ئالتەرناتیڤ دادەنێ.

لەپاییزی ۱۹۹۱وە بیلار دەستی کردووە بە رێکخستنی زنجیرە سیمینارێک لە بارەی مێژوو، سیاسەت، کۆمەڵناسی، زمان و ئەدەبی کوردییەوە. سیمینارەکان لە ئەستەمبوڵ،

لەبارەگای بیلار دەبرێن بە ڕێوە و ئەوانەی ئامادەی دەبن ڕووناکبیرو خوێندکارانی کورد و تورکی ئەو شارەن. بیلار کۆمەڵێ پسپۆری بانگهێشتن کردووە بۆ دوان لە بارەی لایەنی جۆربەجۆری مەسەلەی کوردەوە. لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩١ یەکەم سیمینار بۆ دوکتۆر مارتین فان برونەسن ڕێک خرا. فان برونەسن باسی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی کرد. سیمیناری دووەم هی دوکتۆر فیلیپ کرەینبروک، مامۆستای زانستگەی لەندەن، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئافریقایی، بوو، کە بۆ باسی زمانی کوردی تەرخان کرابوو. سیمیناری سێیەم هی فەرهاد شاکەلی بوو، کە ڕۆژی ١٩٩٢/٢/١٥ی بۆ دانرابوو. شاکەلی لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی شیعری کوردییەوە پێشکەش کرد. شایانی باسە کە هەر سێ سیمینارەکە بە زمانی ئینگلیزی بوون و هاوکات دەکران بە تورکی. بە گوێرەی بەرنامەی بیلار دەبێ چەند زاناو لێکۆڵەرەوەی دیکە بانگ بکرێن، لەوانە ژێرار شالیانگ (فرانسە)، مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی (سویسرا) و لالە یالچین- هێکمان (ئەڵمانیا) و چەند کەسی دیکەش.

ئەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی تورکیا چەندە ناسک و تەماویش بێ، ئەنجامەکەشی هەرچییەک بێ، دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی کوردستانی تورکیا بیقۆزنەوە و لە پێناوی وریاکردنەوەی گەلی کورد و پێگەیاندنی نیشتمانپەروەراندا بەکاری بهێنن.

م. زۆراب □

---

لە پێش ڕۆژاوایی‌یەکانا دەوڵەتەکانی عوسمانی و فارس هەر یەکە لە ترسی یەک ، بۆ ئەمە قووەت نەدرێ ئەم کۆسپەیان بە بەش کراوی لە بەینا هێشتۆتەوە، کە ویستبێتیان بچن بە گژ یەکا سەرەتا کوردەکانیان کردووە بە پێشمەرگە و داویانن بە گژ ئەوانی ترا، بەو ماوەیە کە خەریکی کوژران و لە ناو بردنی ئەمان بوون ئەوان بۆ خۆیان ڕێک کەوتوونەتەوە و هەریەکە لە شوێنی خۆیان دانیشتوونەتەوە و ئەمانیان هەر بەو بەشکراوییە بۆ جارێکی تر هێشتۆتەوە!.

کە ڕۆژاوایی‌یەکانیش چنگیان کەوتە ئەم وڵاتانەوە ئەوانیش وەکوو پێشینەکان لە بەر پاراستنی کاروباری خۆیان لەو حکوومەتانەدا - کە کوردیان تێکڵاون - کوردەکانیان هەروا بەو پارچەپارچەیی‌یە هێشتۆتەوە، بۆچی ؟، بۆ ئەوە هەرجارە ئەگەر ئەو حوکوومەتە کە ئەو دەستی خستۆتە جەرگییەوە و کوردیش لەوێدا ئەژی هات و ملپێچییەکی کرد لەبەر بەئەنجام گەیاندنی کاروبارەکەی ئەوا، ئەو بە کوردەکان بیانترسێنێ ، ئەمجا ، کە ئیشی بۆ چووە سەر چەپۆکێ بماڵێ بە سەر کوردەکەدا پێی بڵێ داکەوە بۆخۆت ، هەقی ئەوەت نییە بژیت!.

عەلائوددین سەججادی :
شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق ، بەغدا ١٩٥٩، لاپەڕە ٣١

# Graham Greene گراهــــام گریــن




FOTO: A&A; ARKIV, CAMERA PRESS, PRESSENS BILD

سالی ١٩٠٤ له دایک بوو. دوای تەواو کردنی کۆلێجی بالیۆل، ئۆکسفۆرد، ماوەی چوار ساڵ له رۆژنامەی The Timesدا نووسەر بوو. به هۆی رۆمانی چوارەمیەوە، شەمەنەفەری ئەستەموول، ناوی دەرکرد. سالی ١٩٣٥ به لیبیریادا گەشتیکی کرد، له کتێبی «گەشتیک به بێ نەخشە»دا باسی دەکات. که گەڕاشەوە کرا به رەخنەگری فیلم له Spectatorدا. سالی ١٩٣٨ برایتۆن رۆک-ی بلاو کردەوەو سالی ١٩٤٠ بوو به بەڕێوەبەری ئەدەبیی spectator. سالی دواتر له وەزارەتی دەرەوەدا بوو به کارمەند و سالانی ١٩٤١ تا ١٩٤٣ له سیڕالیۆن مایەوە. رۆمانی «ناوچەرگەی مەسەلەکە» باسی ئەم کارە دەکات. رۆمانی گرنگی دیکەی ئەمانەن: کۆتاییی کاروبار، ئەمریکاییەکی راستەقینە، سەفەر لەگەڵ پوورمدا، کاپتن و دوژمن.

بێجگە له رۆمان، گراهام گرین چەند کۆمەڵە کورتە چیرۆک، چوار گەشتنامە، شەش شانۆنامە، دوو ژیننامە: جۆرە ژیانێک، ریگاکانی هەلاتن، و چوار کتێبی مندالانی نووسیون. گەلێ رۆمان و چیرۆکی کراونەتە فیلم.

گراهام گرین مانگی ئاپریلی ١٩٩١مرد.له مردنەکەیدا کینگسلی ئەمیس وتی: «له سەرتاسەری دنیادا هەست به نەمانی دەکرێ. تا ئەمڕۆ گەورەترین چیرۆکنووسی زیندوومان بوو». ئالیس گوینێنس وتی: «نووسەرێکی گەورە بوو، زیرەکانه قسەی بۆ نەوەیەک دەکرد. پێغەمبەر ئاسا، به شێوەیەکی سەیر بێفیز بوو». ولیام گۆلدینگیش وتی: «گراهام گرین به تەنها خۆی چینێک بوو... ئەو وەک دوا مێژوونووسی ویژدان و نیگەرانیی مرۆڤی سەدەی بیستەم دەخوێنرێتەوە و یاد دەکرێ».

چیرۆکی (مەسەلەیەکی بەرگری) له کتێبی «بیست و یەک چیرۆک» وەرگیراوە، کەپاشان لەگەڵ دوو کۆمەڵە چیرۆکی دیکەیدا کراون به یەک کتێب و به ناوی «کۆکراوەی کورتە چیرۆکەکان» له لایەن پەخشخانەی پێنگوینەوە بلاوکراوەتەوە:

Graham Greene:
Collected Short Stories, Penguin Books, London 1986, pp. 63 – 65.

کورتە چیرۆک

# مەسەلەیەکی بەرگری

سەیرو سەمەرەترین مەحکەمەیەکی کوشتن بوو کە من دیبێتم. لە سەرباسی رۆژنامەکاندا ناویان نابوو کوشتنەکەی پێکهام، ئەگەرچی، راستت بوێ، شەقامی نۆرثوود، کە پیرەژنەکەی تێدا بە پلیشاوەیی و کوژراوی دۆزرابووەوە، لە پێکهام نەبوو. ئەمە یەکێک لە مەسەلەکانی بەڵگەی هەلومەرج نەبوو کە هەست بکەیت نیگەرانیی دەستەی داوەران- لەبەر ئەوەی هەڵە رووی داوە- وەک گومەزییەکی بێدەنگی دادگاکە دادەپۆشێ. نا، بکوژەکە هەر رێکوپێک لەگەڵ لاشەکەدا بینرابوو؛ ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون کەسیان باوەڕیان نەدەکرد، کاتێ کە دەستەی دادگەران مەسەلەکەی خستە روو، کە کابرای ناو قەفەزی تاوانبارییەکە هیچ هەلێکی دیکەی بۆ مابێتەوە.

پیاوێکی قورسی کەڵەگەتی چاودەرپۆقیو بوو، سپێنەکەی چاوی سوور سوور وەک خوێنی تێ زابێ. دەتگوت هەموو ماسولکەکانی لە رانیدا کۆبوونەتەوە. بەڵێ، مەعمیلێکی هێند ناشیرین بوو کە هەر وا بە پەلە لە بیرت نەدەچووەوە- ئەمەش مەسەلەیەکی گرنگ بوو چونکە دادگا پێشنیازی کردبوو چوار گەواهـ (شایەت) بانگ بکرێن کە ئەویان لە بیر نەچۆتەوە، کە بینیبێتیان بە پەلە لە ڤیللا سوورەکەی شەقامی نۆرث وود دوور کەوتووەتەوە. لەو کاتەدا رێک سەعات دووی دوای نیوەشەو بووە.

خانمی سالمۆن، دانیشتووی خانووی ژمارە پانزدەی شەقامی نۆرثوود نەیتوانیبوو بخەوێ، گوێی لە دەنگی دەرگا داخستنێک بوو بوو، وای زانیبوو دەرگایماڵەکەی خۆیەتی، چووبووە لای پەنجەرەکەو چاوی بە ئادامز(ئەمە ناوی پیاوەکە بوو) کەوتبوو بە سەر پلەکانەکانی ماڵەکەی خانمی پارکەرەوە. ئەو لەو کاتەدا هاتبووە دەرەوەو دەستکێشی لە دەستدا بوو. چەکوشێکی بەدەستەوە بوو. خانم چاوی لێ بوو کە چەکوشەکەی فڕێ دابووە ناو دەوەنی بەردەم دەرگاکە. بەڵام پێش ئەوەی بڕوا، تەماشایەکی سەرەوە، تەماشایەکی پەنجەرەکەی ئەمی کردبوو. ئەو غەریزە ماڵکاولکەرەی مرۆ ئاگادار دەکاتەوە کە چاودێری کرابێ، رێک خستبوویە بەر تیشکی گڵۆپێکی شەقامەکەو بەر چاوی خانم. چاوی پڕ بوون لە ترسێکی تاوانکارانەو تۆقێنەر، وەک چاوی حەیوانێک دەستت لێ دابێتە قامچی. پاشتر من لەگەڵ خانمی سالمۆن قسەم کرد، کە بێگومان دوای بڕیارە سەرسووڕهێنەرەکەی دادگا، خۆیشی تۆقیبوو. پێم وایە هەموو گەواهەکان هەر وا بوون.

هێنری ماکدۆگەل، کە درەنگێ بە ماشینەکەی لە بینفلیتەوە بۆ ماڵەوە هاتبوو، هێندەی نەمابوو لەسەر سووچەکەی شەقامی نۆرثوود ئادامز بکا بە ژێرەوە. ئادامز بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دەڕۆیشت، دەتگوت گێژ بووە. ئاغای ویلەری پیرەمێرد، کە هاوسێی خانمی پارکەر بوو، لە ژمارەدوانزدە دەژیاو بە هۆی دەنگە دەنگێکەوە- وەک دەنگی کەوتنی کورسییەک- کە لە دیوارە تەنکەکەی ڤیللاکەوە گوێی لێ بوو، بە ئاگا هاتبوو، هەستابوو، رێک وەک خانمی سالمۆن، لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی دەرەوەی کردبوو، ئادامزی لە دواوە چاو پێ کەوتبوو و چاوە دەرپۆقیوەکانی بینیبوو کە لای کردبۆوە. لە شەقامی لاورێلیش شایەتێکی دیکە بینیبووی - شەنسەکەی خراپی هێنابوو؛ هەر وەک ئەوە بوو تاوانەکەی بە رۆژی نیوەڕۆ کردبێ.

پارێزەر گوتی: «من تێ دەگەم، بەرگری پێشنیازی ئەوە دەکات لەوە بکۆڵرێتەوە کە لە ناسینەوەدا هەڵە رووی داوە. ژنەکەی ئادامز دەڵێ سەعات دووی سەر لە بەیانیی چواردەی شوبات، ئادامزی لە لا بووە، بەڵام دوای ئەوەی کە گوێتان لە گەواهەکانی دادگا بوو، و لە سەرو سیمای بەندییەکە وورد بوونەوە، باوەڕ ناکەم هێشتا ئامادە بن بڵێن لەوەیە هەڵە رووی دابێ».

دەتتوانی بڵێی هەموو شت بڕایەوە، هەر مایەوە سەر لە سێدارەدانەکە.

دوای ئەوەی پۆلیسەکە، کە لاشەکەی دۆزیبووەوە، و بژیشکی برینکار، کە تەماشای کردبوو، بەڵگەکانیان خستە روو، خانمی سالمۆن بانگ کرا. بە شێوەی سکۆتی قسەکردنی و رەنگوڕووی نامووسدارانەو بە بەزەیی و ئاگادارانەی، شایەتێکی چاک و لەبار بوو.

پارێزەری دادگا چیرۆکەکەی رێکو پێک گێڕایەوە. خانم زۆر بە دڵنیایی قسەی کرد. نە نیازی زیان و خراپەی هەبوو، نە خۆی بە گەورە دەزانی کە لەوێدا، لە دادگای ناوەندیی لێکۆڵینەوەی تاوان، راوەستا بوو، قازییەکی سوورپۆش گوێی لە قسەکانی دەگرت و نووسەرەکانیش ئەوی لە دەمی دەردەچوو دەیانخستە سەر کاغەز. بەڵێ، وتی پاشان چوومە خوارەوەو تەلەفۆنی پۆلیسخانەکەم کرد.

- ئەو پیاوە لەم دادگایەدا دەبینی؟

خانم راستەو راست چاوی بڕییە کابرا زلەکەی ناو قەفەزەکە، ئەویش بە دوو چاوی توولە سەگ ئاساوە لە خانمی دەڕوانی.

- بەڵێ، خانم گوتی، ئەوە خۆیەتی.

- بە تەواوی دڵنیای؟

سووک و ئاسان وتی: قوربان، باوەڕ مەکە بە هەڵەدا چووبم. شتەکە هەمووی وا ئاسان بوو.

– سوپاست دەکەم، خانمی سالمۆن.

ئەمجارە پارێزەری بەرگری هەستا بۆ سەر لە نوێ لێپرسینەوە. ئەگەر تۆش وەک من لەبارەی گەلێ دادگای کوشتنەوە ریپۆرتاژت نوسیبایە، پێشەکی دەتزانی کام رێگەیە دەگرێتە بەر. ئەوەی بیرم لێ کردبووەوە، تا رادەیەک، راست بوو.

– خانمی سالمۆن، دەبێ ئێستا ئەوە بزانی کە ژیانی مرۆڤێک بە بەڵگەکانی تۆوە بەستراوەتەوە.

– بەڵێ قوربان، دەزانم.

– چاوت باش حوکم دەکا؟

– قوربان، هەرگیز پێویستم بەوە نەبووە چاویلکە لە چاو بکەم.

– تۆ تەمەنت پەنجاو پێنج ساڵە؟

– قوربان، پەنجاو شەش.

– پیاوەکەشت لەوبەری جادەکەوە بینی؟

– بەڵێ، قوربان.

– سەعات دووی بەیانیش بوو. خانمی سالمۆن، دەبێ چاوت زۆر چاک و بە حوکم بن.

– نا، قوربان، مانگەشەو بوو. کە کابراش هەڵیڕوانی، تیشکی گلۆپەکە دەیدا لەدەمو چاوی.

– هیچ گومانیشت لەوە نییە کە ئەو کابرایەی چاوت پێ کەوتبوو هەر ئەمەیە کە بەندە؟ تێ نەگەیشتم بە تەمای چییە. دەبێ لەو وەرامە بەولاوە کە گوێی لێ بوو، چاوەڕوانی چیی دیکە بوو بێ.

– نەخێر قوربان، ئەمە دەموچاوێک نییە کە لە بیر بچێتەوە.

پارێزەر تاوێک بە ناو دادگاکەدا چاوی گێڕا. ئەمجا وتی: «خانمی سالمۆن، دەتوانی، بێزەحمەت، جارێکی دیکە تەماشایەکی خەڵکی ناو دادگاکە بکەی؟ نا، بەندییەکە نا. تۆ، ئاغای ئادامز، زەحمەت نەبێ، هەستە سەر پێ». لەو پشتەوە زەلامێکی کەڵەگەتی بە قەڵافەتی، ران ئەستووری ماسولکەیی، جووتێ چاوی دەرپۆقیوی پێوە بوو، رێک وێنەیەکی کابرای ناو قەفەزەکە بوو. جلەکەشی هەر وەک هی ئەم بوو: قاتێکی تەسکی شین و ملپیچێکی پەڵەپەڵە.

– دە ئەوجا باش بیری لێ بکەوە، خانمی سالمۆن. ئێستاش دەتوانی سوێند بخۆیت ئەو پیاوەی چاوت لێ بوو چەکوشەکەی فڕێ دایە ناو باخچەکەی خانمی پارکەرەوە، بەندییەکەیە، نەک ئەم پیاوە، کە برای جمکانەیەتی!

بێگومان خانم نەیدەتوانی. هەر جارە تەماشای یەکێکیانی دەکردو قسەی لە دەم دەرنەدەهات.

لەم لاوە کابرای زل و زەبەلاح لە ناو قەفەزەکەدا دانیشتبوو، پێی نابووە سەر پێ، ئەوەکەش لەو لاوە، لە ریزی پشتەوەی دادگاکەوە، راوەستابوو، هەر دوویان تەماشای خانمی سالمۆنیان دەکرد. خانم سەری بادەدا.

ئەوەی لەو دەمەدا بینیمان کۆتاییی مەسەلەکە بوو. تاکە شایەتێک نەبوو ئامادە بێت سوێند بخوات ئەوەی بینیویەتی بەندییەکە بووە. ئەی براکەی؟ ئەویش بەڵگەی خۆی هەبوو؛ لای ژنی خۆی بووە.

بەو جۆرە، لەبەر نەبوونی بەڵگە، کابرا بێتاوان دەرچوو. بەڵام ئایا- لەبەر ئەوەی ئەو تاوانەکەی کردبوو، نەک براکەی- سزا درا یا نا، نازانم. رۆژە یەکجار نائاسایییەکە کۆتایییەکی یەکجار نائاساییشی هەبوو. من کەوتمە دووی خانمی سالمۆن و لە دادگا چووینە دەرێ. خۆمان تەپاندە ناو خەڵکە زۆرەکەی کە، بێگومان، چاوەڕوانی دووانەکە بوون. پۆلیس هەوڵی دا ئاپۆڕەی خەڵکەکە بڵاوە پێ بکات، بەڵام هەر ئەوەیان لەدەست هات کە رێگەکە بۆ هات و چۆی ئۆتۆمبیل بکەنەوە.

پاشان بیستم کە ویستبوویان دووانەکە لە دەرگایەکی پشتەوە بەرێ بکەن، بەڵام نەیانتوانیبوو. یەکێکیان- کەس نەیدەزانی کامیان بوو- گوتبووی: «تازە من بێتاوانم، وانییە؟». راست لێیان دابوو لە دەرگای پێشەوە چووبوونە دەرێ. ئەوجا شتەکە رووی‌دا. ئەگەرچی دوو هەنگاو لێوە دوور بووم، نازانم چۆن بوو. خەڵکەکە جمیبوون و بە شێوەیەک یەکێ لە جمکانەکە پاڵ پێوە نرابوو بۆ ناو شەقامەکەو رێک بۆ بەردەم پاسێک.

زیقەیەکی لێوە هات وەک کەروێشک و تەواو بوو. کابرا مردبوو، کەللەی سەری پلیشابووەوە رێک وەک سەری خانمی پارکەر. ئەمە تۆڵەی خودایی بوو؟ خۆزگە دەمزانی. ئادامزەکەی دیکەش لە تەنیشت لاشەکەوە هەستایە سەر پێ و راست چاوی بڕیبووە خانمی سالمۆن. دەگریا. بەڵام ئاخۆ ئەمە بکوژەکە بوو یا بێتاوانەکە، کەس ناتوانێ بزانێ. بەڵام ئەگەر تۆ خانمی سالمۆن بوویتایە، شەوان خەوت لێ دەکەوت؟.

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی □

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd

14



Spring 1992